دەزگای ڕۆژهەڵاتی بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی ٥ الجمهورية ٥
پاریس - ص.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥-٥ خەت

سەرنووسەر : سعاد ادیب‌علی

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

● دووشەممە ٢٩ی کانونی‌دووەم ١٩٧٩ ژمارە ٤٥٩ ●

ئێمە کاروانی شۆڕش لە وڵاتەکاماندا لە ئەرکی نەتەوەیی جوێناکەینەوە ، لەبەرئەوە توانامان تەرخان‌دەکەین بۆ ڕزگاری فەلەستین و سوودی بزوتنەوەی بەرگری .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● الاثنين ٢٩ كانون الثانـــي ١٩٧٩ العدد ٤٥٩ ●

بەڕێز صدام حسین : بەدەستهێنانی ئەنجومەنی ناوەندی نوێنەرانی گەل هەڵبژێردرێ

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕای گەیاند کە سەرکردایەتی بڕیاری داوە دەست بە هەڵبژاردنی گشتی بکرێ بۆ تێکڕای گەلی عیراق ، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی مەرکەزی نوێنەرانی بێتە کایەوە .

سەرۆك البكر : دەبێ سوود لە تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی وەربگیرێ

جێگری بەڕێز ئەم قسانەی‌لە کاتێکدا کرد کە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی یەکێتی گشتی نیقابەکانی کرێکاراندا بەشداربوو کە بەبانی ٥شەممەی ڕابووردوو لە بارەگای یەکێتی بەسترا بۆ لێکۆڵینەوە ئەو ڕاپۆرتەی کە یەکێتی بۆ خولی پانزەهەمینی ئەنجومەنی مەرکەزی یەکێتی ئامادەی کردبوو .

ئەمەش دەقی وتەکەی جێگری بەڕێزە :

سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر دووپاتی کردەوە کە پێویستە سوود لە تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان لەبواری پزیشکی ڕوەکی‌دا ڕووبداوە وەربگیرێ سەرۆکی بەڕێز لەکاتی سەردانیدا بۆ کولێجی مەیتەروانی لە ڕۆژی هەینی ڕابردوودا ئەمەی ڕاگەیاند و وتی باوکو باپیرانی پێشوومان سوودیان لەو دەرمانە ڕوەکیانە دەبینی و بەکاریان دەهێنا بەڵام ئێستا خەوە درێژەی کێشا لە هەمان کاتدا دەبێ جۆرەرێکخستنێك لەنێوان کولێجە زانستەکاندا هەبێ بۆ پێشخستنی ئەو لایەنە گرنگە .

سەرۆکی بەڕێز لەکاتی سەردانیدا بۆ بەشی تایبەتی ڕوەکی پزیشکە میللی‌یەکان کە لەو دوایانەدا لە کۆلێجەکە کراوەتەوە ، لەلایەن کاربەدەستانەوە بەشێوەیەکی دوورودرێژ جۆری ئەو دامو دەرگایە نوختەبەریە تازانەو چونیەتی بەکارهێنانیان و ئەو پێشکەوتنانەی کە لەو بەشەدا کراوە .. لە هەمان کاتدا ئەو ڕەوشەی کە لەو بەشەدا هەیە ، بەبەرچاوی بەڕێز سەرۆکی بەڕێز ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو بەشە بەشێوەیەکی بەردەوام پشتگیری لێکراوە .. لە هەمان کاتدا ئەو پشتگیری‌یە بەهۆی ئەوەی کە لەو بەشەدا بەرهەمی ئەو لایەنە گرنگە کە لەو بەشەدا هەیە ، بەبێ بۆ پێشخستنی ئەو لایەنە گرنگە .

سەرۆکی بەڕێز لەکاتی سەردانیدا بۆ بەشی تایبەتی ڕوەکی پزیشکە میللی‌یەکان کە لەو دوایانەدا لە کۆلێجەکە کراوەتەوە ، لەلایەن کاربەدەستانەوە بەشێوەیەکی دوورودرێژ جۆری ئەو دامو دەرگایە نوختەبەریە تازانەو چونیەتی بەکارهێنانیان و ئەو پێشوازی لێکرا و بەرێ کرا .

بەپێی ئەوەی کە ڕاگەیەنراوە ، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر ئەو ڕەوشەی کە لە بەشەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەیە ، گوێی لێگیرا و بڕیاری پێویست لەسەر درا .

بەپێی ئەوەی کە ڕاگەیەنراوە ، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر ئەو ڕەوشەی کە لە بەشەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەیە ، گوێی لێگیرا و بڕیاری پێویست لەسەر درا .

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆك البکرو بەڕێز صدام حسین

ڕۆژنامە نووسانی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان ستایشی پشتگیری عیراق دەکەن لە هێنکهێنانی سیستەمی نوێی ڕاگەیاندن

ڕۆژنامە نووسانی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان ستایشی هەڵوێستی بەردەوامی عیراقیان کرد کە بێ‌وچان کۆمەڵی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان و ڕۆژنامە نووسەکانی گرتوە بۆ دامەزراندنی بنچینەی‌سیستەمێکی نوێی ڕاگەیاندنی جیهانی عادیلانەو چالاکی واکە لە چەسپاندنی مافی گەلاندا بۆ ژیانێکی ئازادو سەربەرز هاوبەشی بکا .

ئەمە لەو بروسکەیەدا هاتوە کە لە ئەنجامی کۆبایی هاتنی کۆبوونەوەی یەکەمیاندا بۆ سەرۆکی فەرمانده بەڕێز احمد حسن البکرو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێز صدام حسین‌یان ناردووە .

ئەمەش دەقەکەیەتی :

لە کۆتایی کاروبارەکانی کۆبوونەوەی یەکەمی ڕۆژنامە نووسانی دەوڵەتە بێ‌لایەکاندا کە لە بەغدا بەستراوە ، بەوپەڕی شانازی‌یەوە .

تەقدیری چاودێری بەڕێزانەتان بۆ کۆبوونەوەکان دەکەین و بۆ ئەو وانا تێکۆشەرانە گەورانەش کە لەو نامە بەنرخەدا هاتوە کە بۆ کۆنفراسەکە ئاراستەکرابوو بۆ ڕۆژنامە نووسانی جیهان بوو کە لەسەر ڕێبازی پتەوکردنی تێکۆشانێکی ڕەواو عادیلانە بۆ گەلانی دەوڵەتانی بێ‌لایەن و تەواوی گەلان بڕون دژی ئیمپریالیەت و زایۆنی و ڕەگەزپەرستی .

ئەم نامەیە بە بڕوانامەیەکی گرنگی ئەو بڕوانامانەی کە لێکۆڵینەوە زانستی‌یانە کە لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ڕوەکی پزیشکە میللی‌یەکان کردوویانە بۆی باسکرا .

ئەوەی شایانی باسە سەرۆکی بەڕێز لەلایەن بەڕێزان دوکتۆر سلطان عبدالقادر سەرۆکی زانستگای بەغداو بەڕێز هەمیدی کولێجی پزیشکی مەیتەروانی و ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیانی کولێجەلە کە بەڕێانی سەرۆکی بەڕێزو سەرکردایەتی حزب و شورش نیشانیان دەنیشا پێشوازی لێکرلو بەرێ کرا .

کۆنفرانسەکە دادەنێین کە بیروڕای تێکۆشانی مرۆڤانەی جەماوەر دەسەلمێنن .

هەروەها کۆبوونەوەکە پشتگیریی بەردەوامی عیراق بۆ چالاکی‌یەکانی بزوتنەوەی کۆمەڵی دەوڵەتانی بێ‌لایەن و ڕۆژنامە نووسانی ئەو کومەڵە لە دامەزرانی بنچینەی ڕژیمێکی ڕاگەیاندنی نوێی جیهانیدا کە لە چەسپاندنی مافی گەلان لە ژیانێکی سەربەست و سەربەرزدا هاوبەشی بکا ، دەنرخێنێ .

جارێکی تر سوپاس و ڕێزمان بۆ پشتگیریتان دووپات دەکەینەوەو تەواوی پێشکەوتن و گەشانەوە لە ژێر سایەی سەرکردایەتی کارامەتاندا بۆ عیراق دەخوازین .

وەفدە بەشداری کەرەکانی کۆبوونەوەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسانی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان بەغدا ٢١-٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩

ئەوەی شایانی باسە بەشداری‌کەرانی کۆبوونەوەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسانی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان ، بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری ڕاگەیاندن نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراقیان بە سەرۆکی ئەومەکتەبی کاردێکخستنە هەڵبژارد کە بڕیاردرا بۆ بەسەرکردنەوەی جێ‌بەجی‌کردنی ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەکە پێك بهێنرێ .

ئەو مەکتەبە لە قارەی ئاسیا ، عیراق و هیندستان و ئێتنام ، لە ئەفریقا تونس و مەغریب و تۆگۆ و تەنزانیا و لە ئەمەریکای لاتینی کۆبا و گۆیانا و لە ئەوروپاش یۆگۆسلاڤیای ، بە ئەندام تێدان .

بەڕێز صدام حسین چاوی بە وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب دەکەوێ

ئێوارەی شەممەی ڕابوردوو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆشکی ئاشتی چاوی بە وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب کەوت و لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا وەزیرە بەڕێزگان بەخێرهاتنی بەڕێزیان کردو شانازی و خۆشحالی خۆیان بە چاوپێکەوتنی دەربڕی .

لە چاوپێکەوتنەکەدا بیروڕا دەربارەی جۆرەها مەسەلە چارەنووسی‌یەکانی عەرەب باس‌کراو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە گرنگی‌ی دەوری ڕاگەیاندن لە خزمەتکردنی نەتەوەی عەرەبدا دواو باسی مەسەلە ڕەواکانی لە بەردەم ڕای گشتی جیهان کرد . لە پاشاندا جێگری بەڕێز گوێی بۆ باسێك گرت کە وەزیری ڕاگەیاندن بەڕێز سعد قاسم حمودی بە دوێژی دەربارەی ئەو باسانە پێشکەشی کرد کە کۆبوونەوەکەی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب کە شەممەی ڕابوردوو دەستی بە کاروباری خۆی کرد ، کۆنفرانسی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب پێکی‌هێنابوو ، لە خوانەکەدا ژمارەیەك لە ئەندامە بەڕێزەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرە بەڕێزەکانو سەرۆکانی دەستەی دیپلۆماسی‌یەکان لە بەغداو ژمارەیەك لە کاربەدەستانی ڕاگەیاندن ئامادەبوون و لە خوانەکەدا جۆرەها گۆرانی فولکلوری لە لایەن تیپی ئینشادی عیراقی و ژمارەیەك لە گۆرانی بێژانی پیاوو ئافرەت پێشکەش کران .

لە کۆتایی خوانەکەدا جێگری بەڕێز کۆشکی ئاشتی جێهێشت و لە لایەن بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامانی وەفدە بەشداری - کەرەکانی کۆنفرانسی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەبەوە بەوپەڕی گەرمی و ڕێزەوە بەڕێ کرا .

ڕەخنەگرتن لە دیاردە سلبی‌یەکان

ئەو هاوڕێیانەی ئەمڕۆ قسەیان کردو ئەوەی ڕاست و ڕاستەقینە بوو دەریان‌بڕی ، بینیمان کە لە خۆوە دەستیان پێکرد . هەرچەندە کە خۆشیان کرێکارن بەڵام ڕەخنەیان لەو دیاردە سلبی‌یانە گرت کە لەناو کرێکاراندا هەن و بەمە ئەوەیان سەلماند کە ئەوان جۆرە کرێکارێك نین لە چوارچێوەی نیقابەکاریدا بڕوانن دەوری کرێکاران ، بەلکوو ڕۆلەیەکی چاکی گەلن و سەرکردەی بەتوانای گشت گەلن بەگشتی ئەك تەنیا بۆ کرێکاران . ئەوان بەم جۆرە لەگەل بیروباوەڕی حزبەکەیان و لەگەل شۆڕشەکەیاندا گونجاون کەوای دادەنێ هەر مرۆڤێك لە شوێنی شارەزایی خۆیدا هاوولاتی‌یەکی عیراقی‌یەو دەبێ گشت عیراق ببینێ و بەرژەوەندی گشت عیراقی لەبەر چاوبێ و ئاگاداری ئەرکی سەرشان و دەوری نەتەوایەتی عیراقبێ کە لە سنووری زانراوی دەستووری‌یەوە دەپەڕێتەوە بۆ هەموو نەتەوەو بەمە ئەوان بەسەر ئەو باری سەرنجە لەڕێلادەرەداتیمەرین کە دەڵێ ئەنجامی کۆکردنەوەی بەرژەوەندەکان دەکاتە بەرژەوەندی باڵا . ئەوان بەم شێوەیە ئەو تیۆرە ڕاستە دەسەلمێنن کە دەڵێ ئەنجامی بە یەکدا چوونی بەرژەوەندی‌یە ڕەواکان لە چوارچێوەی یەك ئامانجداو لەژێرخێوەتی کارێکی ناوەندیدا بۆ گشت ، ڕێکای هەرە ڕاستە . ڕاستە ئەوەها بڕوانینە بەرژەوەندی جوتیاران کە لە مەسلەحەتی کۆمەڵ دابڕاوبێ ، یا وەها بڕوانینە مەسلەحەتی کرێکاران کە لە مەسلەحەتی کۆمەڵ دابڕاوبێ ، یا وەها بڕوانینە مەسلەحەتی پزیشکەکان کە لە مەسلەحەتی کۆمەڵ دابڕوبێ ، یا وەها بڕوانینە شوێن ئافرەت کە لە شوێنی کۆمەڵ و بزوتنەوەی کۆمەڵ دابڕاو بێ و ئینجا ئەنجامی کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە بکاتە بەرژەوەندی گشتی .

ئەم جۆرە تێڕوانینە لە لادان بەولاوە نیە و ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەم شوێن و مەسلەحەتانە لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی ناوەندی و لە ژێر خێوەتی بەرژەوەندی گەل و نەتەوەدا بە یەکدا بچن کە هەر ئەمەش دەمانگەیەنێتە بەرژەوەندێکی ڕاست و ڕەوان .

هەندێکتان کە قسە دەکەن وای دەردەبڕن کە شۆڕش بۆ کرێکارانە یا شۆڕش شۆڕشی کرێکارانە . ئینجا کە لەگەل جوتیاراندا بەیەك دەگەین ، ئەوانیش بالاکاندا بەدوای کەم و کورتی‌یەکدا بگەڕێین .. کاتێ ناڕێکی‌یەك لە کارگەیەکدا دەبینین ، دەبێ لە شوێنێکی سەروو ئەودا بەدوای کەم و کورتیدا بگەڕێین .. واتە دەبێ لە خۆوە دەست پێبکەین .. سەرکردایەتی باڵا کاتێ ناڕێکی‌یەك لەناو کۆمەڵ و لەناو بیرو باوەڕو کۆمەڵایەتی‌یەکاندا دەبینێ ، دەبێ لە خۆیەوە دەست پێبکا . دەبێ لەخۆی بپرسێ کە مەسئولیەتی بەرامبەر بەو ناڕێکی‌یە چی‌یە . نیقابە کاتێ ناڕێکی‌یەك لە شوێنی کارکردندا دەبینێ لێژنە نیقابی‌یەکە دەبێ لە خۆیەوە دەست پێبکاو لە خۆی بپرسێ کە مەسئولیەتی لەعاستی ئەمەو کەمتەرخەمی‌یەدا چی‌یە ، سا مەسئولیەتەکە لەمو کەمتەرخەمی‌یەدا لە نەکردنی کارێکدابێ یاکردنی کارێك بەشێوەیەکی چەوت و ، ئەمانە هەردووکیان هەر کەمتەرخەمین . وەختێك مەسئولیەت ناگیرێتە ئەستۆ کەمتەرخەمی ڕوودەدا ، وەختێکیش مەسئولیەت بەشێوەیەکی چەوت جێ‌بەجێدەکرێ ئەمیشیان هەر کەمتەرخەمی‌یە .

ئەو هاوڕێیانەی ئەمڕۆ قسەیان کردو ئەوەی ڕاست و ڕاستەقینە بوو دەریان‌بڕی ، بینیمان کە لە خۆوە دەستیان پێکرد . هەرچەندە کە خۆشیان کرێکارن بەڵام ڕەخنەیان لەو دیاردە سلبی‌یانە گرت کە لەناو کرێکاراندا هەن و بەمە ئەوەیان سەلماند کە ئەوان جۆرە کرێکارێك نین لە چوارچێوەی نیقابەکاریدا بڕوانن دەوری کرێکاران ، بەلکوو ڕۆلەیەکی چاکی گەلن و سەرکردەی بەتوانای گشت گەلن بەگشتی ئەك تەنیا بۆ کرێکاران . ئەوان بەم جۆرە لەگەل بیروباوەڕی حزبەکەیان و لەگەل شۆڕشەکەیاندا گونجاون کەوای دادەنێ هەر مرۆڤێك لە شوێنی شارەزایی خۆیدا هاوولاتی‌یەکی عیراقی‌یەو دەبێ گشت عیراق ببینێ و بەرژەوەندی گشت عیراقی لەبەر چاوبێ و ئاگاداری ئەرکی سەرشان و دەوری نەتەوایەتی عیراقبێ کە لە سنووری زانراوی دەستووری‌یەوە دەپەڕێتەوە بۆ هەموو نەتەوەو بەمە ئەوان بەسەر ئەو باری سەرنجە لەڕێلادەرەداتیمەرین کە دەڵێ ئەنجامی کۆکردنەوەی بەرژەوەندەکان دەکاتە بەرژەوەندی باڵا . ئەوان بەم شێوەیە ئەو تیۆرە ڕاستە دەسەلمێنن کە دەڵێ ئەنجامی بە یەکدا چوونی بەرژەوەندی‌یە ڕەواکان لە چوارچێوەی یەك ئامانجداو لەژێرخێوەتی کارێکی ناوەندیدا بۆ گشت ، ڕێکای هەرە ڕاستە . ڕاستە ئەوەها بڕوانینە بەرژەوەندی جوتیاران کە لە مەسلەحەتی کۆمەڵ دابڕاوبێ ، یا وەها بڕوانینە مەسلەحەتی کرێکاران کە لە مەسلەحەتی کۆمەڵ دابڕاوبێ ، یا وەها بڕوانینە مەسلەحەتی پزیشکەکان کە لە مەسلەحەتی کۆمەڵ دابڕوبێ ، یا وەها بڕوانینە شوێن ئافرەت کە لە شوێنی کۆمەڵ و بزوتنەوەی کۆمەڵ دابڕاو بێ و ئینجا ئەنجامی کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە بکاتە بەرژەوەندی گشتی .

ئەم جۆرە تێڕوانینە لە لادان بەولاوە نیە و ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەم شوێن و مەسلەحەتانە لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی ناوەندی و لە ژێر خێوەتی بەرژەوەندی گەل و نەتەوەدا بە یەکدا بچن کە هەر ئەمەش دەمانگەیەنێتە بەرژەوەندێکی ڕاست و ڕەوان .

هەندێکتان کە قسە دەکەن وای دەردەبڕن کە شۆڕش بۆ کرێکارانە یا شۆڕش شۆڕشی کرێکارانە . ئینجا کە لەگەل جوتیاراندا بەیەك دەگەین ، ئەوانیش

بروانە : ل : ٦

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی بەڕێز صدام حسین (پاشماوە)

بەڕێز صدام حسین: مەسەلەی دیموکراتی یەت ڕێگایەکی سەرەکی یەلدگۆڕینی کۆمەڵدا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە



دەڵێن شۆڕش شۆڕشی جوتیارانە . کە سەربازو ئەفسەرەکانیش دەبینین دەڵێن شۆڕش شۆڕشی سوپایەو بۆ هێزە چەکدارەکانە . کە لەگەڵ ئافرەتانیشدا لە یەکێتی ئافرەتانی عیراق یەکتر دەبینین ، دەڵێن شۆڕش بۆ ئافرەتانە .

شۆڕش لە رووی مەبدەئی یەوەو لە جێبەجێکردنی بەکردار بۆ گشت گەلە ، بۆ گەلی عیراقە ، بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی و لە چوارچێوەی باوەڕەکانیدا بەتەنگ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیانەوەن ، ئەوانەی بەفیکرو بەکردار لە گەلید اناکۆنین ، بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەوەدا دژ ناەستێ کە شۆڕش شۆڕشی جوتیاران بێو شۆڕش شۆڕشی هێزە چەکدارەکان بێو ، شۆڕش شۆڕشی ئافرەتان بێو ، شۆڕشی کرێکاران بێ . بگرە کۆششی هەر دەستەو تاقمێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی شۆڕش بداتە پاڵ خۆی بەشێوەیەکی تایبەتکاری ، ئەمە نیشانەی ڕاستو دەرکەوتووی شۆڕشەکەتانە . مەبەستیشم لەمە ئەوەیە کە هەر دەستەو تاقمێکی کۆمەڵایەتی وەختێ ئەو دەسکەوتانە دەژمێرێ کە شۆڕش پێشکەشی ئەوی کردوون ، وای لێدەکەن کە بەشانازی یەوە خۆی بداتە پاڵ شۆڕشو بەشێوەیەکی تایبەتکارو جیاوازی یەکی تایبەتی لە دەستەو تاقمەکانی تر .

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لەم باسەداهەندی بیروڕای گۆمەڵایەتی بخەینەڕوو . کرێکاران کاتێ دەیانەوێ دەست بەسەر شۆڕشدا بگرن لە ڕێی کرداری جیاوازی ئەوان کە شۆڕش هی ئەوانە یا ئەوان سەربەشۆڕشن ، ئەوان ڕاستی یەکی مەوزوعیانە لەم کردارەدا دووپات دەکەنەوە ، چونکە کرێکاران پێش ئەوەی شۆڕش پەیدا ببێ ، میقداری ئەو ستەمە ئابووری یەو ئەو ئازارو برسیەتی یەشی کە بە جیاکاری لەگەڵ دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یەکانداو بە بەیەک گرتنێکی نیسبی لەگەڵ دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یەکانی تردا پێیان دەگەیشت ، لە هی هەموو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یەکانی تر زیاتر بوو ، لە هی هەمووی یان بەتاڵەترو دەرکەوتووتر بوو . جوتیاران کاتێک بەشێوەیەکی تایبەتکاری تر لە دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یەکان خۆیان دەخەنە پاڵ شۆڕشو دەڵێن شۆڕشی شۆڕشی جوتیارانە ، ئەوان دووبارە ڕاستی یەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری پەیوەندداریان بەو بیروباوەڕانە دووپات دەکەنەوە کە پەنجەمان بۆ ڕاکێشانو کە دووبارە بەسەر کرێکارانیشدا دەگونجێ ، چونکە ستەمو ئازاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەو شوێنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی یەی کە جوتیار دەچێتە چوارچێوەیەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یەکانی تردا ، ئەوان زیاتر لە کەسانی ترو لە دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یەکاتی تر لە ئازاردا بوون . ئافرەت کاتێ دەیەوێ خۆی بداتە پاڵ شۆڕش یا بەشێوەیەکی تایبەتکار شۆڕش بەهی خۆی بزانێ ، لەبەر ئەوەیە کە پێشتر لە دوو شوێنەوە ستەم لێکراوبووە . ستەم لێکراو بووە بەوەی کە بەشێکە لە کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی وەك خۆی وەك بەشێك لەئازاردانی تێکڕای کۆمەڵگای عیراق . لە ماڵیشدا ستەم لێکراو بووە . کاتێ شۆڕشیش دێ بۆ ئەوەی وەك بەشێك لە رزگارکردنی تەواوی کۆمەڵ رزگاری بکاو دووبارە لە ماڵیشدا سەربەستی بکا ، بۆ ئەوەیە کە شوێن و پایە کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکەی بگۆڕێ . لەمەوە دەبینێ کە ئەو بڕوبیانوانەی لەبەردەمیدان بەسن وو پاڵی پێوەدەنێن کە حەماسەتی هەڵسێو بڵێ شۆڕش هی ئافرەتە . هەروەها ئەوەی کە پەیوەندیشی بەدەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یەکانی ترەوە هەیە ، بەڵام شتێکی ڕاستە .

شۆڕش هی گشت گەلی عیراقە

ئەی هاوڕێیان ، ئەی برایان ، شۆڕش هی گشت گەلی عیراقە ، هەرچەندە ، بەخشەکان بەشێوەیەکی نیسبی لە نێوان بەخشەشێك و بەخشەشێکی تردا جیابن ، چونکە شۆڕش گشت گەلی عیراقی رزگارکردوەو ئابڕووی پاراستووەو لە عیراقو لە نیشتمانی عەرەبو لە جیهاندا لە شوێن و پایەیەکی سیاسی نوێیدا داناوە . هیچ دەستەو تاقمێکی کۆمەڵایەتی لە هەموو عیراقدا نەماوە ئەوە ئەزانێ کە ئەوەی شۆڕش لە شوێن و پایە پێشکەشی کردوە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و شتی تردا ، لە شوێن و پایەی پێشووی پێشکەوتووترە . بەڵام ئەو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتی یانەی بە حسابێکی نیسبی و بە بەراورد لەنێوان کرێکاران و لەنێوان پزیشکان و لەنێوان جوتیاران و لەنێوان ئەندازیاران و لەنێوان سەربازان و لەنێوان پسپۆڕانی ئابوریدا شۆڕش بەخششی پێداون و ئەوانەی بەحسابی نیسبی زیاتر بەخششیان لە کەسانی تر وەرگرتوە ، لەیەك ساتدا دوو ئەرکیان لە ئەستۆیە ، یەکێکیان ئەرکی کارکردنە لەپێناو شۆڕشەکەیاندا ، چونکە ئەوان وەك بەشێك لەو رزگاربوونە گشتی یەی کە هەموو عیراقی یەکانی پێ لە زوڵمو دواکەوتەیی و چەوسانەوەو ستەمو ئابڕووبردن ئازاد بوون ، ئەرکێکی تریش ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو بەخشش پێدانە زیادەدا دەگونجێ کە لە کەسانی تریان زیاتر دراوەتی بەوەی کە شۆڕش پێشکەشی کردوون بۆ بڕکردنەوەی ئەو بەیوەندیی یە دواکەوتوویەی کە لە ناو کۆمەڵدا باو بوو . کرێکاران ئەرکیان لە کەسانی کە زیاتر لەسەرە لەوەدا کە هەموو ڕۆژێ بیسەلێنن کە ئەوان زیاتر لە کەسانی سوود بەشۆڕش دەگەیەنن و ئیتر مەودای ئەوە نەمێنێ کە بوترێ : شۆڕش بۆ ئەوانە . جوتیارانیش لە سەریانە هەموو ڕۆژێی بەوردی بیسەلێنن کە ئەوان لە بەخششو لە قوربانیداندا بەشێوازو تایبەتکاری یەکی جیا لە دەستەو تاقمەکانی تر کۆمەڵ سوود بەشۆڕش دەگەیەنن ، بۆ ئەوەی یسەلێنن کە شۆڕش بۆ ئەوانە . هەروەها هێزە چەکدارەکانیش کە شۆڕش لەوەتی بەرپابووە چاوەدێری یەکی تایبەتی پێ داون ، دە بێ بەشێوازو بەشێوەو بەشێوەیەکی هەمیشەیی و وردو ڕۆژانەی وا خۆشەویستی و کارکردن پێشکەش بکا کە ئەو تایبەتکاری یەی شۆڕش پێی بەخشیون لە شوێنی ڕاستی خۆی جایە . ئینجادوای ئەمە ئەو قسەیەی کە دەڵێ شۆڕش هی هەموو گەلە ڕاست دەردەچێو شۆڕش هی هەموو دەستەوتاقمێکی گەل دەبێو هەر یەکە بەجیاو بەبێی ئەو بیروڕایانە دووبارە ڕاست دەردەچێ .

بێش ماوەیەك لە بەیەك گەیشتنێکماندا لەگەڵ ئەو برایانەی کە لە کەرتی چنین‌دا (هەندێ ئیشکەرانی کەرتی چنین) لە کاظمیە ئیش دەکەن ، پێمان وتن ، سەرکردایەتی دوای ماوەیەکی درێژ لە گفتوگۆ کردنو لێکۆڵینەوە ، ئێستا دیراسەیەکی دەخرێتە بەردەم کە دەربارەی بەڕێوەبەریەتی دیموکراتیانەیە لە ناو دەوڵەتدا تەواو کراوەو ئەم دیراسەیەش تائێستا لە خشتەی کارەکانی سەرکردایەتی دایەو کاتێ سەرکردایەتی لێی دەبێتەوەو دواکەوتنیشی بەهۆی خەریك بوونی سەرکردایەتی یەوەیە بە کاروباری تری زانراو کە لەپێش هەموویانەوە ، پەیوەندیی نوێی نێوان عیراقو سوریایە .

دیموکراتیەت بڕیارێکی مەبدەئی یە

. مەبەس لە دیموکراتیەت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا ، ئەی هاوڕێیان ئەوە نیە لەمرێگای ئەوەوە تەنها بە چەندەکی و چۆنەکی بەرهەم چاك بکرێ ، بەزیاتر کردنی تێکڕایی بەرهەمەکەو چاك کردنی جۆرەکەی یاخود تەنها بەزیادکردنی بەرهەمو چاك کردنی جۆرەکەی . بەڵکوو بڕیارێکی مەبدەئی مەزنو گەورەیەو لە بنەڕەتەوە لە مەبدەئیەتی شۆڕشەوە هەنگاو هەڵدێنێو بەشێوەیەکی بەتەنگەوەبوو یەکێ لە ئامانجە سەرەکی یەکان دەردەبڕێو کردارێکە بۆ ڕاست کردنەوەی شوێنی مرۆڤی ئیشکەر لە دەزگاکانی دەوڵەتداو بۆ بەرزکردنەوەی بۆ شوێنێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تایبەت ئابوورییش ، هەروەها بۆ ئەوەی مەسئولیەتیش بەپێی شێوازە زنجیرەیی یەکەی کۆتایی پێ بێ کە هەر بەڕێوەبەری گشتی یاخود سەرەك دەزگاو دایەرە تەنها هەر خۆی مەسئولی بەڕێوەبردنی کرداری بەرهەمهێنانەو ئیتر مەسئولیەت بەو پەڕی فرەوانی دابەش بکرێ .

ئەمەش دەبێتە مایەی ئامادەکردنی باری مەوزوعی و دروست بۆ هەڵبژاردنی توانای ڕاستبەو دۆزینەوەی ئەو ڕۆڵانەی گەل کە تیایاندا لێهاتوویی ئەوتۆ هەیە کە بەبێ ڕەفتارکردنو دەسەڵاتداریەتی بەرینی وەکوو ئەمە دەرناکەون . لە هەمان کاتدا لابردنی قەپاغ بۆ دۆزینەوەی شوێنی کەمو کورتی بەگوێرەی بنەڕەتی مەوزوعی و ڕاست . بەم جۆرە لێهاتوو هەرچۆنێك بێ لە بزوتنەوەی دەوڵەتدا بەرەو وەرگرتنی شوێن دەچێ ، ئەك لەسەر ئەساسی شەهادە .. شەهادە بۆ ئەو شتێکی ترە کە دەخرێتە سەرهەندێ کرداری تر کە پێویستە بۆ پێشکەوتن تێیدا هەبن . بەڵام ئەوەی کە شەهادەی نیەو لە خاوەن شەهادەکان زاناترە ئەوا ئەو شایانی هەموو ڕێزلێگرتنێکە بۆ پێشکەوتن بەسەر خاوەن شەهادەکاندا .

شۆڕش و بەڕێوەبردن

شۆڕشەکەتان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵدا ، لەو بنەڕەتەوە سەیری بەڕێوەبردنی ناکا کەوا تەنها مافی تاقمێکی هەڵبژێراوە .... بەڵکو لەوەوە کەمافی جەماوەرو بەرینترین جەماوەرە لەسەر هەندێ ڕێوشوێنی زانراو ... بەکارهێنانی دیموکراتیەت .. بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیانە لە دەوڵەتدا ، هەموو ئیشکەران دەخاتە شوێنێکی تازە کەتێیدا دەتوانن ئیسپاتی کەن کەوا لەجێگەیەکی ترەوە لەباریاندا هەیەو ئەو هۆیەیان بۆ دابین دەکا ، کە لێوەی بتوانن بەرەو پێشەوە بچن .

هەروەها لە جێگەیەکی نوێوە .... و بەڕێوەبەرایەتی دیوکراتیانەش دەتوانێ بیروکراسیەتو نەخۆشیەکانی چارەسەر بکا و کۆتایی یان پێ بهێنێو کۆتایی بەرەنگدانەوەکانی بیروکراسیەت بهێنێ لە باری چینایەتی یەوە لە سایشتدانی مرۆڤەوە ، چونکە بیروکراسیەت نەخۆشی کۆمەڵایەتی هەیە سەرەڕای ئەو کۆسپە ئیداریانەی کە دروستی دەکا ، دەبێتە مایەی کورت هێنانیش لەسایشتی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ لەنێوان ژێردەستو ژووردەستدا .

ئەم جۆرە کارەگەورانە ، هاوڕێیان پێویستیان بە هەوڵێکی گەورەوە هەیە کە ئێوە بیدەن ... پێویستیان بە هەوڵێکی گەورەو بەردەوام هەیە ، پێویستی بە دلسۆزیەکی بەردەوام هەیە کە هەموو ڕۆژێك و بە شێوەیەکی بەرفراوان هەموو کەسێك سوودی لێ وەربگرێ وەکو ڕەنگدانەوەی هوشیاری و تواناتان بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە مافە .

چونکە ئابێ داوای ماف لە شۆڕش بکەیت بێ ئەوەی ئەرکەکانی خۆتی بە گوێرەی بیروڕاکانی خۆی پێشکەش بکەی ... بەڕێوەبەری گەورەترو گەورەتر دەبێتەوە کاتێك دەزانین کەوا سەرکردایەتی بڕیاری لەسەر دەستکردن بە هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەموو گەلی عیراق داوەبەرەو دروستبوونی ئەنجومەنی ناوەندی نوێنەرانی گەل کە دەبێتە یەکێك لە دەزگا دەستوورییەکانی نوێنەرایەتی بۆ بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی دروستکردنی بڕیاروو بنیاتنانی دەوڵەتو کۆمەڵدا .

سەرکردایەتی بۆی دەرکەوت کە ئێستا وەزع لە ڕووی ئەو پلەی هوشیاریەوە کە گەل پێی گەیشتوە بۆ بەکارهێنانی ئەم مافە بێهیچ لەنگیەکو لە ڕووی دروست بوونی پێویستیەکانی ترەوە لەبارە بۆ بەکارهێنانی .

سەرکردایەتی لە هەشت مانگ لەمەوبەرەوە هەندێ لە هاوڕێیانی سەرکردایەتی قوتری ڕاسپاردوە کە لێکۆڵینەوەیەك بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکەنو ئەم لێکۆڵینەوەیە ئێستا خەریکی تەواو بوونەو خەریکە پێشکەش بە سەرکردایەتی دەکرێ بۆ باس کردنی و پاش ئەوە دەبێ بەیاسایەکی گشتی و سەرکردایەتی پاش ئەوە ئەو ماوەیە دیاری دەکا کە بۆ دەست کردن بەکار ، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل بە شێوەیەکی دیموکراتیانەی ڕاست نەك بەهیچ شێوەیەکی تر .

ماف و فرمان

یەکێك لەو هۆیانەی کەتائێستا بەری لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل لە ئەنجومەنێکی نواندنی ناوەندی‌دا دەگرت و لەجیاتی ئەو شێوەی تەواو بەکارهێنانی دیموکراتیەت دەدرابە بەر ، ئارەزووی ڕاستی سەرکردایەتی بوو لەوەدا کە ئەم ڕەفتارکردنە ڕەفتار کردنێکی ڕاستبێ ، بێ هەوڵدان بۆ گەمکردنەوەی کێشی ڕەفتارکردنی دیموکراتیانەی ڕاست بەو جۆرەی کە گەلی عیراق هەڵی دەبژێرێ .

ئەمە ، هاوڕێیان ، مافێك نیە کە تەنها شانازی پێوە بکەین ، بەڵکو بارێکی گرانە لە سەر شانی ئێوەو لە سەرشانی هەموو لایەکمان ، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیانەتان بەکارهێناو لە هۆشیاری‌دا ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن گەلانی وڵاتانی جیهانی سێیەم ناتوانن دیموکراتیانە ڕەفتاریکەن ، دەرفەتی هەڵگەڕانەوە پێك دێنن .

ئەگەر لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەلدا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ناوەندی گەل ڕەفتاری دیموکراتیانەتان بەکار نەهێنا ، ئەوا بۆ ئەو کەسانەی کە دەڵێن گەلانی جیهانی سێیەم ناتوانن بە شێوەی ڕاستەو دروست نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و ناتوانن دیموکراتیەت بەشێوەی ڕاستی خۆی بەکاربێنن دەرفەتی باش پێك دێنن . باوەڕیش ناکەم ئێوە تەنسیری ئەمە لەسەر ڕێڕەوی شۆڕش لەوڵاتەدا نەزانن ، لەبەر ئەمە ، برایان ، بەڕێوەبەرایەتی عیراقیەکان بەگشتی و لەم جۆرە وەزعانەدا گەلێك لەجاران زیاتر بووە . عراقی ، بۆ ئەوەی هوشیاری دروست بکا بەوەی کە تواناو ئیدراکی لەجاران زیاترە ، تابتوانێ مافی خۆی بزانێو ئەو فرمانەش بزانێ کە لە ئاکامی ئەم مافەدا دەکەوێتە ئەستۆی لەبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی دەوڵەتداو لە هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی ئازادی نوێنەرانی گەلدا لە ئەنجومەنی بەرزی ناوەندی‌دا ڕابەڕاندن‌دا ، تا بۆ هەموو جیهان بیسەلێنن کەوا لەم جێگایەدا تاقیکردنەوەیەکی نوێ دروست دەکرێ کە نەك بەقسە ، بەڵکو بەکردار ئاوێنەی ڕاستەقینەو ڕۆژانەی ئیرادەوسوودو قازانجی گەلەو بە شێوەیەکی ڕاستەو ڕۆژانە ئاوێنەی ئامانج و قازانجەکانی نەتەوەیەو بەو جۆرە ئەم پشتەی ئێوە دەتوانێ ئاو بنێ ئەوەی تێکۆشەران چونکە ئەم پشتە ڕێو شوێنی داب و ڕوسم دادەڕێژی نەك هی یاسا . داب و ڕوسمی نوێی پوختە ، کە دەشێ لە ڕاستیو لە کاریگەریدا وێنەی لە هەموو جیهاندا نەبێ ، یان بێ وێنەبێ لە چوارچێوەیەکدا کە بەتەواوی بەرین نەبێ بە تایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم .

لەبەر ئەمە ، لەم وەزعە دروستەدا کە خۆتان چارەنووسی خۆتان دیاری دەکەن ، هەر چەندتین بێنن سەرخۆتان دەگاتە پلەی ڕەفکاری لە ڕەخنەگیری لەو هەڵانەی کە ئێوە دەیان‌کەن ، یان ئێمە لەم جۆرە وەزعە سازەدا دەیان‌کەین .

بەرەخنەگرتن ، شۆڕشگێڕان چەك لەدەستی دوژمنان دەستێنن

هیچ مەترسیەك لە ڕەخنەگرتندا نیە ، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە کاتێك کە شۆڕشگێڕان ڕەخنە دەگرن ، خۆیان ڕەخنە لە خۆیان دەگرن ، بەوە چەك لەدەستی دوژمن و نەیاران دەردەکەن تا ڕەخنەگرتن بکەنە ڕێگەیەك بۆ دەنگ‌دان و هۆیەکی ناوەندی پێویست بۆ بنیات‌نانی کۆمەڵی نوێ .

سەرەڕای ئەو هەموو دباریکەری پێشکەوتنەی کە باستان کردن و مایەی شادین ، دەبێ بڵێم کە کرێکاران لەم مەبدانەدا ، وەکو جوتیاران لە مەیدانێکی تردا ، هێشتا نەگەیشتونەتە ئەوەی کە دەبی بیگەنێ لە دەربڕینی ڕۆژانەی هوشیاری بە هەندی کرداری عەمەلی کە دەبنە مایەی بەدی‌هێنانی چالاکیان لە زیادکردنی بەرهەمو دلسۆزیدا بۆ قازانجی کۆمەڵ .

ئێوە بە تەنگی کۆمەڵەوەن و ئامادەن هەر یەکەتان ، یان هەریەکێك لەوانی ترتان کە لەم هۆڵەدا ئامادەنیە ، بەشەرەفەوە لە پێناوی داکۆکردن لە نەتەوەو گەلدا بمرن ، ئێمە لەمە دڵنیاین ، بەڵام هەموو کرێکارێك بەخەمی ئەوەوە نیە لە کاری ڕۆژانەیدا لەو سەعاتانەدا دانراوە ، کارێکی ڕاستی دلسۆزانە لەو هەشت سەعاتەدا بکات کە دانراوە ، هەموو کرێکاران ئەو هاتین ، ئەو کەسەی کە لەو سەعاتانەدا کە دانراون کاری تەواوو ڕاست ناکەن ، دژی شۆڕشن ئەگەرلە دڵیشدا وانەبن .

چونکە ئەو کاتە دەرفەت بۆ هێزەکانی دژ بە شۆڕش پێك‌دێنن ، کە ئەم جۆرە کارە خراپە بکەن بە بەڵکە بۆ ڕاستی‌ی مەنتیقی خۆیان و چەوتی‌ی مەنتیق و سایشتی شۆڕش .

هاوڕێیان ، ڕاسترەوان وەکو هەمیشە ، هەوڵ دەدا لەناو بیرو باوەڕتان هێرشتان بێنێتە سەر نەك لە دەرەوەی بیروباوەڕەوە ..

کە یەکێتی بەدی نەهێنن هێرشتان دێنێتە سەرو دەڵێ ئێوە لە بەدی‌هێنانی یەکێتی‌دا سەرنەکەوتن ، هەروەها ئەوکاتەش هێرشتان دێنێتە سەر کە ناتوانن یەکێتی لەسەر بنەڕەتی وردو بە شێوەی ڕاستی بێننەدی تا ئەوکاتە بڵێ ئێوە یەکێتی‌تان لەسەر بنەڕەتی هەڵە دروست‌کرد .

لەوانەشە ، سپێرەکانی خۆی لەگەڵ هەندێ سپێردا ، تێکەڵ بکا کە بە سەرپۆشی چەپەڕەوی دابۆشراوە ، بۆ هێرش هێنانە سەرتان کاتێك کە سوشیالیزم ناهێننەدی .

ئەوکاتەش لە سوشیالیزمدا نەخۆشی وەکو ئەو نەخۆشیانە دەردەکەون کە باسمان کردن ، هێرشتان دێنێتە سەر ، ئەوکاتەی کە دیموکراتیەت بەدی ناهێنن ، هێرشتان دێنێتە سەر تا بڵێ دیموکراتیەتی لیبرالی لە سەر شێوەی ڕۆژئاوا تەنها شێوەیەکە بتوانرێ لە هەموو جیهاندا بڵاوبکرێتەوەو هۆی ئەوەی ئەوەی نەتان توانی دیموکراتیەت بێننەدی ئەوەیە ئێوە لیبرالی نین ، هەروەها کاتێك دیموکراتیەت بەکار دێنن و ، بەباشی پێویستیەکانی پێشکەش ناکەن ، هێرشتان دێنێتە سەرو دەڵێ ئەم دیموکراتیەتە دروستنیە وگەلانی وڵاتانی جیهانی سێیەم هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی بنوانێ دیموکراتیەت بەدی‌بهێنێ یان ڕەفتاری پێ‌بکا .

هەندێ وێنەتان لە واقیعی عەمەلیەوە بۆ دێنمەوە ، هەر یەکێکتان گەر بچێ بۆ مەیدانی چالاکی تایبەتی‌و ئەو کرێکارانە ببینێ کە لە بیناکاریدا کار دەکەن ، بۆی دەردەکەوێ کە هەڵەو چەوتیەکانیان لەم مەیدانەدا چەندێکە ، بۆی دەردەکەوێ ئەو کرێکارەی کە لە باری عەمەلیەوە پێویستە هەشت سەعات کار بکا ، هەندێکیان چوار سەعات کارناکەن .

تەنانەت لە کەرتی تایبەتیشدا ، ئەو کرێکارەی کە لە هەموو ئەوکاتەدا کار دەکا کە بۆی دانراوە ، بێ ڕەچاوکردنی سروشتی ئەو عەقدەی کە لە بەینیاندایە ، چ لە کەرتی تایبەتی یان لە کەرتی سوشیالیستدا ، ئەو کرێکارەی کار ناکاو ئەو فەرمانبەرەی کار ناکا وئەو عیراقیەی کە لە تەواوی ئەو کاتەدا کەبۆی دانراوە بەهەموو ئەو وردیەوە کە هەیەتی‌و دەتوانێ بیخاتە کار کار ناکا ، دژی شۆڕشە ، دژی کۆمەڵە ، دژی گەلە ، دژی‌خۆیەتی‌چونکە زیان بە شۆڕش دەگەیەنێ ولەسەر ئەمە زیان بەمنداڵەکانی‌و بە خۆی‌و بە دوا ڕۆژی خۆی ، بەژبانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی خۆی دەگەیەنێ .

چالاکی تایبەتی لە کۆمەڵگای سوشیالیستدا

چالاکی تایبەتی لە کۆمەڵگای سوشیالیستدا بەشێکە لە شۆڕشی نەتەوەیی‌و زیان گەیاندن پێی زیان‌گەیاندنە بە سامانی نەتەوەیی .

لەبەر ئەو ، هاوڕێیان پێویستە دلسۆزی لەکاردا نەك تەنها لە کەرتی سوشیالیستدا وردبێ ، بەڵکو دەبێ لە کەرتی تایبەتیشدا هەروابێ . بۆچی ؟ چونکە ڕاستی کارکردن لە کەرتی تایبەتی‌دا ، بە هەمان

بروانە : ل : ٧

Institutkurdde Paris

وەرام بۆرەخنەکەی کاك عمر مارف بەرزنجی

حسین عارف

ـ بەشی دووەم ـ

٤ ـ رەخنەگر لە ل (٣٨ تا ٤٠)دا هەشت هەڵەی بیبلۆگرافیایی لە سەر تۆمار کردووم کە تیایاندا هەیە هەر بۆ زیادکردنی ژمارەکەیە وەك ئەوەی چیرۆکێکی محمد رسول هاوارناوی (حەسەنۆك) نی‌یە بەڵکو (حسنۆك)ە، یا (منیش هەزار بووم)ی أ.ب.هەوری کە لە دوو شوێندا بە راستی نووسراوەو لە شوێنێکدا بووە بە (منیش حەمال بووم) ، یا چیرۆکەکەی مارف بەرزنجی ناوی (نامەی سەر سنوور)ە نەك (نامەیەك لە سەرسنوورەوە) ، ئینجا تیایاندا هەیە کە راستن‌و وەختێ گەڕامەوە سەر خۆڵاسەی چیرۆکەکان کە وەختی خۆی لە کاتی خوێندنەوەیاندا وەرم‌گرتوون ، بۆم دەرکەوت کە لە کاتی نەقڵ‌کردنی ژمارەکاندا بۆ پەراوێزەکانی دوانووسینەوە تیایاندا تووشی غەفڵەت بووم . دواجار کە لێرەدا ئەمەیانم لامەبەستە ، تیایاندا هەیە کە حەقیقەتێك لە کایەدایەو رەخنەگر چاك لێی‌ئاگادارەو بەڵام هەر بۆ زیادکردنی ژمارەی هەڵەکان لە لای خوێنەر ، لە خۆی حەشاردراوەو پشت گەوێی خستوە ، ئەویش رووداوی دوو هەڵەی چاپەو بە زەقی دیارن‌و بە هیچ کلۆجێ جێگەی گومان لێکردن نین . بەکەمیان لە پەراوێزەکانی ل (١.٥)دا کە ژمارە (٢٧)یان لە کاتی لەچاپداندا پەڕیوەو شوێنەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە . ئینجا نووسینەکەشی چۆتە بال پەراوێزی ژمارە (٢٨)ەوەو ئەوە بۆتە هۆی رووداوی دوو هەڵەی بیبلۆگرافیایی کە دەربارەی چیرۆکی (بەسەرهاتی‌کێتر)ی کاکەمەم بۆتانی‌و (ئەنجامی کۆچ فرۆشی)ی رۆوف بێکەردن . دووەمیان لە ل (١.٦)دا کە بریتی‌یە لە دووپات‌بوونەوەی ژمارە (٣٠) بۆ دوو پەراوێزی جیا لەبەکتر کە ئەویش بۆتە هۆی رووداوی دوو هەڵەی تری بیبلۆگرافیایی کە دەربارەی چیرۆکی (نامەیەك بۆ بەندیخانە)ی محمد مولود ـ مەم ـ و (مەلا مەجید)ی ساجد ناوارەن . جا بۆ زیاتر روونکردنەوەی لە لای خوێنەر وا بە هەردوو باری چەوت‌و راستدا پەراوێزەکان دەخەمە پێش چاو :

بە باری چەوتدا وەك لە کتێبەکەدایە :

(٢٦) زین ـ ژمارە (١١١٠، ١١١١) ساڵی‌ی ١٩٥٢ .

٠٠٠٠٠ | ٠٠ (جێگەی ژمارە ـ ٢٧ ـ ٥و بە تاڵە ٠٠٠]

(٢٨) هەتاو ـ ژمارە (٨٧) ساڵی ١٩٥٧ .

(٢٩) گوفاری هەتاو ـ ژمارە (١٣٢) ساڵی ١٩٥٨ .

(٣٠) گوفاری هیوا ـ ژمارە (٥) ساڵی ١٩٥٩ .

(٣٠) گوفاری بڵیسە ـ ژمارە (٥) ساڵی ١٩٥٩ .

(بە باری راستدا کە لە دەسنووسەکەدایە :

(٢٦) ٠٠٠ (وەك خۆی)

(٢٧) هەتاو ـ ژمارە (٨٧) ساڵی ١٩٥٧ (چیرۆکەکەی کاکەمەم) .

(٢٨) گوفاری هەتاو ـ ژمارە (١٣٢) ساڵی ١٩٥٨ (چیرۆکەکەی رۆوف) .

(٢٩) گوفاری هیوا ـ ژمارە (١١ ، ١٢) ساڵی (٢) (چیرۆکەکەی مەم) .

(٣٠) گوفاری بڵیسە ـ ژمارە (٥) ساڵی ١٩٥٩ (چیرۆکەکەی ساجد) .

٥ ـ رەخنەگر لە ل (٤٠)دا نووسیویە :

[لە ل (١٢٨)دا بە تەواوی خۆی لە جیهانی رۆشنبیری وێل‌کردوەو ئەڵێ ـ مەبەستی منە ـح٠ع ـ زۆر گەرام بۆم ساغ‌نەبووەوە کە (ژیل) کێ‌یە . بەڵام وابزانم ئەوەی چوار لاپەڕەی چاپەمەنی‌یەکانی پێشووی هەڵدابێتەوە ئەزانێ کە (محمد صالح دیلان) ٥] .

زۆر چاکە .. وا من لە بەر ئەوەی کە نەزانی بوو (ژیل) کی‌یە ، ئیسبات بوو کە تەنانەت (چوار لاپەڕەی چاپەمەنی‌یەکانی پێشوو) م هەڵنەداوەتەوە . بەڵام منیش لە لای خۆمەوە لە کاکی رەخنەگر دەپرسم : ئایا (دڵسۆز)ناو کە من لە لاپەڕە (٨٠ ، ٨١)ی کتێبەکەمدا باسم کردوە ، کێ‌یە ؟! . ئەگەر لە وەرامدا دەڵێیت : ئەزانم‌و طاهر احمد حەوێزی‌یە ، ئەوا سەرلەنوێ دەپرسم : ئەی چ عەجەب لە لاپەڕە (٢٧)ی نامێلکەکەتدا خۆشت سێ جار ناوت بردوەو هەر بە (دڵسۆز)یش ناوت بردوە ؟! . بەڵێ .. ئەگەر دەتزانی چ عەجەب ئەو گاڵتەو قەشمەری‌یەی دوای ئەوە بە سیانزە لاپەڕە لە سەر نەزانینی ناوی (ژیل) پێت کردووم ، لەوێدا لە سەر ناوی دڵسۆزو لە سەر هەموو ناوە نهێنی‌یەکانی تریش پێت نەکردووم ؟! . ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تۆش لە ناو هەموو ئەو ناوانەدا ، ناوی (ژیل)ت پێدەزانی‌و ئەو فرسەتەت لە سەر هێنا ؟ ! . ئەك هەر ئەوەندە ، بەڵکوو وا من لێرەدا هەر بۆ نموونە ئەم ناوانەت دەدەمێ‌و بەڵام بە پەلەو لە دڵی خۆتدا وەرام‌بدەرەوە کە کێن :

١ ـ کچە کورد ـ دیاری بۆ نازدار ـ ژین ـ ١.٥٣ ، ١٠٥٥ ـ حوزەیران ـ ١٩٥١.

٢ ـ لاو ـ راکردن ـ ژین ـ ١٦٦٢ ـ ١ـ٢ـ١٩٦٢ .

٣ ـ نزار ـ لێ‌قەوماوێك ـ ژین ـ ١٤٩٧ ، ١٤٩٨ ـ ١٩٥٩ .

٤ ـ زەوەری ـ کارەسات‌و تۆڵە ـ راپەڕین ـ ١٦٤ ـ ١٤ك١ ـ ١٩٦٧ .

٥ ـ سامال ـ بۆز بە لەڕی ـ برایی ـ ١٢ ـ ٥ـ٨ـ ١٩٦٧ .

وەکی تر ، من پێشتر بڵاوکردنەوەی کتێبەکەم ، لە بەکێ لە ژمارەکانی رۆژنامەی (هاوکاری)دا ، بە لیستەیەك هەموو ئەو ناوە نهێنی‌یانەم بڵاوکردەوەو تکام لە خاوەنەکانیان‌و لە هەموو ئەو زاتانە کرد کە پێدەزانن کێن ، لە تاوە ئاشکراکانیان ناگادارم بکەن .

باوەڕیشم وایە کە رەخنەگر بەر لە هەر کەسێکی‌تر بانگەوازەکە سەرنجی راکێشاوە ، کەچی ئەوێك کە بە پێی ئەو گاڵتەو قەشمەری‌یەی لە سەر نەزانینی ناوی ژیل پێی‌کردووم دەبێ هەموویانی پێزانی‌بێ‌و هیچ بارپدەیەکیشی نەدام ! ! . بۆچی ؟!٠ حال لە دوو فەقەرە بەدەر نی‌یە : یا ئەوەتا هەر هێندەی منی دەربارە دەزانی ، یا دەبێ لە بەخشینی مەعریفەتی خۆیدا بە خەڵکی‌زۆر بەخێل بێ ! ، کە ئەمەش لە هیچ دەورو زەمانێکدا بە سیفەتێکی بەسەند دانەنراوە .

٦ ـ رەخنەگر لە (٣٣)دا دەربارەی چیرۆکەکانی ساڵانی یەنجاکانی خۆم ، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی دروست واباس دەکا کە گوایە من بۆ حەشاردانی کەم‌وکووڕی ـ یەکانیان لە لێکۆڵینەوەکەمدا لێیان نەدەواوم . بەڵام لە راستیدا وەها نی‌یەو من لە باس‌نەکردنی خۆم قەت ئەمەم مەبەس نەبووە . چونکە ئەوانەی لە نزیکەوە دەمناسن باش لەوە ئاگادارن کە هەر کات باس هاتبێتە سەر ئەو بەرهەمانەم ، بە تایبەتی ئەوانەی ئەو ناوی بردوون ، قەت لە رووی هونەری‌یەوە بە کۆك‌و سەرکەوتوو باسم نەکردوون . جگە لەمە هەڵوێست‌و بیروڕاو کۆششم لەم ساڵانی دوایی‌یەدا سەبارەت بە هونەری چیرۆك‌نووسین بە گشتی‌و چیرۆکی کوردی بە تایبەتی ، بەڵگەیەکی ئاشکراو لەروون بۆ ئەوەی وتم . کەوابێ هۆی باس‌نەکردنی ئەو چیرۆکانەی خۆم ئەوە نی‌یە کە دەیڵێ ، بەڵکوو ئەوەیە کە نەمدەویست خۆم بێم وەك رەخنەگر باسی‌خۆم بکەم‌و وازم‌لێ‌هێنان بۆ یەکێکی وەکوو کاك عمر بێت‌و دەربارەیان بڵێ :

(کاك حوسێن بۆ ناوی چیرۆکە سادەکانی خۆی نابات کەلە ریزی پێشەوەی ئەو بابەتەن کە تەواو تووشی ئەم پەتایە ـ پەتای ریپۆرتاژنووسی ـ ح٠ع ـ بوون‌و تێکڕا دروشمی خۆنیشاندانەکانە ل (٣٣) .

بەڵێ .. ئەگەر باوەڕم وابووایە کە (تێکڕا) وەهان‌و تەنیا هێندەیان لە سەر بوترێ بەسە ، ئەوا کارەکە ئاستان دەبوو ، و ئەمەم لە سەر خۆم دەوت . بەڵام ئایا هەر هیچ نەبێ لە سەر (چای‌شیرین)یش هەروەهام بوتایە ؟! .

لە لایەکی‌ترەوە رەخنەگر بۆ تەواو سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی ئەو نووسینەم دەکا بە بەڵگە کە دەربارەی شێوەکانی تەکنێك لە چیرۆکی ساڵانی دوای (١٩٧٠)دا لە ژمارە (٦٣)ی ساڵی ١٩٧٧ی (رۆشنبیری نوێ)دا بڵاوکردۆتەوەو دەڵێ :

[ئەگینا نووسەر ئەوەندە بێ‌فیز نی‌یەو بۆ هەر هەمان نووسەر لە باسی تەکنیکی چیرۆکەکانی ساڵانی دوای حەفتادا باسێکی درێژەو لە بەر ناوی خۆی‌و لێکدانەوەی چیرۆکەکانی بواری کەم کەسی تری داوەو زیاتر لە (١٠) جار خۆی بەسەرکردۆتەوەو لە زۆر شوێندا شی‌کردنەوەی چیرۆکەکانی لاپەڕێیکی گرتووە ٠٠ ل ـ ٣٤]

جاری دەبێ سەرلەنوێ‌ـ ئیشارەت بە مەسەلەی ئەمانەت بدەمەوەو بڵێم : یەکەم زیاتر لە (١٠) جار نی‌یەو تەنیا (٥) جارە . دووەم: مەسەلە شی‌کردنەوەی چیرۆکەکان‌و لێکدانەوەبان نی‌یەو وەرگرتنی پەرەگرافە لە دەقەکانیان . سێهەم : ئەوەی دەڵێ لە زۆر شوێندا ، زۆر شوێن نی‌یەو یەك شوێنە. چوارەم : لەو یەك شوێنەشدا لاپەڕەیەك نی‌یەو سێ‌یەکی لاپەڕەیەکە . پێنجەم : لە گەل خۆمدا بۆ ناوهێنان بواری (٣٣) کەسی ترم داوە . شەشەم : ئەوە گوفارەکەو ئەوە نووسینەکەو با کاك عمر خۆی بەپەنجەو بە راستە حسابیان بکا ٠

ئینجا دەمێنێتە سەر ئەوەی کە ئەوی تۆزێ بە ئینسافەوە ئەو نووسینە بخوێنێتەوە ، بە ئاسانی بۆی روون‌دەبێتەوە کە ئەك تەنیا دەربارەی ئەو نموونانەی لە چیرۆکەکانی خۆمم هێناونەتەوە ، بەڵکوو لە سەر هیچ کام لە سەرجەمی چیرۆکەکان کە بە درێژایی نووسینەکە ناوم بردوون ، بە هیچ کاڵچێ حوکمم نە بە چاك‌و نە بە خراپ بە سەردا نەداون. واتە نووسینەکە لە بنەڕەتەوە بۆ رەخنەلێگرتن‌و لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکان نەبووەو بەوە خۆم لە حاڵەتێکی چیاوازدا دی لە چاو لێکۆڵینەوەی ناو کتێبەکەداو لام زەحمەت نەبوو بنووسم : نموونە بۆ فلانە شێوەی تەکنێك فلانە چیرۆکی فلانە چیرۆك نووسەو نموونەش بۆ ٠٠٠٠٠ فلانە چیرۆکی حسین عارفە ٠

هەروەها من بە نووسین نووسیومە :

من لەم لێدوانەدا تەنها هێندەم خستۆتە سەر شانی خۆم کە بتوانم شێوە جۆراوجۆرەکانی تەکنیکی چیرۆکی ساڵانی دوای ١٩٧٠ بە گشتی دەسنیشان‌بکەمو هێندەی بتوانم رووونیان‌بکەمەوە کە ئەمە لە واقیعدا دەبێتە باریدەدەر بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ‌و فراوان دەربارەی ئەم باسە ـ گوفارەکە ـ لاپەڕە ـ ٨].

لە پەرەگرافی پێشتر بشیدا نووسیومە :

(بەڵام ئەوەی بێتو بە دوورودرێژی لێ‌بکۆڵێتەوەو هەموو لایەنەکانی باسەکەی شی‌بکاتەوە ، دەبێ لە شوێنی خۆیدا هەر یەکەیان لەو حاڵەتی ئاڵۆزی‌و تێکەڵی‌یە دەربێنێ‌و لە تەکنیکدا بیخاتە خانەی تایبەتی خۆیەوەو ئەنجامی وردگردنەوەو هەڵسەنگاندن ، شوێن‌و پایەی هونەربشی دەسنیشان‌بکا) .

هەروەکوو لە کۆتایی باسەکەشدا وتوومە :

(بۆیە حەز دەکەم بزانرێ کە ئەوەی من لێرەدا کردووەمە، هەروا نەخشەیەکی گشتی‌یەو پرۆژەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوان‌و تێروتەسەل ـ ل ٢١ی گوفارەکە) .

٧ ـ رەخنەگر لە ل (٤٢)دا دەڵێ :

(لەم کتێبەدا ـ مەبەسی کتێبەکەی منە ـ ح٠ع ـ باسی چەند بەرهەمێك کراوە کە پەیوەندی‌یان بە مێژووی لێکۆڵینەوەکەی نووسەرەوە نی‌یەو بە خەیاڵ پەڕیونەتە ناوی) . ئەو بەرهەمانەش سێ چیرۆکی مارف بەرزنجین کە ساڵی ١٩٦١ بڵاوکراونەتەوە ٠

من لێرەدا دەمەوێ دوو شت بڵێم: یەکەمیان دەربارەی ئەوەیە کە مرۆڤ بەك جار دەمرێ . کە مردیش ئیتر چاوەڕوانی چی‌تر بەرهەمی تازەی لێ‌ناکرێ‌و هەقی ئەوەشی بە سەر زیندووەکانەوە دەبێ کە لە رۆتین‌و نەخشەو برۆگرام بۆی لابدەن ، بە تایبەتی کە ئەو لادانە بە تۆزقاڵ زەرەر نەبەخشێ ، مەگەر زەرەرەکەی تەنیا هێندە بێ کە یەکێك نیازی (احتکار)ی دەربارەی لە دڵی خۆی چەسپاندبێ‌و ئەوە قارسی بکا ! . سالە بەر ئەو ئیعتیبارە رێگەم بە خۆمدا تەنیا بۆ مارف بەرزنجی (کە تاقە حاڵەت بوو هاتە پێشم) حسابی راوەستان لە ئاستی ساڵی (١٩٦٠)دا بۆ نەکەم ، بە تایبەتی کە سەیربشم کرد تەنیا یەك تاقە چیرۆکی بڵاوکراوەی (ئاوازو کەباب ١٩٥٨) بەر ماوەی لێکۆڵینەوەکەم دەکەوێ‌و دەبوو ئیشارەتی پێبدەم ٠ من دڵنیام برای رەخنەگر باشتر لە هەر یەکێکی‌تر ئەم حەقیقەتەی لا روون بووەو کەچی لە سەری کردووم بە تاوانێك .

دووەمیان : دەربارەی دوکتۆر کاوس قەفتانە . چۆن ؟! . تکایە لە گەڵمدا وردی‌بکەنەوە ... وا خۆتان بینیتان چۆن وای دامە قەڵەم کە دالفەیەك (خەیاڵێك) هەڵی‌گرتبووم‌و چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی پێ‌پەراندبوومە ناو لێکۆڵینەوەکەمەوە ٠ کەچی بڕوانن (بەمانا) بۆ چیرۆکەکانی دوکتۆر کاوس چیم پێ‌دەڵێ . لە ل (٣٧)ی نامێلکەکەیدا نووسیویە :

[لە لاپێکی‌ترەوە نووسەرێکی وەك دوکتۆر کاوس قەفتان کە یەکەم بەرهەمی ساڵی (١٩٥٢) بڵاوکراوەتەوە رەوایە لەم کتێبەدا تەنها (نیودێری پێ‌بەخشرێ) .

جاری نیو دێر نی‌یە وەك ئەو دەڵێ ، بەڵکو دوای سووکە (جمع‌و طرح) ێك کە ئەو مەبەستی نی‌یە بیکا ،دەردەکەوێ کە پێنج دێرە . واتە (دە) ئەوەندەی کە دەڵێ‌و ئەمەشم سەرلەنوێ هەروا بە بۆنەی مەسەلەی ئەمانەتەکەوە هێنایەوە . ئینجا ئاشکرایە کە دوکتۆر کاوس تاکۆتایی ماوەی لێکۆڵینەوەکەی من‌و بگرە تا چەند ساڵێکیش دوای ئەوە (تا ٩٦٩) تەنیا ئەو دوو چیرۆکەی بڵاوکراوەتەوە کە من ئەو (نیو دێرەم نەك بەوان ، گوایە بە نووسەرەکەبان نەخشیوە ! ٠ بەڵام ساڵی (١٩٦٩) با دواوە ، لەچاو چیرۆك‌نووسەکانی ترماندا بەرهەمێکی گەلێ زۆرو لەچاو لەوەوبەری خۆشیدا گەلێ پێگەیشتووترو سەرکەوتووتری بڵاوکردۆتەوە. جا لێرەدا مەبەسم ئەوەیە بپرسم : چ عەجەب لە سەر مارف بەرزنجی گوناهبارم دەکا کە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەم دەرچووم ،کەچی بۆ دوکتۆر کاوس‌بەپێچەوانەوە بەوە گوناهبارم دەکا کە بۆ چی لە ماوەکە دەرنەچووم‌و حسابم بۆ (٤٠ـ٥٠) چیرۆکەکەی ساڵانی دوایی نەکردوەو لە سەر دوو چیرۆکەکەی ساڵانی پەنجاکانی (تەنیا نیو دێرم پێ‌بەخشیوە) !! .

٨ ـ رەخنەگر لە ل (٣٨،٣٧)دا ، دەربارەی چیرۆکی (جوان)ی محمود احمد نووسیویە :

[وای دەرخستووە ـەبەستی منە ـح٠ع ـ کە جوان ملێ بۆ ئاغا نەداوە] .

ئینجا بۆ پووچ‌کردنەوەی ئەم رایەی من دێت هەڵوێستێکی مام هەباسی باوکی جوان لە چیرۆکەکەدا دەگێ‌ڕێ‌و دەیکاتە بناغەی ئەو رایەی کە دەربارەی چیرۆك‌نووس محمود احمد دەری‌دەبڕێ‌و دەڵێ :

(کەچی خاوەنی ئەم هەستە پیرۆزە بە جاری گلۆرنەکاتەوە بۆ ناو کەندەڵانی ورەبەردان‌و مێژووی بزووتنەوەی بەرەی جوتیاران لەکەدار دەکات ـ ل ٣٨) .

ئینجا سەبارەت بە منیش‌دەڵێ:

جا ئەم کەلەبەرە گەورەیەی کە لە چیرۆکەکەدا هەیە نووسەر هەستی پێ‌نەکردووە ـ هەرل٣٨

بۆ وەرامی ئەم بۆچوونە چەوتەی رەخنەگر دەڵێم : جارێ مەسەلەی جەوهەری لە چیرۆکەکەدا کە بەکژدا چوونی دەربەبگەو زۆرجەوری دەربەبگایەتی‌یە ، لای مام هەباس نی‌یە ،بەڵکوو لای جوان‌و کاکەلاسی دەسگیرانی‌و دەستە چەکدارەکەی‌تی کە لە ئەنجامدا جوان‌و کاکەلاس پێکەوە لەو شەپری بەگژاچوونەدا دەکوژرێن . ئینجا با مام هەباسی باوك ئەو هەڵوێستی دەس‌ماچ‌کردنەی ئاغاشی هەبێ ، بەڵام لە نێوانی درێژەی رووداوو کارەساتەکانی

بروانە : ل : ٧

زانابن..دانابن..باوابن..زانابن

مژدە لە بەشی نەخوێندەواری
ئەزان زانابن لە لادبۆ شاری
پێش کەشی ئەکەم بەکوردەواری
چەن خوشەئەزان بروازانابێ
ئەوی ئەزانە بەچەشنی‌کوێرە
پیرۆزبێ خوێندن بو بەئیجباری
بەراستی میری لوتف ئەنوێنی
ئەیەوبت ئەزان ئەمێنێ‌لەناو
ئەزانین کۆچ‌کات هەموو زانابێ
زانا سەربەستە بەبێ ترس‌و لەرز
میری بۆ گەلی پێویستە وابێ
ئەی گەل‌فەرموودەی پیغەمبەرمانە
دیسان فەرموویە بچن زانابن
[تعلم العلم ولو بصین]
ئەمەش فەرموودەی ئیمامی علی
خوزگایە خویندن وەکو ئاوونان
وەکو بێخواردن ناژین لەدونیا
چەن خوشە تێکرا ببین‌بەزانا
دەبوا نەخوێندە واربهاتایا
هەتا کو غیرەت باش بیگردایا
کەچی ئەبینم گشت خوێندەوارە
لەگەل خوێند ئارەوشتی جوان
چونکە خوێندنی تەنها مەرج نی‌یە
بەعیلم‌و هۆنەر نابێ بەختەوەر
رەفتاری شیرین هیچی تێ ناچێ
ئازیزی لای گەل خزمەت گوزارە
پیرۆزە لامان خۆ عیلم‌و سنعەت
لەگەل ئەمەشدا خوێندن پیرۆزە
چونکە خرابە ناکات زانا بێ
کە مادام میری پێی‌خوشە ئێوە
ئەزان هەوڵدەن ببن بەزانا
شیعری دکتۆرشۆ ئاموژگاری‌یە

بۆ خوێندن ئەچن وابە زۆر داری
ئەم چەن‌هونراوەی منیش بە دیاری
باسی قەلاچۆی ئەخوێندەواری
ئەگەر زانابێ بو کەس دانابێ
گەربوو بەزانا دەنگی دلێرە !
بۆ گەورەو بچوك بو لادیۆشاری
بەزۆرە ملەپیمان ئەخوێنی
گشت عراق بیبیت بەزانای تەواو
بۆ بە رەو خوێندن هەنگاوی نابێ
لەگشت لادبارەکەناو دارەو بەرز
بۆ زیادی خاك‌و گەل هەولی‌دابی
خوێندن بۆ نیروبۆمێ یەکسانە
بارێ دوورپیش‌بێ هەتا دانابن
یانی ریگای دوور ئەی گەلی‌ئەمین
[لیت العلم مرزوق لکلی]
بۆ بەنی ئادەم دەبوەهوی ژیان
ئەخوێندە واریش ئەژیایا تا
تابمان ئاسن لەگشت جیهانا
بۆ کۆڕە کەمان بیان بیستایا
بۆ خوێندەواری هەولێ بدایا
ئەخوێندە واری بەدەگمەن دیارە
بیکەین بە خوومان گەلی‌خوش زمان
مەرجی بەراستی رەوشت باشی‌یە
خووی حاك‌چاکترە لە عیلم‌و هونەر
کەچی‌هەندێ کەس بەلایاناچێ !!
مالی لەدێ‌یەو بان لە شارە
پوولیك نایەنی دیارە بێ خزمەت
دەبا بخوینن چی‌ی گەل‌و هۆزە
مەگەر بەدەگمەن ئەگەر دانابێ
بخوینن دەبا بەنێرو مێوە
دیارە زانایە داناو تەوانا
زۆری بێشکەشی لادیو شاری‌یە

لە ئەدەبی گەلان

دووپارچە شیعری «ژالە»ی شاعیری ئێران

محمدی مەلا کریم
کردوویە بە کوردی

لە شەمەنەفەردا

ناسمان بە پەلە ئەڕوا
هەور بە پەلە ئەڕوا
شیو بە پەلە ئەڕواو کێو بە پەلە ئەڕوا
دارستانی چڕی سەوز بە پەلە ئەڕوا
جۆگا بە پەلە ئەڕوا
زێ بە پەلە ئەڕوا
گوند بە پەلە ئەڕوا
شار بە پەلە ئەڕوا
دەشت ئەڕوا ، بیابان ئەڕوا
شەپۆلی بێ‌هێزی دەریا بە پەلە ئەڕوا
خوێنی گوڵ ڕەنگی دەمارەکان بە پەلە ئەڕوا
بیر بە پەلە ئەڕوا
ئارەزوو بە پەلە ئەڕوا
تەمەن بە پەلە ئەڕوا
ئەڕوا .. ئەڕوا .. ڕێ بە پەلە ئەڕوا
شەپۆڵ‌و مانگ‌و مانگۆچکە (١)
هەرکام لەمانە بە پەلە ئەڕوا
بتەوێ‌و نەتەوێ ژیان بە پەلە ئەڕوا
کەواتە من بۆ لە سووچێکا هەڵ‌ئەتووتێم !

من کێم

من کێم ؟
کێم ؟
ئەستێرەیەکی کشاوی ، لە شەوان تەریك کەوتووی،
لەگەل سپیدەی بەیان بە ئاشنا بووم ..
ئەو چاوەی کەوا ڕووناکیی دیبێ
لەگەل تاریکایی نابێ بە دۆست ..
گیانی ڕووڕو نیهادی پاك
دەستی دۆستی لەگەل تاوان تێکەل ناکا ..
ئەگەر لەم جیهانەدا
زۆرو ستەم‌و تاریکی هەبێ ،
خەباتیکیش هەیە
ڕێگای جیهانی دادو ڕووناکی پیشان بدا ..
لە تاشە بەردی گەورەی ژیان نووسراوە :
ئەگەر زال نەبیت ، ئەبەزیت ...

(١) مانگۆچکە : مانگی دەستکرد .

Institut Kurde de Paris

پیشانگایەکی پۆستەردەربارەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆنەهێشتنی نەخوێندەواری

بە چاودێری بەڕێز هاوڕێ عبدالرزاق فارس ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لقی سلمانی ،ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧-١-١٩٧٩ نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی بەبۆنەی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری یەکەم پێشانگەی پۆستەری لە هۆڵی قوتابخانەی گوێژەی کچان کردەوەو هەفتەیەکی خایاند .

لەم پێشانگەیەدا [٢٧] هونەرمەندی کوڕوکچ لەمەلبەندو دەرەوەی پارێزگادا بە [٣٧] پۆستەر هاوبەشیان کردوەو ئەو هونەر مەندانەش ئەمانەن :

اسماعیل خیاط ٢-اسماعیل مصطفی ٣-احمد سالار ٤ - انور قرەداغی ٥- اکرم سعید ٦- جزا مصطفی ٧- حمە فرج ٨-حکمت هندی ٩-حمەسعید ١٠-حمە کاکە ١١- سعاد ١٢-شیرزاد شوقی ١٣-علی جولا ١٤-علی لطیف ١٥-عثمان خال١٦-عمر چاوشین ١٧- عزیز سلیم ٨ - علی کمال ١٩ - عطا قزاز ٢٠-قادر کوردی ٢١-کوردو حمە علی ٢٢- نوری اسماعیل فتاح ٢٣-ناجیەتوفیق٢٤-ناصر توفیق ٢٥-هوشیار حمد امین ٢٦-دلشاد صاحبقران ٢٧- گوڵنار عمر لاوە .

ئەوەی شایانی باسە بەرهەمی ئەم پێشانگەیە کە هەندێکیان سریالی و هەندێکیان واقیعی بوون .. یان بەشێکی کەشیان هۆی فێربونیان تیا پیشان درابوو ، بە کشتی هەموو بابەت و بۆچونەکانی ئەم یاسا مەزنەیان گرتبوە خۆی و زۆر هونەرمەندانە مەبەستی سەرەکیان پێکابوو . هەروەها زوربەی زۆریان بەیەك پۆستەرو هەندێکی کەمیان بەدوو پۆستەر هاوبەشیان کردوە .. ،لەوانەی دووەمیان مامۆستا « نوری اسماعیل فتاح »ە کە هەر دوو پۆستەرەکەی بریتی بوون لەیەك بابەت و دوو لایەنیشیان دەگرتەوە .. وانە لە هەریەکێك لەو پۆستەرانەدا دوو مەوزوع خۆیان پیشان ئەدا ئەویش سالی منداڵانی جیهان و شالاوی نیشتمانی نەهێشتنی نە خوێندەواریە.

علی جۆلا

عطا قزاز

شیرزاد شوقی

اسماعیل خەیات

مامۆستا نوری دەربارەی پۆستەرەکانی ووتی :بێگومان ئەم یاسایە گەلێك مەزنە.. وە منداڵانیش بەقەدەر مەزنی ئەم یاسایە پاکن ، بۆیە لەپاکی خۆیان جگە لە گول شتێکی کەیان بە خەباڵدا نەهاتوە بیکەن بە دیاری ئەم یاسایە .

هەروەها مامۆستا اسماعیل خیاط دەربارەی پێشانگەو نەقابەکەیان ووتی : لەڕاستیدا کردنەوەی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی کارێکی چاك دەکاتە سەر چالاکی و بزوتنەوەی هونەر لەپارێزگاکەماندا بەگشتی وە لەسەر هونەری تشکیلی بەتایبەتی ..چونکە ئێمە ئێستا واهەست دەکەین کە دەزگایەك هەبە کۆمان دەکاتەوە ، بۆ دووپاتی ئەمەش ئەم پێشانگەی ئێستایە کە هەموومان پێکەوە هاوبەشیمان تیادا کردوە .

پ .هاوکاری لە سلێمانی

هەست بەکەم وکوڕی کردن و هۆیەکانی و ..چارەسەری

وەرگێڕانی :موحسن عەبدوڵڕەحمان

هەموو خێزانێك لە ژیانی ڕۆژانەیدا تووشی گەلێ تەنگ وچەلەمەو گیروگرفت دەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیان پێکەوتنیان و ناڕەحەتیان ، بەڵام گەورەترین و مەترسی ترین زیان کە بە خێزان دەگات بریتیە لە نەخۆشی یەکێك لە ئەندامەکانی وەنەبێ نەخۆشیش هەربەمانای کەوتن بێت لە ناونیشاندا ، بەڵکوو زۆر جۆرە نەخۆشی وا هەیە کە نادیارەو خێزان هەست بەبوونی ناکات و پێویستی بە هۆشیاریەکی زۆرە بۆ دۆزینەوەی .

بەکێك لەو نەخۆشیانەش کە زۆر لە منداڵەکانمان تووشی دەبن هەست کردنە بە کەم وکوڕی . هۆیەکانیشی زۆرن و لە ئەنجامی هەڵس وکەوت و پەیوەندیە کۆڵایەتیەکاندا دێتە کایەوە ، چونکە کۆمەڵ ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕێ لە دروست کردنی مرۆڤێکی تەواودا بۆ نمونە : دەبینین زۆر لە خێزانەکان لە پێناوی پاراستنی منداڵەکانیاندا لە هەندێ کێشەو گیروگرفت لە گەڵێ هەڵس و کەوت و جوڵانەوەی چالاکیانە قەدەغەی دەکەن و بێ ئەوەی منداڵەکە تێبگەیەنین کە بۆ ڕێگای نادەن ئەو نیشە بکات . وەکوو دەبینین هەندێ لە دایکان ناهێڵن منداڵەکانیان هەموو جۆرە باریەك بکەن ! لە پێناوی پاراستیاندا لە ماندووبوون و تووش بوونیان بە هەندێ نەخۆشیەوە . کەچی ئەم جۆرە ڕە فتارە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکان هەست بە بێهیزی خۆیان بکەن و وا دەزانن دیارە هێشتا لە توانایاندا نیە بۆیە دایکیان لێیان قەدەغە دەکا .

یاخود زۆر جار دایك و باوك لە پێناوی ڕێزگرتنیاندا بەرانبەر بە میوانەکان بە منداڵەکانیاندا هەڵدەدەن شکاندنەوەی منداڵەکانی خۆیان . بەڵام ئایا منداڵەکانیان دەزانن کە دایك و باوکیان تەنیا بۆ زێزی میوانەکانە ئەم قسەیە دەکەن ؟ .. نا . . بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە کەم وکوڕی لە خۆیدا بکا . یان هەندێ جاریش بە هۆی نەخۆشی لەش و بوونی ناتەواوی لە لەشدا منداڵ هەست بە کەم کوڕی دەکا وەکوو کوێری . یان کەڕی یان سکماکی لە هەندێ ئەندامەکانی لەش دەبێتە نیشانەی شەرم کردن . جا ناتەواوی لە لەشدا دبارە و دایك و باوکیش بە ئاسانی هەست دەکەن کە منداڵەکەیان لە ئەنجامی ئەم ناتەواوبەدا تووشی ئەم نەخۆشیە بووە .. بەڵام ئەگەر هۆیەکەی دەروونی بێت وەکوو لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە ئەوا هەوڵ و وودربینیەکی تەواوی دەوێ .

نیشانەکانی هەست بە کەمی کردنیش بە هۆی ئەودیاردانەوەیە کە لە کاتی هەڵس و کەوتی لەگەڵ منداڵانی دیکەدا لێی دباردەدا .

بۆ نمونە دەبینین ئەو منداڵەی هەست بە کەم کوڕی دەکاڵە خۆی هەموو دەم دووڕە بەرێزەو کەم لە گەڵ منداڵانی دیکەدا تێکەڵ دەبێت و دوودڵە هەموو جوڵانەوەیەکی داو لەوانەیە قسەی ئەم و ئەویش کاری تێبکا . جگە لەوەش لە دیاردەی شەرمی بەسەردا

زاڵ دەبێت و بە منداڵێکی شەرمن دەناسرێ .

ئەنجامی ئەم نەخۆشیەش بێدەسەڵاتی و دوودڵیەکی کەورەی بەدواوەیە کە یەخەی منداڵ دەگرێ و بە تایبەتی لەوکاتەی کە لەدەدەوەی خێزان دایەو سەرکەوتن وەدی ناهێنێ چونکە لە گەشەکردنی دەروونیدا هاوشان نیە لەگەڵ گەشەکردنی لەشیدا .

جا لە پێناوی پاراستنی منداڵان و ڕزگارکردنیان لەم جۆرە نەخۆشیانە پێویستە لەسەر دایك و باوکەکان منداڵەکانیان دوور بخەنەوە لەو هۆیە کاریگەرانە کە لەپێشەوە دەستنیشانمان کردن و هەوڵی ئەوە بدەن بەرانبەر بە منداڵەکانیان ئەوەندە سۆزدار نەبن و هانیان بدەن بە خۆیان هەندێ لە پێویستیەکانیان جێبەجێ بکەن بە گوێرەی توانایان و دەبێت بەشێوەیەکی زانستیانەو ئامۆژگاریەکی ڕێك و پێکیان بکەن .. جگە لە مەش بارمەتیان بدەن بۆ تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ منداڵانی دیکەو لەگەڵ خۆیاندا بیانبەنە شوێنی گشتی و یارمەتیان بدەن ئەگەر حەزیان کرد نیشێك بکەن و نەیان تووانی ، بۆ ئەوەی بەرەبەرە پەرە بە هێزو توانایان بدرێ .

لە کۆتایی دا دایك و باوك دەبێت ئاگاداری منداڵەکانیان بن و هەر کە هەستیان بەم نەخۆشیە کرد پێویستە بیبەنە لای تۆیژەرێکی کۆمەڵایەتی شارەزا لە زانستی دەروونی منداڵان بۆ دیراسەت کردنی چۆنیەتی بارو زرووفی ڕۆژانەو دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی هێنانەکایەوەی هەست بەکەم و کوڕی کردن .

د. ئومەیمە عەلی خان

خۆ ڕزگارکردن چاکترین ڕێگایە

کار بەدەستە میسری یەکان ڕایانگەیاند تیکڕای ئەو بارەیەی میسر لە ناکامی ڕێکەوتنامەکانی دا لە سایەی سیاسەتی والاکراوەی ساداتدا بەقەرزو یارمەتی و بەخششەوە وەدەستی هێناوە گەیشتۆتە (٣٠٥٦) ملیۆن -جنیە- پێش ئەوەش دامودەزگای ئەمەریکا ڕایگەیاند کە میسر داوای (١٣) ملیار دۆلاری لی کردوە ، بۆ بەجێهێنانی سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان کەلەلای هەموو یەکێك ئاشکرابوو. ڕۆژیش نییە هەموو جیهان نەپسەتی کە بارودۆخی ئابووری میسر هەر بەرەو خراپتر دەڕواو ، دەزگاکانی میسریش ڕۆژبە ڕۆژ بەوەی دەیەوە خەریکی لێکدانی حیساباتی خۆیانن بۆ دەستنیشان کردنی پێداویستەکانی دارایی و یارمەتی قەرزو بەخششەکانیان بۆ ئەهێشتنی ئەو هەرەس هێنانەی کە میسر بەدەستی یەوە دەناڵێ و باری هەرەگرانی دەکەوێتە سەرشانی چینی ڕەنجدەری میسرو لەهەمان کاتدا ئەوکەمایەتی یەی کە حوکم دەگێڕێ هەموو هۆیەکی ڕابواردن و دەوڵەمەندی و دەست بڵاوی بۆرەخساوە .

لەم مەیدانەدا گەلێ پرسیار دێتە پێشەوەو بەتایبەتی ئەوەی بەیوەندی بەوەوە هەیەکە ناوی بنێین پلانی ڕزگارکردنی کاریگەرانە بەپێی نەخشەیەکی کێشراو بۆ ڕزگارکردنی ئابووری میسری هەرەس هێناو لەو بارودۆخەی کە تیاداکەوتوە .

دەزگاکانی ڕژێمی میسر دەستیان لەوە هەڵگرتوە کە بیر لە خۆرزگارکردن بکە - نەوەو هەموو کاروبارێکیان داوەتە دەست سادات و نەویش سوود لەم واقیعە وەردەگرێت و بەپێی ئارەزووی خۆی بەشێوەیەکی پرمەترسی یانە بەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەست .

ئەوا (١٣) ملیار دۆلارە کە میسر لەوڵاتە بەکڕتوەکانی ئەمەریکای داوادەکا ، نرخی دەست هەڵگرتنە لە سەربەخۆیی میسرو مافە ئەتەوەییەکانی ئەتەوەی عەرەبو کردنی میسر بە کێڵگەیەکی ئەمەریکی - زایۆنی کە بەبێ یارمەتی ئەمەریکا کە پێش وەخت ئاکامەکەی دیارە نەتوانێ بژی . دەستگیرکردنی قەرزو یارمەتی و بەخشش لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەپێی ئەو ڕێگایەی کە سادات پەیڕەوی دەکا ، لە ڕواڵەتدا شتێکی ئاسانە ، بەڵام لە ئامانجو ناوەڕۆکدا شتێکی سەختە ، چونکە بەجۆرێکی پڕ مەتر سیانە میسر بە ڕۆژئاواوە دەبەستێ و دەبکا بە دەوڵەتێکی ژێر دەستەو دەبێتە بنکەیەك دژی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە.

کان نەك تەنیا لە نیشتمانی عەرەبدا بەڵکو لە هەموو ئەفریقاشدا ، لەدوای ئەوەی بنکەیەکی ڕزگاریخوازو مەشخەڵی شۆڕش بوو .

ئەمە لەلایەکو ، لەلایەکی ترەوە سەرکردەو حاکمە عەرەبەکان کە لە کۆنگرەی باڵای تۆبەمی عەرەب لەبەغدا کۆبوونەوە ، هەڵیکی زێرینو مێژوویان بە سادات بەخشی بۆئەوەی ئەو پارەو پوولەی کە میسر پێویستی پێی هەیە لەڕووی سەربازیی و ئابووری و ئاوەدان کردنەوە وە دەستگیری بێ ، بەڵام گەمژەیی حاکمی میسرو ، خۆبەستنەوەی بەرەوتی خیانەتکارانەوەپاڵی پێوەنا هەڵویستێکی وابگرێتە بەر کەبەلای کەمەوە دژی بەرژەوەندی یە سەرەکیەکانی میسر بێ و ،ئەو پەردە عەرەبیەی کە هەمیشە بەماڵو جەك و پیاوە وەدەستی یارمەتی بۆ دەکێشا هەڵبوەشێنێتەوە . ئەو هەڵویستەش گەلێ هۆی هەیەو پێویستی بەوەورد بوونەوەیەکیی قووڵ نییە تا وەکو لەحەقیقەتەکەی بگەین . لە دوای ئەمە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو پرسیارە گرنگە کە پەیوەندی بە ڕزگارکردنی ئابووری میسرەوە هەیە و دەڵێین بەردەوامی ئیشکانی ئابووری میسر ناگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی شەڕ دژی زایۆنی دوژمن ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ڕژێمی حوکم لەمیسردا ، لەبەر دوورکەوتنەوەی لەجەماوەرو دوژمنایەتی کردنیدا . هەروەها ئەورژێمە پرۆگرامێکی زانستی یانەی دانەناوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو حاڵەتەو دۆزینەوەی ڕێگایەکی کەشەسەندوتر کەبشت بە ئیمکانیاتی زاتی میسرو گەلەکە ببەستێ .

گەلێ دەوڵەت هەبوون کە لە بارودۆخێکی ئابووری وەکو ئابووری میسردا دەژیان ، بەڵام بەپێی ئەو پرۆگرامو شێوازە کاریگەرانەی کە لەبەر هەم هێنانی ئیمکانیاتی زاتی و مەوزوعی گەلو وڵاتەکانیان بەکاریان هێنا ، توانیان ئەو واقیعە دواکەوتوەی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەرەو واقیعێکی تازەو پێشکەوتووتر کە پێویستی بەیارمەتی و ئەو بەخششانە نەبێ کە حاکمی ئێستای میسر لافو گزافی پێدەدا .

لە گەڵ ئەوەشدا کە هەموو بەڵگەیەك نیشانەی ئەوە دەدەن کە ڕژێمی سادات لەتوانایدا نییە ئەوەجێ بەجێ بکا کە لەوڵاتانی تردا کراوە بەمەلام ئێمەباوەڕمان وایەکە میسر بەبێ سادات و بەبێ شێوازو پەیوەندی یەکانی ، زیاتر لە توانایدا دەبێ کە لەو واقیعە دەربچێ ئەگەر پشت بەخۆی دەستەخوشکانی ببەستێ ، بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێ کە سەربەخۆیی و کەرامەتی خۆی بەدوژمن بفروشێ .

دلشاد

ئەمین شوان لە ئینگلیزیەوە کردوویە بەکوری

- دایکە گیان !

لەبەر خۆیەوە ، یی پەروابانە سەیرێکی کردمو ورتەبەکی لێوەهات ، تێگەیشتم دەڵێ : چیت دەوێ:- ئیتر خۆم بۆ نەگیرا قورگم پڕبوو لەگریان ، یەکسەر ڕامکردە بەردەمیو هاتم بە چۆکاو سەرم نایە ناوکۆشیو دام لە سۆڕەی گریان . لە سەرخۆو بە نووکی پەنجەی دای بەسەرما : ئەوەبۆ ؟ بۆچی دەگری ؟

بەدەم هەنسکەوە وتم : بۆ وات لێهاتوە ؟ لەسەر خۆت نیت ؟

- بێگومان لەسەر خۆم نیم .

- ئەی بۆ منداڵەکان دەڵێن ماڵەکان یەك بەیەك گەڕاوی .... ئیتر بۆم تەواو نەکرا چونکە گریان قورگی گرتم .

- بۆ سیدنی دەگەڕام . ئەوان لێمیان شاردۆتەوە .

بەم قسەیەی بە دلنیایی بۆم دەرکەوت لە ئەوەی منداڵەکان گێڕایانەوە دەق راستە.

- تو خوا دایکە گیان ئەگەر واز لەم قسانە نەهێنی . سیدنی لەکوێیو ئەوان لەکوێ . بابچم دوکتۆرت بۆ بێنم .

کەشکێکی کێشا بەسەرمداو لە سەر خۆی وتی :

- ماڵی مەك کارئی دەزانن لەکوێیە . ئەوان لێمی دەشارنەوە .

- دایکە گیان نوخوا بەسە .

هەڵسام و بەرەو دەرگا ملمنا . چاوی بە شوێنمدا هاتو بە کزیەکەوە وتی : ئەوە بۆ کوێ ؟

- دەچم دوکتۆرتك دێنم . ئەوەندەم پێناچێ .

متەقی نەکرد ، بەڵام بە تیگەرانیەوە چاوی کەوتە دوام .

بە پەلە بە پێپلیکانەکاندا هاتمە خوارەوەو بەژنەخاوەن خانوەکەم وت دایکم وەزعی زۆر خراپە ، دەبێ بە پەلە بچمە پەی دوکتۆر .

ژنەکە وتی : مەچۆ . ناردومە بەدوای دوکتۆردا .

دوکتۆری کەڕەکەکە کابرایەکی پیرو ئوفتادەبوو . کەهات و پاش ئەوەی ژنەکە قسەی بۆ کرد ، کە هەمان قسەکانی منداڵەکان بوو ، فەحسێکی سەرپێی کردو وتی :

-ئەقڵی تێك چووە ، خترا بیبێرە بۆ نەخۆشخانە. مەبەستی لە نەخۆشخانە شێتخانەبوو . ئینجا پسوولەیەکیدا پێمان کە تێیدا نووسرابوو ئەم ژنە چگە لە نەخۆشیەکەی ، بێخۆراکیەکی زۆر توندی هەیەو ئەمەی بە خۆشم وت . ژنەکە ڕووی کردە منو بۆ دڵدانەوەم وتی :

- ڕۆڵە ئەوێی چاکترە ، چونکە لەوێ سەرەڕای چارەسەرکردن خواردنی باشتریشی دەدەنێ .

پیرەژنەکە لەگەڵمدا هاتەوە سەرەوەو شتومەکەکانی دایکمی کۆ کردەوەو جلەکانی گۆڕی . دایکم وەکو منداڵێك بە دەستمانەوە دەهات . هێزی نەمابو وڕەی بە تەواوی بەردابو . کەلەماڵەوە دەرچوین دراوسێکان لەبەر دەرگای ماڵەکەمان کۆبووبونەوەو زۆر بەپەرۆشو داخەوە بەڕێیان کردین .

نەخۆشخانەکە میلێك دووربوو . دایکم لەبەر بێهێزی وەك سەرخۆش ڕێی دەکرد . ناچاربووم بیگرم تا نەکەوێ . ئێوارانێکی زۆر تاریكو قەبزبوو. دەتوت ئەوبش بەدڵ ڕەقیەوە ، زباتر بەدبەختی ئێمەی نیشان دەدا . بێگومان ، ئەو خەڵکەی بەلاماندا ڕادەبوردن ، دایکمیان بە سەرخۆش دادەنا . دایکم قسەی نەدەکرد ، بەڵام دیاربوو دەیزانی بۆ کوێ دەچوین . دڵنیام کە ئەوێی پێخۆش نەبوو . لەرێگە هەندێ دڵیم دابەوە ، بەڵام هەر زەردخەنەیەکی کردو توانای قسەکردنی نەبوو .

کە گەیشتینە نەخۆشخانەکە،براینە لای دوکتۆرێکی گەنج . پاش خوێندنەوەی پسوولەکەی دوکتۆرە پیرە ، ڕووی کردە دایکمو وتی : باشە ، خاتو چاپلن بێزەحمەت وەرە بەم لاوە بزانم چیتە . باشی فەحس کردن ، سیستەرێك دەستی گرتو لەگەڵ خوێدا بردی . دەیزانی دەیەن بۆ خەواندنو من بە تەنها دەمێنمەوە. بە کری و بێدەسەڵاتانە هاوڕێکی دایەوە . خۆم وا لێکرد کە ئەوەندە بە تەنگەوە نیم و مەسەلەکە ئەوەندە گران نیە . وتم : دایە گیان تا سبەنێ خوا حافیز . دڵت هیچ نەکات .

دایانە پێش خۆیان ، بەڵام تالیم ئاوابوو ، هەر هاوڕی دەدایەوەو بێدەسەڵاتانە بە چاوێکی پڕ پرسیارەوە سەیری دەکردم . کە ئەو ڕۆیشت دوکتۆرەکە سەیرێکی منی کردو وتی :

- ئەی تۆ چی دەکەی ، کاکیلە ؟

ئەوەندەم داخی کارگەی هەتیوخانەکان لە دڵدابوو ، نەم هێشت زباترلەسەری بڕوا ، خێرا بە ڕێزەوە وەڵامم دایەوە :« دەچم بۆ ماڵی پورم » .

فەسلی چوارەم - ١٤

کە نەخۆشخانەکەم بەجێهێشت ، تەنها هەستم بە چزەی دوورکەوتنەوە لە دایکم دەکرد ، لەگەڵ ئەمەشدا تۆزە ڕوناکیەك دەزایە دڵمەوە بەوەی کە ئەو زوو چاك دەبێتەوەو ئەوێی ، هەرچۆنێك بێت ، لەو ژوورە قەبزە خۆشترە کە دەبێ تێیدا بەردەوام بە

بڕوانە ٥ ل : ٤

Institut Kurde de Paris

نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی و پاشەڕۆژی هونەری کوردی

● ژیانی ئادەمیزادرۆژبەرۆژو هەتابن لەبەرەوو پێش‌کەوتندایەو لایەنەکانی ژیان جوراوجۆرتر ئەبێنو مرۆڤیش تا ژیانی زیاتر پێش‌بکەوێت زیاتر پێویستی‌بە ڕێك‌خستنی هەڵسوکەوتەکانی‌دەبێ هونەریش لایەنێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی یەوبوە بە کەرەسەیەکی هاوسەری هۆکاری تری ژیان هونەرمەندانیش چالاکانە لە پێش‌خستنی ئەمڵایەدا کۆشش دەکەنوهەریەکە یان بەگوێرەی توانای تایبەتی خۆی لە هەوڵوتەقەلای دڵسۆزانەدایە بۆ بەرەوپێدانو گەشەکردنی جا یەکێك لەو پێداویستیانەی کە ئەو بەرەوپێدانو گەشەکردنەبەدی دێنێ نەقابەی هونەرمەندانە کە هونەرمەندان‌ئەخاتە ژێر یەك دەسەڵاتو باسای تایبەتی کە هەمووی‌لە بەرژەوەندی گشتی هونەرمەندانەو لەهەموو ڕوبەکەوە جێگای دڵدەی هەموویانە .

● وا لە شاری سلیمانیش لقێکی نەقابەی هونەر مەندانی عیراق کرایەوەو پاش کۆبونەوەی بەشی زۆری هونەر مەندان لیژنەیەکی ئامادەکردنیان هەڵ بژارد کە بریتی بوون لە مامۆستای هونەرمەند جلال عزیز لێ‌پرسراوی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلیمانی بە سەرۆك‌و هونەرمەندان ئەنوەر قەرەداغی‌و ولیم یۆحە ناو احمد سالارو کاوە احمد میرزاو عبدالرحمن محمد قەدری‌و عطا قزاز بونە ئەندام لە لیژنەکەداو هەر دوای ئەوە دەستیان کرد بە ئیشوکاری خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی گشتی‌و دیاری‌کردنی نوێنەری هونەرمەندان بۆ دەستەی بەڕێوەبەر . جا بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ئەم‌نەقابەیە ببین کە خزمەتێکی دباری هونەرو هونەرمەندان ئەکات چوبنە بارەگاکەیان‌و چاومان بە هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردن کەوتو ئەم‌دەمە تەقێیەمان لەگەڵدا کردن .

● لە سەرەتادا ڕوومان‌کردە هونەرمەند مامۆستا جلال عزیز کە سەرۆکی لیژنەکەیەو پێمانوت . کاك جلال لە سەرەتادا پێخۆشحالێ خۆمان دەرئەبرین بە دامەزراندنی نەقابەکەتانو گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو هونەرمەندانی شارەکەئەکەینو هیوای دوارۆژێکی روناکترتان بۆ ئەخوازینو بەم بۆنەیەوە ئەگەر بە ئەرکی نازانی کورتە باسێکی چۆنیەتی دامەزراندنی نەقابەکەتانمان بۆ بکە .

× سوپاسی هەستان ئەکەینو شانازیە بۆمان کە ڕۆژنامە نوسانمان بە تەنگ بڕەوو گەشەکردنی هونەرەوەبن‌و جارجار بەسەرمان‌بکەنەوە . دەربارەی دامەزراندنی نەقابەکەمان ئەڵێم : ـ دامەزراندنی نەقابەی هونەرمەندان ئاواتێکی دێرینی هەموو هونەرمەندێکە بۆ ئەوەی لە قەوارەیەکدا تواناکانی کۆبکاتەوەو یەکیان‌بخات تا لە ڕێرەوی بزوتنەوەی هونەریدا رادەو توانای تایبەتیان بەرزبکەنەوەو بەشداری گەشەکردن‌و بڕەو پێدانی هونەری‌و ڕۆشنبیری هونەری بکەن‌و بە شێوەیەکی راستەوخۆو راست‌و دروست کاروبارو کارکردنیان ڕێك بخات‌و دامەزراندنی ئەم‌لقەش لە شاری سلێمانیدا شتێکی دروست‌و زەروری گرنگ‌بوو، لە کاتێکدا کە بزوتنەوەی هونەری کوردی بە پلەیەکی ناسك‌و تایبەتیدا تێدەپەڕێ‌و هەوڵێ ئەوە ئەدا لەسەر زەوی‌یەکی بتەو دیواری ئیش‌کردنی بوەستێنێ‌و هەموو هونەرمەندانی شارەکەئەکەین‌و هیوای دوارۆژێکی روناکترتان بۆ ئەخوازین‌و بەم بۆنەیەوە ئەگەر بە ئەرکی نازانی کورتە باسێکی چۆنیەتی دامەزراندنی نەقابەکەتانمان بۆ بکە .

× سوپاسی هەستان ئەکەین‌و شانازیە بۆمان کە ڕۆژنامە نوسانمان بە تەنگ بڕەوو گەشەکردنی هونەرەوەبن‌و جارجار بەسەرمان‌بکەنەوە . دەربارەی دامەزراندنی نەقابەکەمان ئەڵێم : ـ دامەزراندنی نەقابەی هونەرمەندان ئاواتێکی دێرینی هەموو هونەرمەندێکە بۆ ئەوەی لە قەوارەیەکدا تواناکانی کۆبکاتەوەو یەکیان‌بخات تا لە ڕێرەوی بزوتنەوەی هونەریدا رادەو توانای تایبەتیان بەرزبکەنەوەو بەشداری گەشەکردن‌و بڕەو پێدانی هونەری‌و ڕۆشنبیری هونەری بکەن‌و بە شێوەیەکی راستەوخۆو راست‌و دروست کاروبارو کارکردنیان ڕێك بخات‌و دامەزراندنی ئەم‌لقەش لە شاری سلێمانیدا شتێکی دروست‌و زەروری گرنگ‌بوو، لە کاتێکدا کە بزوتنەوەی هونەری کوردی بە پلەیەکی ناسك‌و تایبەتیدا تێدەپەڕێ‌و هەوڵێ ئەوە ئەدا لەسەر زەوی‌یەکی بتەو دیواری ئیش‌کردنی بوەستێنێ‌و بەرەو گەشەکردن‌و پێدانی هونەری‌و ڕۆشنبیری هونەری بکەن‌و بە شێوەیەکی راستەوخۆو راست‌و دروست کاروبارو کارکردنیان ڕێك بخات‌و دامەزراندنی ئەم‌لقەش لە شاری سلێمانیدا شتێکی دروست‌و زەروری گرنگ‌بوو، لە کاتێکدا کە بزوتنەوەی هونەری کوردی بە پلەیەکی ناسك‌و تایبەتیدا تێدەپەڕێ‌و هەوڵێ ئەوە ئەدا لەسەر زەوی‌یەکی بتەو دیواری ئیش‌کردنی بوەستێنێ‌و

بێ‌گومانیش لەوەش کە نەقابەکەمان دەستێکی بالای نەبێت لە مان‌دان‌و گەشەپێدانی هونەری کوردی ڕەسەن‌و هەوڵدان بۆ گواستنەوەی ئامانجی پێش‌خستنی پاشەڕۆژی هونەر بەرەو قۆناغێکی پێش‌کەوتووتر .

● باشەکاك جلال ئەی نیازتان چۆنەو چی ئەکەن بۆ هونەرمەندان ؟ .

× کاکە هەروەکو لە یاسای نەقابەدا دەستنیشان کراوە یەکێ لەوهۆیانەی نەقابەی بۆ دامەزراوە خزمەت‌کردن‌و بەرگری کردنە لە هونەرمەندان‌و هەوڵدانە بۆ رادەی بیرو گۆڕ لەکەبەرزکردنەوەی رادەی بیرو ڕۆشنبیری‌و هونەری ئەوان‌و ڕەخساندنی باشترین هەوڵ‌و مەرج بۆ چاکترین شێوەی کارکردنیان‌و هەر لەم ڕوەشەوە وەکو سەرەتایەکی دروست‌بوون چەند هەوڵێکی پر سود دراوە بە نیازی خزمەت‌گوزاری هەنەرمەندان ئەویش لە ڕێگای کۆمەڵ‌و تیپە هونەریەکانەوە نەقابە هەوڵ‌و کۆششی تەواوی داوە کە بارمەتی بۆ هەندێکیان وەرگیراوەو هەروەها گفتی ئەوەشمان وەرگرتوە کە هونەرمەندانی کورد بەر شداری کۆنگرەو ئەنجامەکانی هونەریەکانی دەرەوەی وڵات بکەن بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی رادەی زانیاری هونەریان هەروەها هەوڵێ ئەوەمان داوە کە شانۆو هۆڵێی پێشانگە لە شارەکەمان‌دا دروست بکرێت تا هونەرمەندان بتوانن چالاکی‌و جموجوڵێکانی خۆیانی تیا بنوێنن ئەمە جگە لەوەی هەنگاونراوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو کارێکی هونەری پوختو ڕێز لێنانی هونەرمەندانی دڵسۆز بە هونەرەکەمان‌و خوابار بێت لە باشە ڕۆژدا باسێکی لەبارو خۆش گوزەران ئەرخسێنین بۆ هەموو هونەرمەندان هەموو لایەنەکانی هونەرەکەمان بەرەو ئاسۆیەکی روناکی باشەڕۆژی هونەری کوردی ڕەسەن .



جلال عزیز

اسماعیل خەیات

● کاك جلال هەرچەندە تەمەنی نەقابەکەتان لە تازە خەملێن‌دایە بەڵام حەزئەکەین بزانین تا ئێستا گرنگترین چالاکیتان چیە ؟ .

× ئەتوانم بڵێم بە گوێرەی تازەیی‌و کورتی تەمەنی نەقابەکەمان هەوڵێ باش‌دراوە بۆ پێك‌هێنانی دەسکەوت‌و سازکردنی چالاکی جۆراوجۆر لەوانە توانیمان لە ناو هونەرمەندانی سەربە نەقابەدا لقە هونەریەکان دابمەزرێنین وەکو لقی شانۆو شێوە سازی‌و مۆسیقاو هەریەکەیان لە جموجوڵێ تایبەتی خۆیاندان‌و بەم‌نزیکانە بە بەرهەمی هەوڵ‌و کۆششیان شاد ئەبین . هەروەها لە هەوڵێ دروست‌کردنی شانۆیەکی هونەریدایین‌و پرۆژەیەکمان بە دەستەوەیە بۆ پێك هێنانی پێشانگایەك بۆ بەرهەمی هەموو هونەرمەندان لە شاری سلیمانی بە نیازی گواستنەوەشی بۆ پارێزگاکانی تری وڵات هەتا بتوانین رادەی هونەری هونەرمەندانی شارەکەمان بە سەرانسەری عێراق بناسێنین . هەروەها دەورەیەکی تایبەتی ئەکەینەوە بۆ شانۆو نیازیشمان وایە گۆڤارێکی هونەری ناوبەناویش دەربکەین‌و لە مانگی داهاتوشدا هەفتەی ڕۆشنبیری نەقابەکەمان دەست پێ‌ئەکات . لەم‌ڕووەوە لێمان مەترسە هونەرمەند هەر ماوە بدرێت ئیتر تەنها هیوای پێش خستنی هونەرەکەیەتی‌و خۆی لە خۆبەوە هەوڵێ بۆ ئەدات .

● دوای ئەوە ڕومان‌کردە هونەرمەند ئاوە ئەحمەد میرزا کە دەربارەی گرنگی نەقابەکەیان ئەدواو ئەبووت .

× گرنگی نەقابەی هونەرمەندان گەلێ ڕوی ڕون‌و ئاشکرای بە کەلکی هەیە لە ژیانی هونەرمەندان‌و بڕەوپێدانی هونەرەکەیان‌داو کارکردنە بۆ بەرزکردنەوەی رادەی هونەری‌و پیشەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و ڕۆشنبیری ئەندامەکانی‌و هەروەها بەشداری کردن لە گەشەکردن‌و پێش‌خستنی هونەری ئەتەوەکانی تردا‌و ئاسینی هونەرمان بە ئەتەوەکانی‌تر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری گشتی لە ڕێگای گۆڤار‌و ڕۆژنامە‌و ئیستگەو تەلەفزیون‌و شانۆو سینەماو پێشانگاو کۆڕ سازکردنە‌وە بە‌رەو ڕێك‌خستنی بنەماکانی پیشە هونەریەکان ـ ئەمە جگە لەوەی نەقابە هەوڵی ئەوە ئەدات کە دوا ڕۆژی ئەندامان مسۆگەر بکات لە کاتی نەخۆشی‌و پیری‌و بێ ئیشیداو لە هەموو نارەحەتیەکدا بە دەم هاواری هەموو هونەرمەندانەوەیەو ئێمەش پێویستە ئەم دامەزراوە بکەینە خاڵێکی دباری کراو بۆ لێ‌کۆڵینەوە لە بەرژەوەندی خۆشمان‌و هونەرەکەشمان بۆ پاشەڕۆژێکی روناکتر بۆ هونەری کوردی .

● لە کۆتاییدا لە هونەرمەندی تەشکیلی مامۆستا ئیسماعیل خەیاتمان پرسی . مامۆستا ئێوە ئاسۆی داهاتوی نەقابەتان چۆن ئەبینن ؟ .

× ئێمەی هونەرمەندانی تەشکیلی هیوایەکی گەورەو فراوانمان بە نەقابەی هونەرمەندان هەیەو وا بیر ئەکەینەوە کە لە نێوان چالاکی ئەمڕێکخراوەوە ئەتوانین داهاتوی هونەرمەندان‌و ئاستی هونەریمان بەرەو ئاسۆیەکی روناك بەرەو پێشەوە ببەین‌و بگەینە رادەی چاوەروان‌کراو کە ئاواتی هەموو هونەرمەندێکە ، ئەوەتا هێشتا هەر لە سەرەتای دروستابون‌دایە وا لە خۆئامادەکردندایە بۆ پێکهێنانی پێشانگایەك بۆ پۆستەرو تابلۆ هەنەریەکانی گەشەکردنی هونەری ڕەسەنی ئەتەوەکەمان لە ڕێگای پێك‌هێنانی پێشانگای سالانەو سازکردنی کۆڕو بابەتی هونەری هەمە جۆر بۆ بتەوکردنی پەیوەندی نێوان هونەروهونەرمەندان‌وجەماوەر بۆ بڵاوکردنەوەی هەست‌و ڕۆشنبیری هونەری لەناو جەماوەری گەلەکەماندا . هەر بە بارمەتی نەقابەو هەوڵو تێکۆشانی هونەرمەندە تەشکیلیەکان هیوادارین کە گۆرانکاری ڕەسەن‌و فراوان لە مەیدانی هونەری تەشکیلی کوریدا بڕەخسێنرێت‌و بە گوێرەی بیر کردنەوەی من روناك‌کردنەوەی‌ئاسۆی داهاتوی نەقابەکامان بەستراوە بە هەوڵێ دڵسۆزانەی هەموو هونەرمەندانەوەو هەموشمان مەبەستمان بەدی‌هێنانی هونەرێکی کوردی ڕەسەنە .

● لە کۆتاییدا پێشی‌کەوتن‌و سەربەرزیمان بۆ خواستن‌و ئەوانیش هەموان سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاریان کرد کە ئەوەندە بە تەنگ هونەرو هونەرمەندانی کوردیەوە دێ .

حمە سعید حمە کریم

پ. هاوکاری لە سلێمانی

لە کۆڕی هەڵمەتی نیشتمانی گشتیدا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی

لەتاقیکردنەوەی گەلان لەم ڵاولەو ڵاوە

نەریمان (٨)

سەبارەت بە تاقیکردنەوەی گەلان لە ژمارەکانی پێشوودا لە تاقیکردنەوەکانی (کوبا)و (چینی میللی)و (تەنزانیا) دواین ، ئێستا بە شێوەیەکی سەرپێی‌یی‌و بە کورتی تاقی‌کردنەوەی هەندێ وڵاتانی‌تر ئەخەینە روو :

١ ـ لە سالانی چلدا لە مەکسیکا (ئافیلا کاماچو)ی سەرۆك کۆمار فەرمانی دەرکرد بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری با هەر خوێندەوارێك نەخوێندەوارێك فێرە خوێندن‌بکات ، وابان دانابوو هەر مەکسیکەك پێویستە بە پانزدە مانگ فێری نوسین‌و خوێندن ببێ . ئەوبشمان لەبیر نەچێ لەو حەلە سەرژمێری ئەو وڵاتە (٢١) ملیون کەس‌بوو لە (٤٨٪)یان نەخوێندەوار بوون .(١)

٣ ـ پرۆژەی کۆماری مالی :

یەکێکە لەو پرۆژانەی کە ڕێکخراوەی (یۆنیسکۆ) لە دوانزدە دەوڵەتی چوار ئقلیمی جیهاندا تاقیکردەوە . حکومەتی مالی دەرکی بەوە کرد کە ئەو جوتیارو کرێکارانەی کە زۆریان نەخوێندەوارن ناتوانن بە تەواوەتی لە شێوازی نوێی پیشەسازی سوود ببینن . پرۆژەکە لە سالانی ١٩٦٧ ـ ١٩٧٢ لەناو جوتیاران‌و کرێکارانەوە دەستی‌پێکردو دەبوایە سەد هەزار جوتیارو دە هەزار کرێکار لە چنگی نەخوێندەواری دەربهێنێت . پرۆژەکە لە دوو قۆناغەوە تێدەپەڕی هەر قۆناغێکیان دوو ساڵ بوو لە هەر پۆلێکدا چل فێرخواز هەبوو ، هەرچەندە ئەم پرۆژەیە لە قۆناغی یەکەمدا بە ئاسانی تێپەڕی بەڵام لەقۆناغی دووەمدا تەنگ‌و چەڵەمەی زۆری گەوتە بەر .(٢)

تاقیکردنەوەی عەرەبی لە بارەی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌یەوە :

نەخوێندەواری لە وڵاتانی عەرەبدا لە زوەوە خێوەتی ڕەشی هەڵدابوو بەڵام گەلی عەرەب بیست‌و پێنج‌ساڵ پترەبیری لەوە کردوەتەوە بەرەو خوێندەواری بچێت‌و لەم‌بارەیەوە ئەم‌هەنگاوانەی ناوە :

١ ـ ساڵی ١٩٥٢ لە میسر مەڵبەندێکی بەروەردەیی بنجینەیی بەناو (سرس الليان)ـەوە دامەزراوە .

٢ ـ لەساڵی ١٩٦٦دا دەزگای ئقلیمی عەرەبی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دانرا .

٣ دور مەڵبەندنی گەورەی راهێنان لە بەحرێن‌و لیبیا لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا .

٤ ـ چەند مەڵبەندێکی راهێنانی پسپۆری بۆ لیکۆڵینەوە لە وڵاتانی عیراق‌و سعودی‌و کوێت‌و قەتەرو لیبیاو جەزائیرو سودان دامەزرا .

٥ ـ تا ساڵی ١٩٨٥ لە کۆماری میسر ئەبێ لە هەر ساڵێکدا هەزار پۆل بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو منالانەی دزەیان لە خوێندن‌کروە بگەڕێتەوە بەو خوێندن .

٦ ـ لەساڵی ١٩٧٢ لە کۆماری سۆدان ئەنجومەنێکی نەتەوایەتی دامەزرا بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ لە ماوەی شەش‌ساڵدا نەخوێندەواری لە ناوببرێت .

٧ ـ لەساڵی ١٩٧٣ لە کۆماری سۆمال هەڵمەتێك دەستی پێکرد بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و بوژاندنەوەی لادێ نشینەکان .

٨ ـ لە کۆماری یەمەنی دیموکراتی پیلانێکی پێنج ساڵی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دانرا .

قبرنۆك٤لبنی‌ی‌تق‌ق٠،

(١) لە گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٧وە وەرگیراوە .

٢ ـ بۆ ئەم دووپرۆژەیە لە راپۆرەکەی د ـ عبدالامیر الوکیل کەڵك وەرگیراوە .

سەردانێك لە قوتابخانەی «الیافعین» نەوجەوانانی تێکەڵاو !

ئەوکاتەی بریار درا لە سەرتای وڵاتە خۆشەویستەکەماندا نەخوێندەراری ببڕای ببڕنەمێنێ ، بە پێی ئەوبریارە مێژووی‌یە تەمەنی هەموو مرۆڤێکی عێراقی بە ژن‌و پیاوەوە دەست‌نیشان کرا ، کە ئەویش لە شەش ساڵی‌یەوە دەبێت بخرێتە بەر خوێندن‌و ئەوانەی ئێستا تەمەنیان لە نێوان [١٥ تا ٤٥] ساڵی‌دایە دەبێت بڕۆنە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ... !

بەڵام لێرەدا چەند ساڵێکی تەمەن هەیە کە بەپێی هەمان بریار خوێندنی سەرەتایی‌و ئیلزامی نایان‌گرێتەوە ئەویش تەمەنی [١٠ تا ١٥] ساڵی‌یە .. ! کەواتە ئەگەر ئەوانە بە نەخوێندەواری بمێننەوە ئەوا کەلێنێکی ئاشکرا دەکەوێتە ئەو بڕیارەوە !! بەڵام چاکتر وایە بزانین کێ وە کوێ ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی داوە .... ؟

لەم‌ڕووەوە مامۆستا عزیز علی اسماعیل بەڕێوەبەری قوتابخانەی [الیافعین] نەوجەوانانی تێکەڵاو دەڵێت :

لە ساڵی ١٩٧٧دا ئەم‌قوتابخانەیە وەك تاقی‌کردنەوەیەك لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا کراوەتەوەو ئەمساڵ کرا بە قوتابخانەیەکی ڕەسمی ... . بۆ ئەمەش ئەو مامۆستایانەی کە ئێستا لێرە دەرس دەڵێنەوەو ژمارەیان [٧] مامۆستان بۆ ماوەی مانگێك دەورەیەکیان لە بەغدا بینیوەو ئامادەکران لە سەر ئەوەی چۆن دەرس بە قوتابیانی ئەم چەشنە تەمەنانە بڵێنەوەو ئێستاش ژمارەی قوتابی‌یەکانمان دەکاتە ٢١٠ قوتابی .

باشان مامۆستا عزیز دەربارەی ساڵەکانی خوێندنی ئەم قوتابخانەیە ووتی : لێرەدا قوتابی ماوەی چوار ساڵ دەخوێنێت‌و پاشان تاقی‌دەکرێتەوەو شەهادەی پۆلی شەشەمی سەرەتای پێدەدرێت ئەمەش لە ساڵی یەکەمدا بڕۆگرامی پۆلی یەك‌و دووی سەرەتای دەخوێنێت هەروەها لە ساڵی دوەمدا پۆلی سێچوار و لە ساڵی سێهەمدا پۆلی پێنج تەواو دەکات ، بەڵام لە چوارەم ساڵدا وەك ووتمان لە هەموو ڕوبەکەوە مامەڵەی قوتابی‌یەکی دەرچووی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەگەڵدا دەکرێت .. واتە بۆی هەیە پاش ئەم چوار ساڵە بچێتە قوتابخانەی ناوەندی‌بەوە .. .

لە دوای ئەم‌ڕونکردنانەوەی مامۆستا عزیز ، چوینە یەك دوو ژووری قوتابی‌یەکان‌و هەندێکیان بیروڕای خۆیان دەربڕی لەوانە :

١ ـ گوڵزار فرج دەڵێت : خۆم لە چینێکی هەژارم‌و تا ئێستا بە تەخوێندەواری ماومەتەوە چونکە باوکم ڕێگای نەداوم بڕۆمە قوتابخانە .. ، بەڵام ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی خەڵکی هەموویان بێ‌گومانین لەوەش کە نەقابەکەمان دەستێکی بالای نەبێت لە مان‌دان‌و گەشەپێدانی هونەری کوردی ڕەسەن‌و هەوڵدان بۆ گواستنەوەی ئامانجی پێش‌خستنی پاشەڕۆژی هونەر بەرەو قۆناغێکی پێش‌کەوتووتر .

● باشەکاك جلال ئەی نیازتان چۆنەو چی ئەکەن بۆ هونەرمەندان ؟ .

× کاکە هەروەکو لە یاسای نەقابەدا دەستنیشان کراوە یەکێ لەوهۆیانەی نەقابەی بۆ دامەزراوە خزمەت‌کردن‌و بەرگری کردنە لە هونەرمەندان‌و هەوڵدانە بۆ رادەی بیرو گۆڕ لەکەبەرزکردنەوەی رادەی بیرو ڕۆشنبیری‌و هونەری ئەوان‌و ڕەخساندنی باشترین هەوڵ‌و مەرج بۆ چاکترین شێوەی کارکردنیان‌و هەر لەم ڕوەشەوە وەکو سەرەتایەکی دروست‌بوون چەند هەوڵێکی پر سود دراوە بە نیازی خزمەت‌گوزاری هەنەرمەندان ئەویش لە ڕێگای کۆمەڵ‌و تیپە هونەریەکانەوە نەقابە هەوڵ‌و کۆششی تەواوی داوە کە بارمەتی بۆ هەندێکیان وەرگیراوەو هەروەها گفتی ئەوەشمان وەرگرتوە کە هونەرمەندانی کورد بەر شداری کۆنگرەو ئەنجامەکانی هونەریەکانی دەرەوەی وڵات بکەن بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی رادەی هونەری زانیاری هونەریان هەروەها هەوڵێ ئەوەمان داوە کە شانۆو هۆڵێی پێشانگە لە شارەکەمان‌دا دروست بکرێت تا هونەرمەندان بتوانن چالاکی‌و جموجوڵێکانی خۆیانی تیا بنوێنن ئەمە جگە لەوەی هەنگاونراوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو کارێکی هونەری پوختو ڕێز لێنانی هونەرمەندانی دڵسۆز بە هونەرەکەمان‌و خوابار بێت لە باشە ڕۆژدا باسێکی لەبارو خۆش گوزەران ئەرخسێنین بۆ هەموو هونەرمەندان هەموو لایەنەکانی هونەرەکەمان بەرەو ئاسۆیەکی روناکی باشەڕۆژی هونەری کوردی ڕەسەن .

بهاالدین احمد دەڵێت : ئێمەش جاران ماڵمان لە کرکوك بوو ، وە لە بەر ئەوەی ئەوکاتە منال بووم قوتابخانەم بە بیردا نەدەهات . ، بەڵام ئەمڕۆ بیرم‌کردۆتەوەو ئەم قوتابخانەیەش یەکەم هەڵ‌و دوا هەلە کە بە هۆیەوە فێری خوێندەواری دەبم .

ئەوەی شایانی باسە لە ئەنجامی ئەم سەردانەو چاو پێ‌کەوتنەی مامۆستاو قوتابیانی ئەم قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە ئەم داواکاریانە خۆیان هاوێشتە نێو باسەکەمانەوە : لەبەر ئەوەی ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی ئیلزامی نی‌یەو زوربەی هەرەزۆریان هەژارن داوای تەرخان‌کردنی پاسێکیان دەکرد بۆ هات‌وچۆی قوتابی‌یەکانیان وە بان بڕینەوەی مانگانەیەکی کەم لە لایەن میری‌یەوە بۆ دابین‌کردنی جل‌و بەرگ‌و پێداویستیەکانی ڕۆژانەی قوتابخانەیان بۆ ماوەی ئەم چوار ساڵە ..

فریا عبدالله

پ. هاوکاری لە سلێمانی .

Institut Kurde de Paris

هەلسەنگاندنا هاوکاریێ و خویندەوار

لروژا ٩-١-٩٧٩ هاوکاریا خوشتڤی دێ شەمالکەکا دی ڤەمرینیت ژ ژیێ خو ٠دێ پێنگاڤەکا دی هاڤێت بو خزمەتا تورێ کوردی ٠ بێ‌گومان لبەر ڤی چەندێ هەر جهێ هاوکاری بچێ دێ هەڤال و هوگرێت هێژاو سەربار هەبن ٠ چاڤ‌پێکەفتنەك مە دگەل جەند دلدارێت هاوکاری کر بیرو هزرێت وان وەرگرتن لسەر هاوکاریێ :-

برادەر احمد عبدالله سەروکێ ئیکەتیا تورەڤانا گوت!

دەنگێ رەوشەنڤانیا نفیسەڤانێت کورده پێشکەفتنا وێ ژ بیرو شیانێت دلسوزێ پەیڤا کوردیەیە ٠ مە ئومێدە سالا نوی باشتر دەرگەهێن بەلافکرنێ بێنە ڤەکرن بو دلسوزێت پەیڤو تورێ کوردیدا ٠ پێشینارەکم بێتر دەلیڤە بێتەدان ژبو رەوشەنبیرێت لاو ٠ بەرپەرێت وێ پێتربن ، بەرپەرێ کومانجیا ژووری هەڤتانەبیت لەبن چاڤدێریا شارەزایەکێ وی زاری ٠ ئێدی پێشکەتن و ڤەژین بو روژنامە هاوکاری وهەمی گوفارو پاشگوێیێت کوردی ٠٠

● **ماموستا عبدالکریم فندێ هوزانڤان گوت :** روژنامە هاوکاری مومکەکە روناهیێ دەتە هەمی رەخو رویێت خو هیڤیدارین ئەڤ مومکە گەشتربن وتیروشکێت وێ ب هێزو توندتربن چو رەخو قولاچکا نەهێلنە دتاریێدا ٠ هیڤیا مە ئەوە دەرگەهێن وێ فرەهتر لێ‌بێن، دەرگەهێن نوی لێ‌ڤەکەن وەکی دەرگەهەکی ترخان‌کەن بو زاروو‌کاو تورێ وان ٠ هەر وەسا بەرپەرێ کرمانجیا ژووری ب‌بیتە حەفتانە ئێدی سوپاس ٠

● **عبدالسلام صالح دوسکی:** ماموستایێ زمانێ کوردی لئامادەیا زاخو گوت : هاوکاری بڤی رویو نافەروکێ گەلەك یا خشیمانکە ئێکانەیە دناڤ روژنامەگەیی‌یا کوردی لئەفرو ، ئەڤە هەشت سالە خزمەتەکا پر سوود بو ئەزمان‌تورێ کوردی ب‌گشتی‌یا کری ٠ لدویڤ بیرو باورێت منە ئەڤ روژنامە پێتڤی‌یە پێشکەفتی‌تر لێ‌بێت ژ دوولافە أ - ژلایێ کەلواشی فە بەرپەرێت روژنامێ پێتر لێ‌بێن‌و ژمارێت وێ دحەفتی‌یێدا پتر لێ بێن ئەڤە دێ ربکێ فرەهتر لێ‌کەت بو بەرهەمێت ئەدەبێ کرمانجیا ژووری ٠

بژلایێ ناوەروکێڤە بابەتێت زانستی لسەر ئەزمانێ کوردی پویتە پێ‌بهێتەکرن نافو نیشانێت بەرپەرا لدویڤ هندە بابەتێت سەرەکی‌یێت ئەدەبێ مەبن ، ژبوونە نافو نیشانا «ئەدەب و ژیان» بڤی نافی نەمینیت پشکەکێ ژێ بو فولکلورێ کوردی ترخان‌کەن ، پشکەك ژبو رەخنا ئەدەبی‌و لێکولینێ‌و چێروکا ٠

● **هەڤال مصدق توفی** هوزانڤان گوت ، دبیرهاتنا هەشتێ یا هاوکاریدا هەکە هەلسەنگاندنەکا زانستی بو بکەین پێدڤی‌یە هژمارێت هەشت سالادا بچینەخواری‌و بجاڤەکێ رەخنەیی‌و دلسوزانە دەورێ هاوکاریێ دناڤ روژنامەڤانیا کوردی‌دا بهەلسەنگینین ، ئەڤە ژی کارەکێ گرانەو پێدڤی دەمەکێ درێژە٠ بەلێ ئەنجامێ هەڤپشکی‌یا مە دگەل بەرپەرێت هاوکاریێ دحەفت سالێت بوری ئەم دکارین بێژین هاوکاری یا گەهشتیە پەیسکەکا بلند ، دڤان دوو سالێت دویماهیێدا روژنامە کارتێ‌کرنەکا مەزن یا کری لسەر سەروبەرێ روشن‌بیری‌و ئەدەبی ،پێنگاڤێت بەرفرەهە بێت هاڤیتین وبو پێشیێ یا چوی ، سەر ڤێرا چەند کێماسیێت هونەری بێت تێدا زێدەبار شاشیێت (اغلاط) چاپکرنێ ، هندەك بابەتێت خاڤو لاواز یێت تورەی هندەك جارا تێنە بەلافکرن ٠ بەرپەرێ کرمانجی‌یا ژووری هەمی هەفتی‌یا بێتە بەلاڤ‌کرن ، یا فەرە بو بابەتێت هونەری‌و زانستی کوژبیت تایبەتی بێنەترخان‌کرن

● سەیدا احمد عبدالله ●

● سەیدا عبدالرحمن مزوری ●

دەرگەهەکێ تایبەتی بێتەڤەکرن بو دەنگ‌و باسێت روشن‌بیری‌و هونەری‌و چڤاکی ل‌کوردستانێ٠ پێش ئەچونا هاوکاریێ هیڤیامە هەمیانە ٠

● **برادەر عبدالرحمن مزوری گوت :** حنێرا گاڤێن -هاوکاری - بو پێشەبرنا کەشتیا ئەدەب‌و زمانی‌و رەوشەنبیری‌یا کوردی بشت‌گوهڤە نا ئێتە هاڤێتن ٠٠٠ چەند جارا بارانا هاوکاری شەهیان‌و مەهرەجان‌و گورانگەهێن مەعری لتم دەڤەرا کوردستانێ ئاڤدابنە٠٠ چەند جارا هاوکاری شتل‌و تەرحێن تەریبیت‌راکرین‌و پێگەهاندین ٠٠٠ براستی بو من ئەگەرهاوکاری نەبادگەل سەیدا نەقشەبەتدی کو بەرپرسیاریێ بەرپەرێ کرمانجی بو وەختێ خو ، مژی نهو بەلکی نەدزانی ڤان رەش‌رەشکا بنفیسم٠ هیڤیدارم دسالا نوی‌دا روژنامە مە ئاگەهداری ڤان خالان بیت :

١ - چار بەرپەرێن دی زێدەکەت ، وانە ب‌بیتە (١٢) بەرپەر

٢ - بەرپەرێ کرمانجی هەمی حەفتی‌یا دەرکەڤێت چونکی نفیسنێن مە هندەکا هەیڤ هەبڤ یان دوو هەیڤ‌هەیڤ لوێرێ دنڤن یان دمرن ٠

٣ - پیچەك چەوتی‌یێن چاپێ کێم کەت حەتا هندە جارا خو نافێ سەروکێ گوتارێ یان شعرێ چەوت تێتە چاپکرن ٠

٤ - هژمارێن تێنە دهوکێ پێترلێ‌کەن ٠ ئو هیڤیدارین هەمیشە هاوکاری بگەهیتە وان کێل‌و مەبەستێن ژبەر هاتیە دانان‌و دامەزراندن ٠

● **برادەر فارس عبدالله** چێروك نفیس گوت : چەوا مروڤ بەرێ ئاڤەکا تەزی لهەیڤا تیرمەهێ بەردەتە سەر زەڤیەکا دێم‌و تیهنی ئەڤچا چەند ب‌هێلی ئەو ئاخ دێ پێتر ئاڤێ فەخوت ٠ ل یامن روژنامە هاوکاری کارێ وێ بو دەستەکا روشنبیرێت کوود هێشتا پترە ٠دل‌و هنافێن‌وان‌ئاڤ‌دەتن فەنەرەکە ژ فەنەرێن روشنبیرێ لهندڤ ئاسمانێ مە ، دێ هەرە تە پیروز بتن ئەو دیاریا تە زمەرا شاندی ، هیڤیا مە ئەوە چو جاران دارا مە هشك نەبتن ٠ چو جارا هاوکاری نەکەڤیتە چو خەفکان ٠ بەلێ هیڤیا مە ئەوە ژ دەستەکا رێڤەبەرێن هاوکاری بەهەمی ژیهاتنا خوەڤە هانبدەن بەرفرەهەکرنا شێوەی ژوری ٠ چونکە ئەو ژی پێنگاڤەکە بو زەنگین‌و پێش‌کەفتنا زمانێ ئەدەبێ ئێك‌گرتی ٠

● **انور محمد طاهر** چیروك نفیس گوت :-روژنامە هاوکاری جهێ خویێ بەرزو بلند یێ هەی لناڤ هەمی خویندەواریت کورد ٠ قەت گومان دبەڤا مەدا نینە هەکە ئەم بێژین روژنامە هاوکاری

بروانە : ل : ٧

● سەیدا فارس عبدالله ●

● سەیدا عبدالکریم فندی ●

● سەیدا عبدالسلام صالح‌دوسکی ●

● سەیدا مصدق توفی ●

دەستویرخازیا زانایێ ناڤدار پروفیسور کامیران بدرخان

ل پاریسێ باژێرێ روناهی و سەربەستیێ ، زانین ، توێڤانی و هنرمەندیی ، خەمخورەکێ دل کوزری ، دلسوژ و ئەڤیندارێ بێژە و گوتنێت کوردی ، ژ سەرهاتی، ستران ولاڤزان ، داستان ، چیرۆك و زمان ، دویرۆك و تور و هۆزان روژا (٤)ێ مەها کانونیا بچویك سالا (١٩٧٨)تان ، دلێ پروفیسورێ ژیهاتی و مەزنێ کوردان ، دوکتورێ ب ناڤ ودەنگ‌کامیران بەدرخان راوەستیا و چاڤێت وی هەتا هەتا نقیان و دەستویرخازیا دویماهیێ ژ زانان و روشەنبیران و مللەتێ کوردان خاست چو بەر دلۆڤانیا یەزدان ٠ ڤێ دەستویرخازیێ زیانەکا ئێکجار مەزن گەهاندە کولتور تور و روشەنبیرێ کوردان بەرا گومان ، ژبەرکو ژ ناڤ چۆنا بزافکەرەکێ وەکی وی یێ شەڤ دکرە رۆژ و رۆژ دکرە شەڤ هەتا کو د ژیێ هەشتێ سالیێ ویڤە ژی ، نەمازە بەهەشتی کو کەنکەنە ، پوسپور و ڤیزەرس و ژیهاتیەکێ ئێکجار بەرکەڤتی و دەستهاتی د روشەنبیریا کوردی‌دا ، بەلەبەر مەلەبەر مرمزا د زمان و تور ، دویروك و فولکلۆری کوردی‌دا ٠

بەلێ رێچا بزاڤ و خەباتا وی دێ بتە پروگرام بۆ خورت و تولازێت نویهاتی کو رێگا وی بگرن ل سەر بجن هەتا کودگەهنە ئارمانج و دارخازا مللەتێ کورد د بەهەفکرنا روشەنبیریەکا قەژی و گەشدار ٠ ئەگەر و گرۆڤ و نیشانەیێت دەستهاتن و شەهرەزایی و ڤیزەرسیا بەهەشتی ژ بەر ڤان هەلی و ژیهاتنێت ژێری‌یە :

١ - بەهەشتی پروفیسور کامیران بەدرخان شەهرەزا و مەلەڤان بویە د ڤان زمانێت جیهانی‌دا ٠

أ - زمانێ فرەنسی کو زمانەکێ پێشکەڤتی‌یە ژ زمانێت جیهانی چەند کتێب پی دانانیە ژ بلی هوزانێت پێ ڤەهاندین ٠

ب : زمانێ ئەلمانی دیسا تێ‌دا مەلەڤان بویە کتێب پێ دانانیە و هوزان پێ ڤەهاندینە٠

ج - زمانێ ئنگلیزی کەلەك رافا ئانکو ڤەگوهازتی ژ کوردی کرینە و بەروڤاژی ٠

د : یونانی ، پاشی پێ ئاخڤتیە و تێ گەهشتیە ٠

هـ : تورکی : کتێب پێ دانابنە ، نەمازە رێزمانا کوردی کرمانجی تورکی هەڤبەرکری ژبلی گۆتار و ریسێرجان ٠

و : عەرەبی : تەفسیرا قورئانێ ژ عەرەبی بو کوردی د گەل رافاکرنا حەدیسێت پێغەمبەری (س) ٠

ز : فارسی : هۆزان ژ فارسی ب کوردی ڤەهاندینە نەماز « چارنێن خەیام » ٠

٢ : ناڤبرێ بەهەشتی ژ روژنامەڤانێت دەستەکا یەکێ ژ کوردان د سەدێ بیستێ‌دا بویە ، کو گۆڤار و روژنامە ب زمانێ کوردی ل شامێ و بێروتێ بەرهەڤ دکرن ، چاپ دکرن و بەلاڤدکرن ژ سالا (١٩٣٢)ێ وێڤە دگەل برایێ خو یێ نەمر زانایێ ب ناڤ و دەنگ جەلادەت بەدرخانی هژمارا بەکێ یا هاوارێ ل روژا (١٥)ێ گولانا سالا (١٩٣٢)ێ بەلافکر هەتا (١٨-٨-١٩٣٥) کو هژمارا (٢٦)ێ ژ کۆڤارا ناڤبری بەلافکر ٠ پاشی ڤێ هژمارێ کۆڤارا هاوارێ بەلاڤ نەبو هەتا روژا شەمبی (١٥)ێ نیسانا سالا (١٩٤١)ێ هژمارا (٢٧)ێ هاتیە بەلافکرن و بەردەوام بەلاڤبو هەتا روژا (١٥)ێ تەباخا سالا (١٩٤٣)ێ هژمارا (٥٧)ێ کو هژمارا دویماهیێ یا هاوارێ بو ٠ ژبلی کوڤارا روناهیێ کو دویڤەلانا کۆڤارا هاوارێ بو ، ژ روژا چارشەمبی بەکی نیسانا سالا (١٩٤٢)ێ بەلاڤبو هەتا مەها ئادارێ سالا (١٩٤٥)ێ کو هژمارا (٢٨)ێ هژمارا دویماهیێ‌بو هاتیە بەلافکرن ٠

گۆتارێت بەهەشتی ، تەفسیرا قورئانێ و حەدیسێت پێغەمبەری ل پێشیا هژمارێت هاوارێ‌دا بەرچاڤ بون ٠ ئەڤە ژبلی دو کۆڤارێت بەهەشتی ل بێروتێ :

أ - روژا نوی کوردی فرەنسی ل روژا دوشەمبی (٣)ێ مەها گولانا سالا (١٩٤٣)ێ هاتە بەلافکرن هەتا هژمار گەهشتیە (٦٩)ێ٠

ب - « ستێر » ل روژا (٦)ێ کانونا پێشی (بچویك) سالا (١٩٤٣)ێ ، کوردی فرەنسی هاتە بەلافکرن بەلێ سێ هژمار ب تنێ ژێ بەلاڤبون ٠ ژ بزاڤ و خەباتا بەهەشتی د وی واری‌دا دیار و خویا بو کو پروفیسور بەدرخانی دەستەکێ بلند و بالا د روژنامەڤانێ‌دا هەبویە ژ نەمازە روژنامەڤانی‌یا کوردی ٠

پروفیسورێ بەهەشتی دوکتور کامیران بەدرخان ژ زانایێت کورد یێت ب ناڤ دەنگە د زمانێ کوردی کرمانجی‌دا ، گرۆڤێ ژیهاتن و شەهرەزایا وی دەزمانێ ماکێ‌دا ئەڤ هژمارا نڤشتانە یێت کو ب زمانێ کوردی و فرەنسی دانایێ :

١ - «ئەلفا بێیا من » یا ب وێنە و بۆ زاروکێت کورد دانایێ و د ژێو کتێبخانا هاوارێ هەژمار (١١) سالا (١٩٣٨)ێ ل شامێ ل چاپخانا تەرقی چاپ بوی ٠

٢ - « الفابیامن » ، بێ وێنە و د ژێر کتێبخانا هاوارێ هەژمار (٩) ل چاپخانا تەرقی ل شامێ چاپ بویە ٠

٣ - « زمانێ کوردی » بو شاگردێت خو ل پاریسێ ب زمانێ فرەنسی سالا (١٩٥٣)ێ دانایە دو جزمە ٠

٤ - « خویندنا کوردی » سالا ١٩٥٦ی ل پاریسێ ٠

٥ - « زمانێ مادەر » سالا «١٩٥٨» ی‌ل‌پاریسێ ٠

٦ -«قیربونازمانێ کوردی» سالا (١٩٨٦)ێ ل پاریسێ

٧ - « ریزمانا کوردی » سالا (١٩٧١) ا ل پاریسێ ٠

٨ - « پەرچەیێن بژارتە » سالا (١٩٧١)ێ ل پاریسێ ٠

٩- «دەستێکیرنا خوەندنێ» سالا (١٩٧١)ێ ل پاریسێ ٠

١٠ - « زمانێ کوردی » ب هەڤبشکی د گەل (س٠شفان) سالا (١٩٧٦)ێ ل ستامبولێ چاپبویە ب کرمانجی وتورکی٠

١١ - « ڤەرهەنگا کوردی فرەنسی » (٥٠) هەزار بێژەنە ل ژێر چاپبویە ٠

١٢ - ڤەرهەنگا فرەنسی کوردی (٤٥) هەزار بێژەنە هێژ چاپ نەبویە ٠

ئەڤ هەمی نڤشتەنە ژبلی نڤشتێت دینی :

١ - « دەرسێت شریعەتێ ئسلامێ» ب زمانێ کوردی (١٩٧١) پاریسێ ٠

٢ -« دەرسێت دیانەتێ و حەدیسێت جەنابی پێغەمبەر» ب زمانێ کوردی (پاریسی ١٩٧١) ٠

٣ - « تەفسیرا قورئانا پیرۆز» ب زمانێ کوردی (پاریسی١٩٧١) ٠

ژ لایێ تۆپی‌و تۆڤانی‌و کولتوری کوردی‌ڤە ،بەهشتی هۆزانڤانەکێ دەستهاتی و ژ بەر خو دەرکەڤتی بویە ، ژبەرکو شەهرەزایەکێ ئێکانە بویە د زمانێت پێشکەڤتی ،فرەنسی ، ئەلمانی و ئنگلیزی ، عەرەبی، ژبلی تورکی ، یونانی و کوردی هەر وەکی هاتیە گۆتن ، ژبەر هندی هۆزانێت هۆزانڤانێت ب ناڤ و دەنگێت فرەنسی وەکی لامارتینی ، فیکتور هوگوی و بزاڤێت وەسا رافاکرینە کوردی وکۆڤار ودرۆژنامێت‌کوردی‌دا بەلافکرینە ٠ ئەڤە ژبلی رافاکرنا هۆزانێت کوردی تەرموکی و حاجی قادرێ کویی بو زمانێ فرەنسی و رافایا چیرۆك، داستان ، ستران لاڤزێت کوردی بو زمانێ فرەنسی کو ژ نڤشتێت وی دڤێ چەندێ‌دا ئەڤێت ژێرینە :

١ - سەرهاتی یێت کوردی و هۆزان دگەل ریسێرجا (هەلشکافتنا) بابەتێ تۆرێ کوردی د ئەلمندێ (بەریبەیان) دیاربوینی‌یا وی ب هەڤبشکی د گەل لویس پۆل مارگرێت رافاکرینە زمانێ فرەنسی و سالا (١٩٣٨) ێ چاپویەل پاریسێ ٠

٢ - چارنێن خیام رافایا « رباعیات خیام » ژ فارسی ب کوردی کرمانجی ڤەهاندینە ودبن هژمارا (١٣)ێ کتێبخانا هاوارێ سالا (١٩٣٩) ێ ل چاپخانا تەرەقی چاپ بویە ٠

٣- رافاکرنا هۆزانێت عەلی تەرموکی ب هەڤبشکی دگەل زانایێ ئەلمان von Gurt Wunderlich کول بەرلینێ سا (١٩٣٥)ێ چاپبویە ٠

٤ - نڤشتا یەهەشتی ب زمانێ فرەنسی ب ناڤێ کول‌پاریسێ سالا (١٩٧٣)ێ ل چاپخانا سانجەرمان چاپبویە ٠ نڤشت بریێیە ژ هۆزانێت سترانی ٠ ژبلی :

٥- «دلێ کورێن من » کو دبن هژمارا (٣) ژ کتێبچانا هاوارێ سالا (١٩٣٧) ێ چاپبویە ٠ دگەل هژمارەکا مەزن یا گۆتار ، ریسێرج و بابەتێت سنج و رێز و سەر و بەر و رەوشتێت مللەتێ کورد د روژنامە و کوڤار و بێشگوتنێت تڤشتادا هاتینە بەلافکرن، بەهشتی پوسپۆرەکی کوردێ جیهانی بو ٠ خودێ ب دلۆڤانیا خو جهێ‌بکەتە بەهەشت دلە دلی مللەتێ کورد بدەت ، و بەرێ خورتێت کورد ب دەتە رێکا وی دەست نیشانکری کو تیرا بچن ژبو ڤەژین و ڤەژاندن و پێشدابرنا کولتورێ کوردی ٠

زێرەڤان

بەرسڤا هاوکاری

بەرسڤا هاوکاری

● **بۆ خوادانێ « نانپێژێ» و «ئەزم کەلەم» ٠**

برادەر ، بخواڤەرا ئەواتە نڤیسی هۆزانەکا نازایە ، بەلێ نەوەسایە ، چونکی هۆزانا نازاژی کێشاخۆ یا هەی ، رەنگە هەکە تۆ جارەکا دی ڤێدا بچیەڤە تشتەکێ جوان ژێ‌چێبیت ، هەلبەت مەژی دڤێت بەرهەمێت تە بێت جوان‌و باش نیشا خویندەڤانێت خۆ بدەین ، لەوا لە نەگرە گو مە ئەڤە بەلاڤ‌نەکر ٠

● **بو برادەران :**

تحسینێ مامەسەنی -هەڤلێر ،سلیانی کامل-نامێدێ باسل صدیق-نامێدێ ، سوبحی عەبدول رەحمان سەڤەری ، ابراهیم کۆچەر -دهۆك ، دلدار بەرواری - نەبنەوا محسنێ سلێڤانەیی -نەبنەوا ، هەژار عبدالقار - باتیف ٠ ئەم هیڤی‌دکەین چاڤەکی دی ڤ‌بەرهەمێت خۆ‌دا بکێرن‌و هەکە نیشا چەند برادەران ژی بدەن هێشتا باشترو سوپاسی٠

● **بۆ برادەر مصطفی سلیم سعید ئاکرەیی ٠٠**

رەنگە هەکە تو هۆزانا خۆ (دێ وەرەڤە) کورتتربکەی‌و پیچەك هەلسەنگینی نەم بشنیی بەلاڤکەین ، سوپاسی٠

● **بۆ برادەر (چاڤەرێ دۆسکی)**

(دەرویشێ عەڤدی) و(من تو ڤیای)و (شڤانۆ -و (وەرەڤە) ٠

هەرچارپێدڤی بژارکرنێ‌نە ، بەردەوامبە

لەزێ ل‌بەلاڤکرنێ نەکە ویێ بەردەوا مبیە

● **بۆ برادەر (عبیدالله داود بالەتە) :**

هوزانە تە (یارا من) گەلەك کێماسی تێدا هەبوون ودبا دیارە تە لەزا لنفیسینێ‌و فرێکرنا وێ کری ، رەنگە هەکە تۆ بخوینیەڤە هزرا خۆ دهندەك رێزکێت وێ‌دا بگوهوڕی ، هیڤیدارین پێتر خو بوەستینی ٠

● **بۆ برادەر (نورالدین سعید مصطفی) :**

هەردوو هۆزانێت تە (نامەیەك بۆ دۆستا من)و (نارینا من) دەست نادەن بۆ بەلاڤکرنێ چونکە گەلەك کێماس یێن تێدا هەبن ، هیڤیا مە ئەوە سەرژنوی ل‌بێژینگێ بکەیەڤە٠

● **بۆ برادەر (فرید عبدالقادر طاهر) :**

هەرچەندە دەستخەتێ تە گەلەکێ خۆشە ، بەلێ مخابن ٠ ئەم نەشیاین بدروستی هۆزانا تە (ئەڤینی)بخوینین ژبەرهەلیێت رێنڤیسێ،حەزدکەی نیشا هندەك هەڤالێن خۆزی بدە ٠

● **بۆ (خالد عبدالرحمن الباجلوری) :**

ژ هۆزانا تە (یا گوهداربە) هەر ئەڤ. چەند رێزکە بکێر بەلاڤکرنێ هاتن :

یارا منی
هەتا مرنێ هەر بۆ منی
× ×
وەرە روینە
دێ ڤی چرابێ‌ڤەمری‌هەلکەینەڤە
رێکا تارینێ دێ ل‌ئێکودوو
روونکەینەڤە ٠
× ×
هۆگرا من
گۆڤەندەکێ ئەز ببینم
تۆ ل‌ناڤ نەبی
ئەز ناهێمێ
شرینا من
تۆ چپکەکی ژ خوینا من

● **بۆبرادەر (غازی شیروانی): هەر ئەڤە چار رێزکەژ** هوزانا تە (خەما نەخۆ) بکێر بەلاڤکرنێ هاتن :

تۆ هشك نابی ، هەر دمینی
دناڤ دلا تۆ ئەڤینی
ئەنکی تۆ دێ من کەنینی؟
ژینا خۆشەو نەپرچینی ٠

بشکۆشکین گول و کولیکان

من ناسکری

رۆژم وەلات **هیڤیدار هروری**

من تو دیتی‌و
تو ناسکری
لەوما سپێدا زوی دەردکەڤم
تیروشکێت خو بەلاڤ‌دکەم
لچار رەخێنی تە
لەوما سپێدا زۆیکا هەلتێم
دبشکڤینم بنەڤشوکا لناڤ
لاتك‌و دیوارکێن تە
یتروشکا ددەم رۆی‌یێ
هەیڤێ
دا رونکەت طاری شەڤا
تە
من تو دیتی
لەوما یتروشك زمن
نامرن
سەرتیژن تهێنی ئاگرن
لەوما عەورێت رەش دیەن
بارانم ئەز
ئەی وەلات‌و
من تو دیتی‌و
تو ناسکری
لەوما هەردەم
هێدی ٠٠. هێدی
چپك ... چپك
تێمە خارێ سەر ئاخا تە
بەیارا تە روشین دکەم
بەربەروشکا ئافی دکەم
من تو دیتی
لەرما عەورێت رەش‌و طاری
ئەزەکا زەلاڵ‌و رهون
بەدابم تێمەخاری
دا نێرگزاو تورم‌و رها
هشك نەبینم لچو جها
هشك نەبینم لچو جها
× ×

ئەڤین

محمد امین دوسکی

بزاڤا ژینێ دەنك ڤەدا
چەپ قەت نەدا
هاتو کەتە گوهێ مانێ
کو ب‌ڤیانێ
بو نەمانێ
دلا ڤین قەت نەقە یت کرن
دەر نەکرن
تاکو بمرن
ژهەمی رەنگا بخو برن
ژ وێ روژێ
وەکی روژێ
مە هەمیال‌خو عەسمان‌کرن
هەرو دبینین
وێ دحەبینین
ب‌هزار رەنگا مەکار کرن
ب‌هەمی دەنگا
دا دل ب‌کرن
مە چەند ژێرا تەخمین کرن
دلوڤانێ
تەو ڤیانێ
ل‌دلێت چەندا کول خرکرن
ئەڤین مانە ل‌ڤێ جیهانێ
ئەوە مومکا طارستانێ ٠

سالوخێت جوانیا تە

ادریس مائی

ئەگەر بێژم
تو نیرگزا لحەودێ چاندی
یا جانتری ژوێ نیرگزێ
تو نڤینوکا ئەڤیێی
تە ئەڤینی
یا لسەر دلێ من نڤاندی
تو ئەو گولی
یا رهێت خو
ددلێ منێ رەبەن ژاردا
شین‌کرین
تو ئەو تیرێ
یا دلێ من تژی کولو
برین‌کرین
ما هوسایە ...بوچی‌شرین
× ×
ششربنا من
دەمێ تیروسشکا ڤێ روژێ
لدەربایێ چاڤێت تە ددەتن
بریسیەکا تیژو دژوار
ژێ ڤەددەتن
روناهیەك ددەت دلێ من
دەردەك ژ دلێ من درەڤیتن
ئەوی دەردی
دلێ من پێ چرمساندی
دارا ئەڤینێ ژرهیا
یا لەڤاندی
شیروخا دەردو کوڤانا
بالمێلاکێت من شداندی

Institut kurde de Paris

شێوەیە کە دەبێ لە کەرتی سوشیالیستدا بێ ، بێگومان لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا ... هەندێ جیاوازی جۆرەکی لە نێوان ئەوو ئەمدا . ئەو لە باری عەملیەوە خزمەتی سامانی نەتەوەیی‌یە کە سامانی گەلە . کەواتە ، ئەگەر لەکاری کەرتی تایبەتی هەندێ ڕێو شوێنی زانراو هەبێ و بخرێتە بەر ڕێڕەوی بزوتنەوەی سوشیالیست کە یاسا ناوەندیەکانی دەستکردی دەسەڵاتێکن کە نوێنەری ڕێبازی سوشیالیستی‌یەو نوێنەری گەلیشەو لەباری عەملیەوە ، ئەم چالاکیەی پێویستەو لە چوارچێوەی ڕێبازی سوشیالیستدا دەویسترێ ، مادام ئەم جۆرە چالاکیە پێویستەو ئەگەر وانەبێ ، ئەوا لەکار دەکەوێ .
شۆڕشی سوشیالیستیش لە هەموو کاتێکدا توانای ئەوەی هەیە هەر جۆرە چالاکیەکی تایبەتی لەکار بخا کە لەگەڵ ڕێبازیدا ناگونجێ .

کاتێ کە پێویست دەبێ ، بەڵکو دەویسترێ ، ئەو کاتە زیان پێگەیاندنی ، زیان دانە لە قازانجی نیشتیمانیو نەتەوەیی ، زیان دانە لە سوودی کرێکاران، زیان دانە لەسوودی جوتیاران ، زیان دانە لە قازانجی وڵات ، کاتێ کە بەم جۆرە پێ لەسەر گرنگی‌ی کارکردنی ورد لە تەواوی کاتی دانراودا تەنانەت لە کەرتی تایبەتیشدا دادەگرین ، ئەو کاتە دەزانرێ چەند پێویستە پێ لەسەر ڕێزگرتنی کاتو دەستەبەری کردنی بەوردی کارکردن لەکەرتی سوشیالیستدا دابگرین .
چۆن سەیری داواخوازی دەکەین لە قۆناغی تێکۆشانی سەلبی داو چۆن لەقۆناغی بیناکاری سۆشیالیستیدا سەیری دەکەین ؟ داوا خوازی لە تێکۆشانی سەلبی‌دا شێوەیەکی سیاسیە ، سەرەڕای ئەوەش کە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریشە ، واتە لەڕێی ئەوەوە لەچوارچێوەی کەرتی ئیشکەراندا قەوارەی کۆنەپەرستی لەقو لۆق دەکا ، قەوارەی ئەو سیستەمانە لەقو لۆق دەکا کە دژبە کرێکارانیو لە هەمان کاتدا دژبەگەلیشن . بەڵام لە بیناکاری سوشیالیستدا ، خاوەن کار لە دوا ئاکام و دوا ئەنجامدا نوێنەری کرێکارانە ، خاوەن کار لە سیستەمی سوشیالیستدا نوێنەری کرێکارانە جونکە نوێنەری ئەو دەسەڵاتەیە کە ئاوێنەی سوودو قازانجی گەلە .

لەناو ئەم سوودەداو جێگەیەکی ناوەندی بۆ قازانجی کرێکاران هەیە بەپێی ئەو شێوەیەی کە بەر لە نەختێك باسمان کرد .
ئەم جۆرە وەزعەی ڕێو شوێنی خاوەن کاری نوێ لە کەرتی سوشیالیستدا ، ڕێی‌و شوێنی داواخوازی ناکاتە ئەوەی لە پێشودا بەکار دەهێنرا .
ڕێو شوێنێکی تری نوێی هەیە ، کە بریتی‌یە لە ڕێو شوێنی ئیختساسی کەرتی کە دەتوانێ ئەوەی کەمەبدانی‌یە باشتر ببینێ لە شوێنەکەی تردا .
ڕێو شوێنی داوا خوازی ، لەجیاتی ئەوەی وەکو ڕێو شوێنی ناکۆکی پێویستەو ویستراو بۆ بیانوکاری لەکاری سیاسی‌دا دژی دەسەڵاتداریتی ، یان بۆ بچرینەوەی داخوازی نیقابی ، بە تین‌رینەوە ، لەسیستەمی سوشیالیستیدا بخرێتە روو ، بەڕێو شوێنی قسەو گفتوگۆکردن دەخرێتە روو تا ئەوانی تر لەو پێویستیە عەملیانە بگەن کە بۆ بەرزکردنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئیشکەران پێویستن ، بەڕێو شوێنی گفتوگۆکردنی دیموکراتیانە نەك بە شێوەی شان لە شاندان لەگەڵ نەبوونی هیچ ئامانجێکی سیاسی‌دا ، ئەو ئامانجە نەبێ کە گفتوگۆکە دەکاتە ڕێگا بەرەو داچەسپاندنی جێگاکانی شۆڕش‌و خزمەت‌کردنی کۆمەڵگا بەگوێرەی ڕێبازی نوێ .
بۆ بەجێهێنانی کاری باشتر ، نابێ خۆتان لەگەڵ خەڵکی تردا بەراوردبکەن ، بەڵکو دەبێ کاری خۆتان لەگەڵ ئەوەدا بەراوردبکەن کەدەبێ وابێ ... نابێو ناکرێو کارێکی چەوتو سایشتێکی چەوتە ... ئەگەر جوتیار بڵێ من لە کێڵگەی دەوڵەت کار ناکەم چونکە فلانە فەرمانبەر بەگوێرەی پێویست کارناکا ... یان کرێکار بڵێ ، باش کار ناکەم چونکە فلانە فەرمانبەر باش کار ناکا . بەراورد کردنی ئەوەی کە باشە ئەوەی کە باشنیە لەسەر ئەساسی ئەو کەسانە نیە کە هەڵە لە فرمانی خۆباندا دەکەن ... بەڵکو بەراورد دەبێ لەگەڵ ئەو نموونەیەدا بێ کە باز بەسەر فرماندا بەرەو شتی‌باشترو پوختەتر دەدا ، بەراورد دەبێ لەسەر ئەساسی ئەو فرمانەبێ کە هەریەکەمان لەسەریەتی لەچوار چێوەی ئەو ڕێو شوێنە ڕاستانەدا کە اشۆڕش‌و دەزگاکانی ڕاپەڕاندن بەجێی دێنن ... و هەمیشە دەبێ لەبیرمانبێ ، کەمانی زۆرتر واتە فرمانی زۆرتر ، بەڵکو داواکردنی مافی زیاتر دەبێ پاش گرتنە ئەستۆی فرمانی زیاتربێ .

● ئەرکو ئیمتیازیات

هەندێك لەو بڕیانەی باوەڕنامەی دکتۆرایان هەیە تەلەفۆن بۆ خۆم دەکەن ، یا دەیانەوێت لەگەڵ هاوولاتیاندا چاویان پێم بکەوێت .. دێنو ئیمتیازیاتیان دەوێت .. جۆرە یاسایەکی وایان دەوێت کەوایان لێبکا ئیمتیازیان هەبێت بەسەر گەلی عیراق‌دا ، لە کرێنی ئۆتۆمبێلدا وەیاخود لەوەدا خانووی هەبێت وە یا لە لە چاکەی تردا ، بەڵکو لەگەڵ هەموو داخێکدا هەندێکیان دەگاتە ڕادەی ئەوەی شەرمیان لە خۆیان نایەت‌و دەڵێن .. گەورەم من لە ئەمەریکاوە هاتووم‌و لەوێ دەمتوانی چاکتر بژیم .. ئەمە شتێکی بە نازارە .. شتێکی ناخۆشە کە هەست بەوە نەکا ئەو کرێکارە چەندی پێ بە خشیوە کە مردو دەرمانی نەبووە چارەسەری خۆی پێ بکا ، ئەو جوتیارەی مردوو نەیتوانیوە بگاتە خەستەخانەیەکی نزیك ، چەندەیان پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی بروات‌و لە ئەمەریکا دکتۆرا بخوێنێت ، وەیا لە ئینگلتەرە لە باتی ئەوەی هەست بەوە بکا کە لە خەڵکی تر زیاتر ئەرکی بەسەر شانەوەیە بەرامبەر ئەم نیشتمانو ئەم گەلە کە بە هۆی تەقەللای خەڵکی ترەوە خستوویەتە ئەو جێگایە کە لەوانی جیا دەکاتەوە لەباتی ئەوەی هەست بکا کە ئەرکی گەورە ترو قورسایی

دەقی وتارەکەی بەڕێز صدام حسین (پاشماوە)

زیاتری لە ئیلتیزامات دەکەوێتە ئەستۆ دێت بۆ ئەوەی ئیمتیاز بەسەر گەلی عیراقیدا وەربگرێت .
ئەو جۆرە کەسانە ڕوو بەڕوو پێم دەوتن لەگەڵ ئەوەدا من کە « مەسۆولم» ئازارم بەم قسەیە دەچەشت کە پێیان بڵێم .. بۆ لە ئەمەریکاوە هاتن .. وە بەڕاستی ئەو جۆرە کەسانە ناتوانن خزمەتێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆ ببەخشن ، ئەوەی بەڕاستی خزمەتی نیشتمان دەکا ئەو مرۆڤەیە کە لە ڕەگەو ڕیشەیدا دەژێ، لە ڕەگ ڕویشەیدا ژیانێکی ڕاستەقینە دەژی‌و دەیەوێت زیاتر خزمەت بکا .. زیاتر پێشکەش بکا ..زیاتر ماندووببێت .. هەوڵو تەقەللایەکی زیاتر پێشکەش بکا هەموو ڕۆژێ هەست بەوە دەکا کە چاکەی کۆمەڵی بەسەرەویە ، چاکەی نەتەوەو چاکەی گەلی بەسەرەوەیە، چاکەی نیشتمانی بەسەرەوەیە .. ئیمە گەلی خۆمانمان تەنیا ئەوکاتە خۆش ناوێت کە لە هەموو شتێکا ڕاستبێت .

خۆشەویستی گەل

ئەم گەلەمان خۆش دەوێت کاتێ « چەوتە » خۆشمان دەوێت (کە ڕاستە) خۆشمان دەوێت‌و ئەرکی ئەوە دەخەبنە سەر شانمان کە ئەو چەوتیانەی تیایدایە ڕاستی بکەینەوە،بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ڕاستی‌یە کە دەمانەوێت، نەتەوە پێویست نی‌یە کە دەرچوویەکی ئەمەریکا یا ئینگلتەرە خۆشیان بوێت کە بە تەواوەتی ڕاست بێت‌و هیچ جۆرە نەخۆشی‌یەکی نەبێت ،نابێت ئەو کاتە بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان کاتێ گەل لە گەشەکردن‌و کۆمەڵ گەشاوە بێت پێویستە بە پێچەوانەوە ئەو کاتە هەست بکا کە چەوتی لەناو گەلدا دەبێت لە ناو کۆمەڵدا دەبێت ئیستاکە پێویستی زیاتر .. زیاتر لە وەی کە پاش دە ساڵی ترپێمان دەبێت .

ئیستاکە کەلوپەلی خۆی پێش ڕۆژێك بپێچێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە خاکی نیشتمان ، تاوەکو خزمەتێکی زیاتر پێشکەشی گەل‌و .. گەل‌و نەتەوەو نیشتمان ئەگەر ئەم لەیەك‌چوونە بکونجێت وەك باوەك‌و دایك وایە .. هاوڕیان دایکت ئەگەر مەتقیشی چەوت بوو لە سەرت پێویستە ڕاستی بکەیتەوە .. ئەگەر کەو بەسەر شانتەوەیە .. ئەگەر لەش‌ساغە دایکتەو ئەگەر نەخۆشە دایکتە .. ئەمەیە ڕوانگە بۆ نیشتمان پێویستە ئاوا بڕانرێتە گەل بڕوانرێتە نەتەوە ، نابێت کاتێك گەل‌و نیشتمان‌و نەتەوەمان بوێت کاتێ لە قۆناغی گەشەکردندا بێت یا لە قۆناغی سەرکەوتندا بێت، ئەم جۆرە بەیوەندیە بەیوەندیەکی دڵسوزی قووڵی ڕاستەقینە نی‌یە ، هۆشمەندی ناتەواوەو هەستی ڕاستەقینەی بە ئەرکی سەرشان کردنی ناتەواوە ، ئەمە هەموو عیراقی‌یەك دەگرێتەوە، ئەو پزیشکەی چاك تیمار ناکا چاك فەحسی نەخۆش ناکا لەو کاتە تایبەتی‌یەی بۆ ئەو کارە تەرخان کراوە ، ئەوە دژی نیشتمانە ، دژی گەلە دژی نەتەوەیە دژی خۆیەتی ، ئەو لەئەنجامدا ئەك بە مەبەستو نەك بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ ، لە ئەنجامدا ئەو بە کردار خزمەتی ئیستیعمار دەکا ئەو کرێکارەی چاك ئیش ناکا هەروەها وتمان سیفەتی چی‌یە هەروەها جوتیارێك هەروەها سەربازێك، ئافرەت پیاو لە هەموو مەوقیعەکاندا سەرکردەیەکی سیاسی‌و جوتیارێکی ساکار هەمان وەسف دەبان گرێتەوە بۆ ئەو کارەیان کە بە وردی نایکەن‌و بۆ ئەو کارەیان کە هۆو ئەو کاتەی تیا بەکار ناهێنن کە بۆی تەرخان کراوە زانست پێویستە کە بەردەوام هەموو توانامان بخەینە کاروبەرۆشنبیری‌و زانست بۆ ئەوەی جڵەوی بگرینە دەست لە هەموو « ئیختساساتێك » ، بەڵام پێویستەبزانین کە کتێب ڕۆژێك لەڕۆژان ناتوانێت جێگای تاقیکردنەوە بگرێتەوە ... لەوانەیە تاقیکردنەوە بتوانێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شتی چاك پێشکەش بکا ،لە ڕاستیدا دەشتوانێت ، بەڵام کتێبێك بەبێ تاقیکردنەوە ئەگەر تێکدەر نەبێ سوودی کەمە ، وەیا هەر سوودی نی‌یە ، بەڵام هەر وەك لە پێشەوە ، وتمان ، هەر مرۆڤێك ببەوێت زیاتر خزمەت بە گەلەکەی پێشکەش بکا لە سەری پێویستە لە پێناوی ئەوەدا تێکۆشێت جڵەوی ئەو زانستە بگرێتە دەست کە لە کتێبدا هەیە ، ئەو ڕۆشنبیری‌یەی لە کتێبدا هەیە ، هەروەك هەنگاو هەڵهێنانی بۆ گەیشتن بە مونەشیراتی ڕاست لە لایەن شارەزایی‌یەوە بە هۆی تێکەڵاو بوونی واقیعێکی زیندووی ڕۆژانە ..

یەکێك لە برایان ئەوەی دەست‌نیشان کرد کە گشتی‌ی بەرهەمو بەرهەمهێنان زیادی کرد دوای نەدوە مەرکەزێکەی لەو هۆیانەی کۆلیەوە کە بوونەتە مایەی نزم بوونەوەی بەرهەم بە جۆرێکی زیاتر بڵند بۆو وە گورجتر لەو قۆناغەی دوای شەش مانگ بەدوایدا هات ،دوای شەش مانگ لە نزم بوونەوەی بەرهەم هێنان ، وەیا لە نەدوە مەرکەزێکەی بۆ نزم بوونەوەی بەرهەمهێنان گیرا ، تاوەکو شەش مانگ شێوەکە لە بەرزیدا بوو دوای ئەوە لەگەڵ داخدا دەستی بەنزم کردنەوە کرد هەست بە ئەرکی سەرشان کردن لە شەش مانگدا ، لەوە دەچێت کە هۆی مەرکەزیی دەلیم هەموو هۆکان .

● ترس کۆمەڵ دروستناکا .

هۆ مەرکەزیکەی سڵ‌کردنەوە وترسە . ترس کۆمەل دروست ناکا ، کۆمەڵێك دروست ناکا بۆ ئەوە بشێ کە لە لێوارەکانیدا نیشتمانی عەرەب بدرەوشێتەوە وەیا تا دەرەوەی نیشتمانی عەرەب، لەوانەیە کار گورج بێتەوە ، وردەکاریەکی مەکینە ئاسایانە دەکرێت ، بەڵام ناتوانێ داهێنان پێشکەش بکا ، ناتوانێت ببێتە ڕێگای ئەو دەستپێشکەری‌یەی کە مرۆڤ کۆمەڵ بەرەو پێشکەوتن بەرێت ، هۆشمەندی‌و هەست بە ئەرکی سەرشان کردن‌و دەرك پێ‌کردنی ئەو سیفانەی کە ئەم شت‌و ئەو شت بە جۆرێکی ڕاست لێکدەداتەوە ئەوە ڕێگامانە بۆ زیادکردنی بەرهەم‌و بەرهەم هێنان بە شێوەیەکی مەرکەزیی بەبێ ئەوەی لە حیساب کردنماندا بایەخی بەڕێوەبردن‌و زەبتی بەڕێوەبردن‌و موحاسەبەو سزایەکی ڕاستەقینەی مەبدەئی‌و مەوزوعی بۆ هەموو کارێکی چەوت‌و سست لابەرێت . بەڵام پشت بە ترس ببەستین لە ترسی سزادان بە تەنیا ، بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی نوێ‌و وەك ئەم کۆمەڵە پێك‌بهێنین ئەوە پێك‌ناهێنرێت . هەروەها جارێکی تر ئەوە دووپات دەکەینەوە ، هەموو ئەوەی وا تێدەگەن کە حەقەو زروفەکەی پێگەیشتووە ، وا نەزانن هاوڕێکانتان لە سەرکردایەتی ناتوانن هەست بەوە بکەن .

بەڵام دەبێت بەڵگەیەکی کارامە لە ئارادابێت بۆ لێکدانەوەی هەر حەقێك لەو حەقانەی کەوا تەسەوری دەکەن زروفی پێگەیشتوە لە حیسابی خۆتاندا ، چونکە ئێوە لە مەیداندا لێکدانەوەی گشتیتان هەرچۆنێك بێت ناتوانن هەموو شتە تایبەتەکانی لێکدەنەوە وەك سەرکردایەتی لێکی دەداتەوە . جارێکی‌تر دەبێت ئەوەمان بەردەوام لەبیر بێت کە زیادبوونی ڕۆژانەو مانگانە ئەوە تەنیا ڕێگایەکی ڕاستی‌یە بۆ چاك کردنی باری کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و ئابووریی گەل بەڵکو هەر ئەو جاری وا هەیە دەبێتەڕێگای زۆربوونی شڵەژان‌و تەنگە نەفەسی گەل لەگەلیدا ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیان .

پێشخستنی دابەنگای کرێکاران دەستکەوتێکە ، ئەوە بە شێوەیەکی عەملی ڕەنگ بۆ سەر بلەی گوزەرانی دەداتەوە ، چونکە دوای ئەوە دەتوانێ بواری ژنەکەشی بدا بۆ ئیشکردن . چاك‌کردنی چاوەدێری تەندروستی‌و ڕۆشنبیری‌و بڵاو کردنەوەی بە شێوەیەکی فراوانتر لە دیهات‌و شارەکاندا ئەوە دەستکەوتەو هێزی کرین بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهێز دەکا ، لە کاتێکا مرۆڤ لە لایەنی کۆمەڵایەتی‌و ڕی‌شنبیری‌و تەندروستی‌یەوە بەرزدەکاتەوە بۆ جێگایەکی نوێ پێشخستنی بەخشینی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ کارگێڕان بە پێی پێشخەریەکی تایبەتی ئەوە کاری زیادکردنی توانای کرینە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەوەك بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ ، چونکە پارەی کرێکەت بۆ دەگێڕێتەوە . بەڵام ئەگەر مانگانەکەت زیادکراو نرخی چای چایخانەکان زیادی کردو نرخی جل‌و بەرگ زیادی کردو نرخی فلان شت زیادی کرد بە شێوەیەکی عەملی کۆمەڵ دەخرێتە ئەڵقەیەکی ئەنجام بە تەنگەنەفەسی ئابووری گەڕاوەوە .

هەروەها بەبێ ئەوەی وەزعی کۆمەڵایەتیت لە دوا ئەنجامیدا چاك‌بوونێکی ڕاستەقینە چاك بێت بەرامبەر وەزعی ئابوورێت ، ئەم قسەیە موبەرەر نی‌یە بۆ ئەوەی ناوەبەناو چاو نەگێڕدرێتەوە بە ڕۆژانەو مانگانەدا ، بەڵام وانەڕوانینە ئەوە کە تەنیا ڕێگایەکی ڕاستە بۆ چاك کردنی شوێنی کۆمەڵایەتی‌و لە گەڵیدا چاك‌کردنی توانای کرینی هاوولاتیان . سوپاس بۆ ئێوە ئەی هاوڕیان‌و سوپاس بۆ ئەو هاوڕیانەی قسەیان کردو ئەوانەی بە جەسارەتەوە قسەیان کردو ئەوانەی لە خۆیانەوە دەستیان پێ‌کرد، چونکە ئەوە ڕێگای ڕاستە لە چاك کردنی مەلەداو هەنگاونان بۆ چاك‌تر .

بەڕێز جێگر دەوروبەری سەعات دەی سەر لە بەیانی گەیشتە بارەگای یەکێتی‌ی گشتی‌ی نیقابەی کرێکاران لەوێ هاوڕیان عدنان حسین‌و غانم عبدالجلیل‌و سعدون شاکرو محمد عایش‌و محیی عبدالحسین ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و سەرۆکی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی یەکێتی‌ی وئەوانەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریان کردووە کە ئەندامانی مەکتەبی مەرکەزیی کرێکاران‌و مەکتەبی ڕاپەڕاندنی یەکێتی‌ی گشتی نیقابەی کرێکاران‌و سەرۆکەکانی یەکێتی‌یە ناوخۆیەکانی نیقابەکانی پارێزگاکان بەشداریان تێدا کردووە پێشوازیان کردووە.

بەڕێز موعید عبدالله سەرۆکی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی یەکێتی‌ی گشتی‌ی نیقابەی کرێکاران خۆش بەختی‌و شانازی خۆی‌و چینی کرێکارانی بەرامبەر بەشداری بەڕێز جێگر لە کۆبوونەوەکەدا نیشان داوە ٭ ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە چینی کرێکاران ئامۆژگاریکانی جێگری بەڕێز دەکاتە بیرو باوەڕێك لە کاری ڕۆژانەیدا ڕێنمایی پێدەکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانی بە شێوەیەکی دروست ، هەروەها وتی .. لە وڵاتدا پەیمان بە جێگری بەڕێز سەرکردایەتی دەدەین کە ئێمە چاك‌ترین دەور لە کاری پەرەپێدان‌و بنیات‌نانی سۆشیالیستی‌دا نیشان دەدەین‌و چینی کرێکاران هۆشمەندو هێزێك دەبێت بۆ بارێزگاریی بیروباوەڕو ئامانجەکانی حزبی سەرکردەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

دوای کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەی کە دەوروبەری چوار سەعاتی خایاند بەڕێز جێگر لە لایەن هاوڕیان ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری‌و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئەوانەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریان کردبوو بە گەرمی بەڕێ کرا .

ئا . د . ع

وەرامی ڕەخنەکەی «پاشماوە»

چیرۆکەکەدا ئەوە زۆر بە ئاشکرا دیارە کە دوو بەرە لە سەر شانۆی ململانێو بەیەکادانانن کە کار لە نێوانیاندا دەگاتە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە . یەکەمیان بەرەی گورگێهن ئاغای دەرەبەگ‌و خێزان‌و نۆکەرو دەست‌و پێوەندەکانی‌و لە ناویاندا (سوارە)ی مەیتەری ئاغا کە تەقەللا دەدرێ (جوان)ی بۆزەوق بکرێ دووەمیشیان بەرەی بنەماڵەی مامەباس‌و سەرجەمی جوتیاران کە مل‌ناوەن (جوان) ڕەمزی مافی ژیانی خۆیانیان لە لایەن ئاغاوە بەزۆر لێبسێنرێو بدرێ بە سوارەی مەیتەر . سەیر ئەوەیە کە برای ڕەخنەگر نەك هەر ئەم ڕووە ڕوونو ئاشکرایەی چیرۆکەکەی کردوە بە زێرەوە ، بەڵکوو ئەو حەقیقەتە هەرە گەشەشی خەفەکردوە کە چۆن محمود احمد بەرەی جوتیارانی خستۆتە سەر ڕێگای تێکۆشانی چەکدارانە دژی بەرەی ئاغای چەوسێنەر بگرە بە پێچەوانەشەوە ، دێت بەوە گوناهباری دەکا کە گوایە (مێزووی بزووتنەوەی جوتیاران)ی لەکەدار کردوە!! ... کە ئەمە بە ڕای من گوناهێکی تەواو گەورەیەو بەرامبەر بە مرۆڤێکی وەك محمود احمد دەکرێ ، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ژیاندا ئەماوەو خۆی زمانی لە گۆ کەوتوەو نرخ‌پێدانی چ وەك مرۆڤ‌و چ وەك ئەدیب ، کەوتۆتە ئەستۆی من‌و کاك عمرو غەیری من‌و ئەو لەوانەی هێشتا زحانمان گۆ دەکاو کە دەربارەی‌ئەدیبێکی کۆچ‌کردوو- مان قسە دەکەین ، دەبێ حسابێکی وردی بۆ بکەین . چونکە بۆ نموونە ئەوەتا من خۆم هێشتا زمانم گۆ دەکاو ئەوەتا دەتوانم وەرامی کاك عمر بدەمەوەو پارێزگاری لەو حەقیقەتانە بکەم کە سەبارەت بە من تەقەلای ون‌کردنمانی دەدا . بەڵام محمود احمد ئێستا بە جەستەو بە زمان‌و بە دەست‌و قەلەم بێ‌وجوودەو مامەلەکردن لە گەڵیدا وەك حسەین عارفی هێشتا خاوەن جەستەو زمان‌و دەست قەلەم ، گوناهێکی گەورەو زۆر گەورەیە .

٩ ـ ڕەخنەگر لە ل (١١)دا دەربارەی متمانەکردنم بە دەقی چاپی (١٩٧٥)ی چیرۆکی (لە خەوما)، وەهای نیشانداوم کە ئەمە لە گەڵ ئەو ڕایەمدا کە وتوومە ئەم دەقە دەسکاری‌کراوەو ئەوەکەی پێشووی بە دەقی ڕاستی چیرۆکەکە دەزانم خۆبەدرۆ- خستنەوە دەگەیەنێو بوسیویە :

کەچی سێ لاپەڕە پێش ئەم ڕایەی پشتی‌گردووەتەوە ئەو ڕاستەو بۆچوونەکەی خۆی لەوەبەر زیندە بەچال کردووەو چاپێ (١٩٧٥) ی کردووە بە جێی متمانەکردن). بەڵام لە ڕاستیدا متمانەکردنم بە دەقی چاپی (١٩٧٥) هیچ ناکۆکی‌یەك لە گەڵ ئەو ڕایەی پێشوومدا دروستناکا ، چونکە من نووسیومە : [هەر ئەو کارە بەجێ‌بەی مامۆستا جمال بابان ،مەسەلەیەکی تری لە گەڵ خۆیدا هێناوەتە کایەوە . واتە مەسەلەی جیاوازی نێوان ئەو دەقەی چیرۆکەکەکە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوەو ژیان) دا بڵاوکراوەتەوە لە گەڵ ئەوەکەی لە مەو ئەمەو لە بەڕاودکردنیاندا سەرنجمدا جیاوازن لە یەکتر ، بە تایبەتی لە ڕووی زمانو دارشتنەوە - ل - ٢١ی کتێبەکە] .

جا کە جیاوازی‌یەکە (بە تایبەتی لە ڕووی زمانو دارشتنەوە) بێو ئەمە هیچ کارێکی نەکردبێتە سەر ناوەڕۆکی چیرۆکەکەو منیش زیاتر باسم لە ناوەڕۆك بێ ، ئیتر دەبێ متمانەکردنم بەو دەقەی چاپێ(١٩٧٥) چ پشت‌تێ‌کردنێکی ئەو ڕایەی پێشووم بگەیەنێ ؟! . ئەمە لە کاتێکیشدا کە مەسەلەی باس‌کردنی جیاوازی هەردوو دەقەکە لە یەکتر لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هێنراوەتە کایەوە تا وەرامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ئایا کێ دەسکاری‌کردوەو چۆن ڕوویداوە ؟! .

هەر بەم بۆنەیەوە جارێکی- تریش دێمەوە سەر مەسەلەی ئەمانەتەکەو دەپرسم کە ئایا برای ڕەخنەگر بۆ چ مەبەستێك لە نەقل‌کردنی وتەیەکی منداا (ل-١٠- ی نامیلکەکە) لە سێ شوێندا سێ عیبارەتی لێدەرکێشاوەو حەشاری‌داون ؟! . بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستی‌یە وا من لێرەدا وتەکە هەردوو حاڵەتیدا دەنووسمەوە . ڕەخنەگر لە نامیلکەکەیدا وای نەقل کردوە :

(وەك داخ لە دڵێك دژی شیخ محمود وەستاوە نەك وەك ئینگلیزخواهێك . چونکە لە لایەکەوە جگە لە چیرۆکەکانی لە نووسینەکانی ترپشیدا کە من بە هی ئەویان دەزانم (ئەگەر بە هەڵە نەچووبم‌و هی ئەو بن) ، بە پێچەوانەی هەندێ لە نووسەرانی ترەوە ، خۆی لە مەدح‌و ستایش‌و پیاهەڵدانی بەریتانیای فەخیمە نەداوە ، بەڵکوو پتر باسی هەر لە شیخ محمودو لێخوێندنی بووە ـل-١٧-ی کتێبەکە] . ماوێتی

داستانی « پاشماوە »

برسیەتی کروشکە بکات . بەڵام ئەو وێنە پر مانا دل شکێنەیم هەرگیز لەبیر ناچێ کاتێ کە سیستەمەکان دایانە پێش خۆیان‌و هەر دوو هەنگاوو هاوڕێکی کزانەی لەمن دەدایەوەو بێدەسەڵاتانە دەکەوتەوە پێشیان . لەو دەقیقەیەدا هەموو ڕووخۆشی‌و ڕوح سووکی‌و قسە خۆشی‌یەکەیم وێنە بە وێنە وەکو شریتی سینەما دەهاتەوە بەرچاو . یەکێك لەو وێنانە ئەوەبوو کە هەرچەند خەمبارو بێ‌ڕەنگ بوایە ، هەر کە من دەرکەوتمایە یەکسەر وەکو گول دەگەشایەوەو دەکەوتە قسەی خۆش‌خۆش‌و منیش هەموو ماندویەتیم لەبیر دەچۆوە .... وێنەیەکی تری ئەوەبوو کە هەرگیز بەدەستی بەتاڵ نەدەهاتەوە بۆ ماڵ . هەر نەبوایە یەك دوو شەکرە سوڕەی بۆ من‌و ستیدنی دەهێنایەوە . تەنانەت ئەو بەبانیانەش کە نەخۆش کەوت ، چووبووە دەرەوەو هەندێ شەکرە سووڕەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە ،کە ئێوارە بەوشێوەیەی کە باسم کرد بینیم‌و دەستم کردە گریان‌و سەرم نایە ناو کۆشی یەکسەر یەك دوو دانەی لە گیرفانی دەرهێناو پەستایە ناودەستمەوە گوایە بۆ ئەوەی بەوە ژیرم کاتەوە .

Institut kurde de Paris

رایەکی تی سەبارەت بە مۆسیقای کوردی

لە دانیشتنێکی هونەریدا بەدرێژی باسی باری ئەمڕۆو پاشەڕۆژی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیمان کرد و لەم دانیشتنەدا هونەرمەند ـ ڕەنجبەر حسن ـ وتی :

ـلە ڕاستیدا من لەتێ ڕوانینی خۆمەوە وای دەبینم، مۆسیقاو گۆرانی کوردی لە باری خۆ دۆزینەوە دایە ،چونکە تا ئێستا بەدوای ڕەسەنایەتیدا دەگەڕێو تێکەڵاوە بەکارتێ کردنی هەندێ بەرهەمی میللەتانیترو نەی توانیوە دورە پەرێز بێتەوە لە ئاوازی هندیو عەرەبیو ئازربایجانیو ...تاد . تەنها هەندێ بەرهەمی وەکو حەیرانو لاوکو بابەتیتری نەتەوەیی خۆیان لەم سوچە دەربازکردوە . وە ئەگەر چاوێك بە کتێبخانەی گۆرانی کوردیدا بخشێنین، بە ئاشکرا ئەتوانین لەکۆمەڵێك گۆرانی بەولاوە بەرهەمەکان لە ڕەسەنایەتی دورە پەرێز بۆتەوەو باری ڕاستەقینەی گۆرانی کوردی نانوێنن . وەهونەرمەند ڕەنجبەر وتی :

ـبەبێ هیچ لادانێك لەڕاستی، گۆرانیو مۆسیقای کوردی ئەمەیە حالی . بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەبونی گۆرانی نوێی کوردی ، وا پێویستە ئەوانەی لەم بوارەدا شارەزاییو لێهاتوویی یان نیە بەزوترین کات دەست بکێشینەوە لە کاری ئاوازدانان . چونکە کارەکە دیاردەیەکی ئاسایی ڕۆژانە نیەو پێویستی بەخۆشەویستی یەکی گەورە هەیە ، ئاشکرایە ئێمە ناتوانین بەبێ سوود لێ وەرگرتنی کەلەپووری نەتەوایەتی ، واتە بەرهەمە فۆلکلۆریەکان هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ لەم مەیانەدا مسۆگەر بکەین . بەڵام لەکاتی کەلك لێوەرگرتنی فۆلکلۆر نابێ ئەوەمان لەیاد بچێت کە بەرهەمەکە لە چوارچێوە نەتەوایەتیو ڕەسەنەکەی خۆی دورنە ـ خەبنەوە .

+ ئایا هیچ گیروگرفتێکی ئەوتۆ لەبەردەم هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیدا بەدی ئەکرێ ؟!

ـ گیروگرفتو کۆسپی هونەری زۆر لە بەردەم هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردیدا بەدی ئەکرێ کە سەرجەم پێویستی بە ڕیشەکردنی هەیە بۆ ئەوەی هونەری کوردی بگاتە خەون و خۆزگەکانیو هونەرمەند بتوانێ زیاتر بەرهەمی زیندوو پێش کەش بەکتێبخانەی هونەری کوردی بکات . هەروەها بەخششی هونەرمەندی کورد پەیوەندی توندوتۆ لەگەڵ هەیە بە لابردنی ئەوگیروگرفتە هونەریانەی وەك لایەنی تۆمارکردنو دابەشی مۆسیقاو ئامادەکردنو لایەنیتری هونەری .

ـ شێرزاد ـ

چاپکراوی نوێ

تێکەیشتنی ڕاستی

له چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری « تێکەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا لە نووسینی مامۆستا د . کمال مظهر احمد دەرچو . کە لە چاپخانەی کۆڕ چاپکراوە، ئەم نووسراوە بەنرخەی د . کمال بریتیە لە ٢١٢ لاپەڕەی قەوارە گەورە لەگەڵ پاشکۆیەکدا کە بریتیە لە ناوشوین و کاتی دەرچونی ڕۆژنامە کوردیەکانو باسەکەو پێڕستی ناوشوێنەکان .

گەردەلولی سپی

هەروەها لە چاپکراوەکانی کۆڕ ، کۆمەڵە شیعریکی تری شاعیری لاو لطیف هەڵمەت بەناوی « گەردەلولی سپی » یەوە دەرچو کە بریتیە لە (١٠٢) لاپەڕەی قەوارە بچوك و بەرهەمی شیعری لە ٧٠وە تا ١٩٧٨ ی شاعیری ناوبراوی نیایە .

× ×

دیوانی وەفایی

دیسان هەر لەچاپکراوەکانی دیوانی وەفایی ـ میرزا عبدالرحیمی سابلاخی دەرچو کە مامۆستا محمد علی قرەداخی لە سەری نووسیوەو لێکولینەوەی .

ژمارەی (٧١) گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » کە لە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ کەوتە بازاڕەوە . لەم ژمارەیەدا کە هەشت هەزار دانەی لێ چاپکراوە چەندان باسو نووسراوی بەسوودی ئەدەبیو ڕۆشنبیری بڵاوکراوەتەوەو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو ڕۆشنبیران بەشداربان تیا کردوە .

ڕێ ڕەو

دیموکراتییەت ، ـپەیوەندیەکانی نێوان خەڵکیو شێوازی بنچینەیی لە هیزدابتەو دەکا ، کە بریتیە لەڕێز گرتن ، چونکە ئەوهیزەی لە دیموکراتیەتەوە هەڵقوڵاوە ، شێوازی نیلتزامی باڵایە لەڕابەڕاندنی فەرماندا بەوردیو بە چالاکی گەورەو فراوانەوە ، لەم حاڵەتەدا هیز شەخسی نیە ، بەڵکو حاڵەتو قودرەتی باوەڕو مەوزوعیەتە .

هاوڕێ صدام حسین

● لەپێناوی دوارۆژی گشت منالانا ●

هونەرمەند نوری اسماعیل فتاح.

ئزگەکانی ڕادیوو تەلەفزیون لەجیهاندا بە ژمارە ٠٠ !

شەپۆلەکانی بڵاوکردنەوەی دەنگ لەساڵی ١٩٧٦دا ئەوە پیشان ئەدەن (٢٥) هەزارو (٤١٠) ئزگەی ڕادیوو (٢٥) هەزار ئزگەی تەلەفزیون لە جیهاندا هەیە .

بەپێی سەرژمارەیەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بڵاوی کردۆتەوە دەرکەوتوە کە ئزگەکانی ڕادیو ژمارەیان لە وڵاتە پیشەسازیەکاندا (١٨) هەزارو (٨٤٠)یەو لە وڵاتە تازەپێگەیشتوکاندا (٦) هەزارو (٦٧٠) ئزگەی ڕادیو هەن . ژمارەنەکە ئەوەشی دەرخستوە کە لەوساڵەدا (٩٥٣) ملیون جیهازی ڕادیو لە جیهاندا هەبوەو (٢٦٥) ملیونی لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا بوەو ئەوی تری وڵاتانی پیشەسازی .

دیسان ژمارەنەکە دەستی بۆ ئەوەش کێشاوە کە لەو ساڵەداو لە هەموو جیهاندا (٥٩١) هەزار کتێب دەرچوە کە هەمە جۆر بابەتی پەروەدەو ڕۆشنبیریوزانستیو ڕاگەیاندنیان گرتۆتەوە . لەدوایدا ژمارەی ئەو ڕۆژنامەی لەو ساڵەدا دەرچون کەپشتونەتە (٩) هەزارو (٩٠٠)ڕۆژنامەی ڕۆژانە .

جیهانی منالان

چیرۆك بۆ منداڵان

نووسینی : لیرناودو داڤینشی

ئەبووبەکر قەرەداخی کردوویە بەکوردی

دار قۆختێك هەبوو لەنزیك دار گوێزێکەوە ئەژیا ، ئەم دارقۆخە هەمیشە بە چاوی بەخیلیەوە ئەیڕوانیە لقو چڵە پڕ « بەر » ەکەی هاوڕێکەی . هەمیشەلە دڵی خۆیدا بیری ئەکردەوەو ئەیپرسی :

ـبۆچی ئەبێ ئەم دارگوێزە ئەو هەموو « بەر »ەی هەبێ کەچی من « بەر »یکی ئیجگار کەمم هەبە ؟ ئەمە دادوەری نیە . ئەمەوێ خۆم تاقیبکەمەوەو وەکو ئەو بکەم. خەڵفە نەمامیکی تەنیشتیان کە گوێی لەمقسانە بوو هاتە ـ قسەو پێیوت« ـخۆت تاقیمەکەرەوە نابینی ئەو دارگوێزە چ لقوچڵێکی بەهێزی هەیە ؟ نابینی چ پەیکەرنکی بتەوی هەیە ؟ لەسەر هەموو بەکێك پێویستە بەقەدەر بەرەکەی خۆی پێ ڕابکێشێ ؟ بیر لە بەرهەم هێنانی قۆخی خۆش و بەتام بکەرەوە ، جۆر گرنگە ئەوەکو کەمو زۆری بەرهەم » بەڵام چاو چنۆکی وای لەدار قۆخەکە کرد کە هیچ گوێ بەو ئامۆژگاریانەنەدا بۆیە هەر زوو داوای لەڕەگەکانی کرد کە خۆی ئاو زۆر لەزوەیەوە بمژن ، وە داوای لەلقەکانی کرد کە گەڵا زۆربگرن ، وەلەگوڵەکانی کە «بەر » زۆر بە ڕەهەم بێنن . کە کاتێ وەرزی بەرکرتن نزیك بوەوە ، بینی هەموو ئازای گیانی بەبەری قۆخ داپۆشراوە ، بەجۆریکی ئەوتۆ کە پەبکەرو لقەکانی بێزاربوون لەهەڵگرتنی ،بۆیە بەزووترین کات چەمایەوەو لەگەڵ چەمانەوەدا قرتەیەکی گەورەی کردو بەلاداهات هەرچی بەرە قۆخەکەشی بوو لەولاوە لەبەپێی گوێزەکەدا پەرشو بڵاوبوەوەو پیس بوو .

بۆ زاخاوی مێشك

منالە ئازیزەکان ئەمجارەش لەگەڵتان بەیەك دەگەینەوە، هیوادارین بەسەرکەوتوویی وەك هەموو جارەکانی پێشوو، وەڵامی بدەنەوە . ئەوەی لە ئێوەمان دەوێت ناوی ئەو گۆڤارە بدۆزنەوە ، کەگۆڤارێکی کوردی شیرینە کە لە ڕۆژانی دەرچونیا سەردەمێکی تایبەتی خەملاندبوو بۆ بەخشانی کوردیو بابەتەکانی تری ئەدەب ،پاش ئەوەی ناوی گۆڤارەکەت زانی وەڵامی ئەم پرسیارانەش بدەرەوە :

پ: گۆڤارەکە لەچ ساڵێکدا دەرچوو ، چەند ژمارەی لێ دەرچوو .

پ٢: ناوی نۆ نوسەر بنوسە کە کاتی خۆی لەو گۆڤارەدا نوسراویان بڵاوکردۆتەوە .

کۆی ژمارەکانی گۆڤار حەوتەوانە ١ + ٢ + ٣ + ٤ + ٥ + ٦ + ٧ =

پێتی ١ + ٦ + ٧ = گیژ
٧ + ٦ + ٣ = ژیل
٣ + ٤ + ٥ = لاو
١ + ٤ + ٣ + ٢ = گاله
١ + ٢ + ٣ + ٤ = گەلا
٧ + ٦ + ٤ + ٥ = ژیاو

ئازاد مەحمود
ئامادەی کردوە
١٠ـ١ـ١٩٧٩

نامەی خوێنەران بۆ « جیهانی منالان »

خوێنەرانی بەڕێز : نەوزاد احمد ، صباح اسماعیل، عبدالرحمن ساڵەی ، محمود احمد علی لەکەرکوك ،ڕەمەزان ابراهیم ، دلشاد احمد لەسلیمانی ، ئاسۆس عزالدین لە هەولیر ، ابراهیم عزیز لە قەلادزە . سوپاستان دەکەین، حەزدەکەین ئەوە بزانن ، شادمانین بە بەشداربوون بە بەرهەمەکانتان لەم گۆشەیەدا، بەڵام ئەوەی تائیستا ناردوتانن ،یان جارانی تر بڵاوکراونەتەوە ،یان کەمو کورتیان هەبوە .

دارقۆخ

گۆرانی بۆ منداڵان ـ شەونم شفیق ـ

هەست دەربڕینێکی

هەموو ڕۆژێ ـ بەیانیان
سرودی سەربەستی دەخوێنین
بۆ کێڵگە شینو کارگەو نیشتمان
ڕووناکی بەربەیانی جوان
دەکاتەو دەرگاکان
بۆ ڕێزگرتنیدۆستو برایان
بۆ بەرچنەی پڕ لەگوڵان
کە چۆلەکە هیناوێتی
لەباغی لاولاوو گۆڵان .

× ×

هەموو ڕۆژێ ـ بەیانیان .
بانگەواز دەکێشین
بەژیانی باوکی فەرمانده
بەژیانی سەربازی گەراوە
بەنجەرەی ماڵ دەکرێتەوە
بۆ بەرچنەی پڕ لەگوڵان
بەنجەرەی ماڵ دەکەبنەوە
بۆ بینینی زێی دجلە
وکو بووکێك ـ دەکوازدرێ ـ
بۆ زێی فورات .

کاوە حسیب — انعام حاتم — پرشنگ شوکت — منتصر حاتم — لطیف شوکت

احمد حاتم — نبراس ابراهیم — محمد حاتم — مصطفی طه — فرید عمران

لە دەرەوەی سنوور

تاوان لە سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا

لەم دوایەدا لەشیکاگو ، لە ژێرخانی ماڵی «جون واین کاسی»دا کە بەڵێندەرێکی ناسراوە ، لاشەی (٣٢) منداڵ دۆزراوەتەوە ، کە کابرای بەڵێندەر خۆی کوشتونی ، ئەم کابرایە بۆ خەڵەتاندنی منالان ، چەندان جار خۆی گوڕیوەو دەوری ئەکتەری کومیدی بینیوەو بەوە سەرنجی منالانی ڕاکێشاوە تا دەستی پێان گەیشتوەو دوایی بردوونی ، بۆ ماڵەوەو کوشتونی ، ئەم جۆرە ڕووداوانە ، ئەنجامی ئالۆزیو تێکچونی باری ژیانی کۆمەڵایەتییە ، لە سایەی ڕژێمە سەرمایەدارەکاندا ، کە خەمی گەورەی خۆ چەکدارکردنە بۆ گیرفان پڕکردن ، بەبێ ئاوڕدانەوە لەژیانیو پەروەردەکردنی مرۆڤایەتی خەڵکی .

Institut Kurde de Paris

سەرکردایەتی نیشتمانی یەکانی عەرەب
لەبەردەم نەتەوەو لەبەردەم مێژوودا
داواکاریکراون کە کۆشش و وزەی خۆیان یەکخەن و
بە شێوەیەکی ئیجابی و چالاکیش رووبەڕووی
هەوڵو تەقەلای هاڵگلێرانەوەو ڕێبازی
دەستهەڵگرتن لە مافە مێژووییەکانی نەتەوە
بوەستن .
سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

وەزارەتی زانیاری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی
کۆماری عیراقی فیدراڵی ، الجمهوریة ،
پۆستە - ص.ب ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥ خەت

سەرنووسەر : سعاد ادیب علی

● الاثنين ٥-٢-١٩٧٩ العدد ٤٦٠ ●

● دووشەممە ٥-٢-١٩٧٩ ژمارە ٤٦٠ ●

لەسەر بانگکردنی سەرۆکی فەرمانده سەرۆکی یۆگۆسلافیا گەیشتە وڵات

لەسەر بانگهێشتنی سەرۆکی فەرمانده بەڕێز احمد حسن البکر دوێنێ سەعات ١٢ی نیوەڕۆ سەرۆکی یۆگۆسلافیا بەڕێز جۆزیف بروز تیتۆ سەرۆك کۆماری یەکێتی یۆگۆسلافیا گەیشتە بەغدا بەسەردانێکی ڕەسمی کە پێنج ڕۆژ دەخایەنێ .

لە فڕۆکەخانە پێشوازیەکی گەورەی ڕەسمی و میللی سەرۆکی میوان کرا و لەپێشەوەی پێشوازیکردندا سەرۆك احمد حسن البکر و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان و کاربەدەستە گەورەکانی مەدەنی و عەسکەری ئامادە بوون لەگەل جەماوەرێکی زۆردا کە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك دەبوون و ئالای عیراق و یۆگۆسلافیایان هەڵگرتبوو هاواریاندەکرد بە ژیانی سەرۆك البکر و سەرۆك تیتۆ و بزوتنەوەی بێلایەنی و هاوبەشتی یۆگۆسلافیا کە پشتیوانی مەسەلەی عەرەبە .

ئەوەی شایانی باسە کەژاوەیەکی فڕۆکەی هێزی ئاسمانی عیراق لەگەل سەرۆك تیتۆدابوو لەوکاتەوەی گەیشتە ئاسمانی عیراق بە گەیشتنی فڕۆکەی میوانی گەورەی عیراق بەفڕۆکەخانە سەرۆکی دائرەی مەراسیم لە سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار و بەڕێز باڵوێزی یۆگۆسلافیا لە بەغدا چونە خزمەتی وڵات هاتنەخوارەوەشی دا بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر بەخێرهاتنی سەرۆك تیتۆی کرد بە فڕۆکەخانە پێشوازیەکی گەورەی ڕەسمی و سەلامەتی لێکردو هێوای ئەوەی بۆ خواست کە ماوەی میواندارێتی لە وڵاتەکەماندا بەخۆشی بە سەربەرێ .

ئینجا سەرەك تیتۆ تەوقەی لەگەل دوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو دوکتۆر عصام عبدعلی وەزیری خوێندنی باڵاو لیکۆلینەوەی زانستی و سەرۆکی دەستەی یاوەری سەرۆك تیتۆ کرد .

دوای ئەوە سەرۆك تیتۆ ئەندامانی وەفدی یۆگۆسلافیای بە بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر بروانە : ل : ٧

خومەینی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی پێك هێنا

ئاژانسەکان لە تاران ئەوە ڕایان گەیاند کە خومەینی ئەنجومەنێکی شۆڕشگێڕی پێك هێناوە و ئەو ئەنجومەنە دانانی حکومەتێکی وەختی بۆ ئێران لە ئەستۆیە ، هەروەها خومەینی وتویەتی دەنگدانێکی گشتی لەسەر ئەم حکومەتە دەگرێ و لە پاشاندا پەرلەمانێکی نوێ هەڵدەبژێردرێ . هەروەها خومەینی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا کە شەممەی ڕابوردوو لە تاران بەستی ، وتی . بەم زووانە ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی شۆڕشگێڕ بڵاودەکرێنەوەو پێشوازیی سەرلە وەزیرانی ئێستای ئێرانیش شاهپور بەختیار دەکەم بە مەرجێك کە واز لە کارەکەی بهێنێ ، بەڵام ئەگەر وەزارەتەکەی ئێستیقالە نەدا ، وا ناچار دەبم بانگی شەڕی ئایینی ڕابێنم ، بەڵام وتی ئەم بانگ ڕاهێشتنە ئێستا نابێ .

هەروەها بۆ ڕۆژنامەنووسەکانی ڕوونکردەوەو وتی « چاوم بە سەرکردەکانی سوپا کەوتوەو لە وەختێکی لەبارداچاوپێکەوتنیانم دەستپێدەکەمەوەو دەبێ سوپا واز لەم حکومەتە ناشەرعی یە بێنێ » .

هەروەها وتی « داوا لە سوپا دەکەم لەگەڵماندا بێ ، چونکە من سۆپایەکی سەربەستو سەربەخۆم دەوێ و داوا لێدەکەم کە تەقە لەگەل نەکا »

هەروەها بۆ وەڵامی پرسیارێکی تر ، خومەینی وتی : « دەتوانین لەکاتی خۆیدا چەکمان دەستبکەوێ ، ئەگەر پێویست بەمە بوو » ، لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو وتی : « ڕژێمی پاشایەتی و حوکم کردنی خێزانی پەهلەوی لە بنەڕەتەوە ناشەرعی بوو ، چونکە میللەت ڕای ئاشکرای خۆی دەربارەی پاشایەتی و چارەنووسی پاشایەتی دەربڕیبوو » .

دەربارەی بوونی بێگانەش لە ئێراندا وتی « هەموو کەسێ لێرە ئازادە، چ لە ئێران چ لە کاردندا ، تەنها مەگەر ئەو کارەی دەیکەن زیانی بۆ بەرژەوەندی گەل هەبێ و ئاسایی یە کە ئەو کاتە نایانگرینە خۆمان .

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا سەبارەت بە کەمایەتی کان و دەوریان لە ئێراندا ، خومەینی وتی :

« هەموو کەمایەتی یەکان یەکسانن و ڕێزی مافی هەموویان دەگرین و وەك هەوڵاتەکانی تر لە ناو کۆماری ئیسلامیدا دەبن .

کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسی یەکە دکتۆر وزدی و قطب زادە کە هەردووکیان لە نزیك خومەینی یەوە بوون بەڕێوەیان برد .

لە لایەکی تریشەوە ڕاوێژکاری ئابووری خومەینی دکتۆر عبدالنبي جبر لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە شەممەی ڕابوردوو لەگەلیدا کراوە وتی ، ئەگەر وەزارەتی ئابووری پێسپێرا ، یەکەم بڕیار کە دەیگرێتەبەر ، مللی کردنی نەوتی ئێران دەبێ ، میللی کردنێکی ڕاستەقینانە .

ئەوەی شایانی باسە ڕۆژی ٥ شەممەی ڕابوردوو آیةالله الخمینی گەڕایەوە بۆ ئێران ، دوای ئەوەی کە پانزە ساڵی ژیانی لە دوورە وڵاتی بەسەر بردو لەگەڵ ئەوانەوەکەیدا پێشوازی یەکی گەرمی لە لایەن گەلی ئێرانەوە لێکرا .

دەقی ئەو ڕاگەیاندنە سیاسیەی کە دەربارەی کۆبوونەوەکانی دەستەی سیاسی بەرزلە دیمەشق بڵاوکرایەوە

لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی دەستەی سیاسی بەرزدا کە لە ئەنجامی پەیمانی کاری نەتەوەی هاوبەشەوە هاتەکایەوە ، لە خولی دووەم کۆبوونەوەکانیدا لە نێوان ٢٨-٣٠/١/٩٧٩ لە دیمەشق . . ڕاگەیاندنێکی سیاسی دەرچوو ، کە ئەمە دەقەکەیەتی :

دەستەی سیاسی بەرز کە لەئەنجامی پەیمانی کاری نەتەوەیی بەوە هاتە کایەوە ، دووەم کۆبوونەوەکانی خۆی لەنێوان ٢٨و ٣٠ -١- ١٩٧٩دا لە دیمەشقدا بەستو بەڕێز سەرۆك حافظ الاسد سەرکۆماری سوریای عەرەبی سەرۆکایەتی لایەنی سوریای عەرەبی کردو لایەنی عیراقیش بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆماری عیراقدا سەرۆکایەتی کرد .

کۆبوونەوەکانی دەستەکە، گیانێکی بەرزی ئۆبال لە ئەستۆگرتنی نەتەوەیی و پەیوەندیی گەرمی برایانەو هەڵسەنگاندنێکی قووڵی قۆناغی ئێستای مێژووی نوێی عەرەب باڵی بەسەردا کێشابوون و لە کۆبوونەوەکاندا ئەمانە بەجێ هێنران :

١ - دەستە کاروبارە جۆربەجۆرەکانی لیژنەکانی خستە ڕوو لێیانی کۆلیەوەو بڕیاری دەربارەی بڕیارو ڕاسپاردەکانی لیژنەکان گرتەبەرو ئامۆژگاری نوێی دا بۆ ئەوەی لیژنەکان بەردەوام لەسەر ڕێبازی پتەوکردنی کاری یەکێتیی یانەو چەسپاندنی کارەکە لە بوارە جیاجیاکاندا بڕۆن ، هەروەها دەستەکە کاروباری لیژنەکانی نرخاند کە چالاکی و بەتەنگەوەبوونیان پێویستی دیاربوون و دەستە ئەوەی کە لەماوەی سێ مانگی نێوان مۆرکردنی پەیمانی کاری نەتەوەیی لە٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨و ڕۆژی کۆبوونەوەی دەستە لە دیمەشقدا بەجێ هێنراوە ، بەوەدادەنێ کە ئەو ئەرکانەی پەیمانی کاری نەتەوەیی دیاری کردوون دەتوانرێ بهێنرێنەدی .

٢ - بینا لەسەر ئەمەو دوای خستنەڕووی پەرەسەندنی پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات و ڕەخسانی زەمینەیەکی لەباربۆ گواستنەوە بەرەو پەیوەندییەکی چۆنەکی بەرزتر لەنێوانیاندا ، دەستە شێوازەکانی کاری ماوەی قۆناغی ئایندەی دەرس کرد بۆ پێکهێنانی یەکێتی دەستووری لەنێوان هەردوو وڵاتدا لەگەل یەکێتی حزبو لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە بەو زووانە کۆبوونەوەیەك لە بەغدا ببەسترێ بۆ بڕیاردانی شێوازی دەستووری بۆ یەکگرتنی هەردوو وڵاتو تەواوکردنی یەکێتی حزب .

دەستەی بەرز کاتێ ئەمە ڕادەگەیەنێ ، بۆ نەتەوەی عەرەبو جەماوەری دووپات دەکاتەوە کە سەرکردایەتی هەردوو وڵات قۆناغێکی گەورەیان لەبواری کاری یەکێتی یانەدا بڕیوە لە بڕوای هەردوو لایانەوە بەوەی کە یەکگرتنی عەرەب دەبێ هەمیشە ئەو ئامانجە نەتەوەیی یە بێ کە بەسەر هەموو ئامانجەکانی تردا دەشکێتەوەو ئەو قەڵایە پێك دێنێ کە نەتەوە دەپارێزێو مافی دەست عەرەب دەخاتەوە .

هەروەها عونسورێکی بنەڕەتیش لە مەیدانی زۆرانبازی نێوان عەرەبو زایۆنیدا دەرسکێنێ .

٣ - لەو هەنگاوەوە کە سوریا و عیراق یەك مەبندان پێك دێنن و هەربەکێکیان مەودایەکی ستراتیجی بۆ ئەوی تر پێك دێنن و لە ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییە تایبەتی یانەدا کە لەنێوان هەردوو وڵاتدا هاتوونەتە کایەوەو لەگەل ئەو سەرنجە یەکێتی یانەشدا کە لە ڕووی عەقلی و سیاسی یەوە ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەو بەرگری هەردوو وڵاتی کردوون بەیەکو بەیەکەوەی گرێداون ، هەردوو سەرکردایەتی بڕیاریاندا ڕێو شوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونی هەر شێوەیەکی هەڕەشەکردن لە ئاسایشی ناوخۆ یاخود دەرەوەی هەردوو وڵات بگردرێتەبەرو بە دەزگا تایبەتی یەکانیش ڕاگەیەنراوە کە دەست بە بەجێهێنانی ئەم بڕیارە بکرێ .

٤ - دەستە دۆخو باری عەرەبو پەرەسەندنی مەسەلەی ملمڵانێی عەرەبو زایۆنی لەماوەی سێ مانگی ڕابوردوودا خستەگەڕێو بڕیاری گرنگی بەردەوام بوونی کارکردن دەدا سەبارەت بە پتەوکردنی هاوکاری عەرەب لەسەر ئەو بنچینە نەتەوەیی یانەی کە لە نۆیەم کۆنفرانسی باڵای عەرەبدا دەستنیشان کران کە لەبەغدا بەستراو بەچەشنێك کە تواناکانی نەتەوەی عەرەب لەڕووبەڕوو وەستانی زایۆنیدا بچەسپێنێ .

هەروەها دەستەی بەرز هەڵوێستی نەتەوەیشی سەبارەت بەو سیاسەتی پیلانگێڕان و خیانەتکاریە ساغکردەوە کە ڕژێمی حوکمی میسر بەرە و ئەو هەڵخلیسکاوەو بەردەوام بوونی تێکۆشانی بە هەموو

بروانە : ل : ٧

دەقی وتەکەی هاوڕێ صدام حسین لەچاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا لەدیمەشق

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دووپاتی کردەوە کەوا هەموو دوژمنانی نەتەوەی عەرەب ناتوانن یەکیەتی نێوان عراق و سوریا بوەستێنن .

جێگری بەڕێز وتی یەکێتی شتێك نیە لە ناکاودا داهاتبێ بەڵکو کردارێکی مێژوویی تەواوەو ئەو بڕیارەی کە داومانە لێگەڕانەوەی بۆ نیەو بڕیاری لایەنێکە کە دەتوانێ کار بەجێبێنێو مادام هەردولا ئامادەن هەموو ئەو گرێیانەی کە دێنە ڕێیان بە دڵسۆزیەکی تەواو ووروونی کردارێکی هاوبەشەوە بکەنەوە ، ئەوا کار باشە .

ئەمە لەو چاوپێکەوتنەدا وترا کە بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەل ڕۆژنامە نووسە عەرەبو بێگانەکاندا لە کۆشکی میواندارى لە دمشق کردویە .

دەقی قسەکانی جێگری بەڕێز لە لاپەڕە (٢)دا بخوێنەرەوە .

« الشاذلی » بۆسەرکۆماری جەزائیر دیاری کرا

جەزایر -٣١ - ئا . د . ع

ئاژانسەکان : لیژنەی مەرکەزیی چوارهەم کۆنگرەی حزبی بەرەی ڕزگاری خوازی نیشتمانی جەزایر ئەمڕۆ هەقید (شاذلی بن جدید) ی دیاری کردووە کە پاش سەرۆکی کۆچ کردووە بۆمدین ، ببێتە سەرەك کۆماروو ئەمینداری گشتی ی حزبی .

بەپێی یاسای بناغەی حزب لیژنەی مەرکەزی کە دوێنێ بەکۆمەل کۆنگرە بڕیاری لە سەرداوە ئەندامەکانی لە نێوان « ١٢٠- ١٦٠ » کەس دەبن . هەر لەم ئەندامانە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێت ، کە ئەندامەکانی بریتی یە لە ١٧-تا ٢١ کەس .

دەقی یاسای بناغەی حزب دەڵێت . . ئەرکی لیژنەی مەرکەزی بریتی یە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی گشتی ی وڵاتو جێبەجێ کردنی میساقی نیشتمانی و دیاری کردنی هێلە سەرەکیکانی پەرەپێدانو ئامادەکردنی ڕژێمی ناوخۆو بوودجەی حزبو هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتی ی و دەست نیشان کردنی سەرۆك وە ئەرکی مەکتەبی سیاسی بەوە دیاری کراوە کە چالاکی حزب بەڕێوەبەرێتو بەدوای بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزیدا بچێت .

کورتەیەك لەژیانی سەرۆکی تازە . .

- ساڵی ١٩٢٩ لەسیبا نزیك شاری عەنابە لەدایك بووە .

- لەشەڕی ڕزگاریدا بەشداری یەکی تەواوی کردووە

- ساڵی ١٩٦١ چۆتە سەر کردایەتی گشتی ی ئەرکانەوەو بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕشی جەزایر ، کە لە ساڵی ١٩٦٥دا بەسەرۆکایەتی بۆمدین دامەزرا .

- ساڵی ١٩٦٢ بووە فەرماندەی کەتیبەی سیازدەهەم

- ساڵی ١٩٦٤ بووە فەرماندەی ناوچەی وەهران .

- لە ڕۆژی ٣١ - مانگی ڕابوردودا هەڵبژێردراوە بۆ سەرەك کۆماری جەزایری دیموکراتی میللی .

سادات بەتێن دەدا :

چەندێك دوژمن نەوتی پێویستبێ ئەم درێغی لە ناردنی ناکا .

حاکمی میسر ڕای گەیاند کە لەنەوتی سینا پێویستی قەوارەی زایۆنی لەنەوت زامن دەکاو نەوتی سینا نابێتە گیرو گرفت ڕێ لە وتووێژی « سازاندن » بگرێ .

لە ڕاگەیاندنێکدا کە ئاژانسی (الشرق الاوسط المصرية) بڵاوی کردەوە سادات وتی « ئیسرائیل » داوای لێکردوین کە .

لەسەر بنچینەی نرخی جیهانی ، نەوتی بدرێتێو ئێمەش لەسەر ئەو داوایەو لەسەر نەوت پێدانی ڕازی بووین و ئەم مەسەلەیە نابێتە گیروگرفت لەبەردەم ڕێڕەوی وتووێژکردندا . ئەوەی شایانی باسە ئێستا قەوارەی زایۆنی بەهۆی کەمی نەوتی جیهانو وەستانی نەوتی ئێران تووشی بێنەوتی یەکی زۆر بووە

لەلایەکی ترەوە هەواڵەکان ڕایان گەیاند کە حاکمی میسر انور السادات ڕۆژی هەینی ڕابوردوو ڕای گەیاند کە بەم زووانە لەگەل جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکادا سەبارەت بە هەنگاوی داهاتووی بەگەرخستنەوەی وتووێژ ڕاوێژ دەکا . . بەڵام سادات لە ڕاگەیاندنەکەیدا پەنجەی بۆ ئەوە نەکێشا کە ڕاوێژەکە چۆن دەبێ و هەروەها ماوەی ڕاوێژکردنەکەشی دەرنەخست . بەڵام چاودێری کەران وای بۆ دەچن کە دەست پێشخەرییە نوێ یەکەی سادات چارەڕێی گەیشتنی هارۆلدبراونی وەزیری بەرگری ئەمەریکا دەکا کە بەگەشتێك کە دە ڕۆژ دەخایەنێو لە میسرو

بروانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

دەقی وتەکەی هاوڕێ صدام حسین لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا لە دمشق

کە هەردولا ئامادەبن هەموو ئەو گرێیانەی کە دێنە ڕێیان بە دلسۆزیەکی هاوبەشی و دوو تێ کردنیکی هاوبەشەوە بکەنەوە مەسەلەکە بەردەوامبێ ، کە لە ڕاستیدا واشە ئەوا کار باش دەڕوا .

لە فڕۆکەخانەی بەغدا وتمان باسی تەواوکردنی باوەڕنامەکە دەکەین و کە لە کاروباری باوەڕنامەکە دەستمان هەلگرت ، کە بریتییە لە سەرەتاو هەنگاوێکی چاک و بنەمایەکی دروستە بۆ کاری یەکێتی خوازانە ، شتێکی سروشتییە چ لە هەوڵداو چ لە بیرکردنەوەدا بەرەو پلەیەکی بەرزتر بچین ، پلەی بەرزتریش جگە بە گفتوگۆیەکی سەرەتایی لە بارەی سایشتی ڕێڕەوی کرداری دەستووری وسیاسی یەوە بۆ بەیوەندی یەکێتی خوازانەی عەرەبی ، بە شتی تر نابێ هەروەها گوێگرتنێکی سەرەتایی بۆ شارەزابوون و هەریەکەمان گوێ لە بیروڕای لایەنەکەی تر دەگرێ و لە مەوە شوێنی هاوبەش لە بارەی یەکێتی حزبەوە دەردەکرێ ، چونکە یەکێتی لە نێوان هەردو وڵاتەکەدا ، بێ نەوەی لە حزبدا یەکێتی هەبێ ، ناکرێ ، بەڵکو ئەمە خۆی ڕێگەی یەکێتییە لە کاتێکدا بزوێنەری ، هەروەها ڕێگەشی ، حزبە . هەروەها ئامادەبوون لەگەڵ زانینی سەرەتایی بیرورا ناوەندیەکان لە بارەی چونیەتی یەکێتی حزبەوە . بێ گومان لە کۆبوونەکەوە ڕاگەیاندنێک دەردەکرێ کە تێیدا پەنجە بۆ شێوەی بزوتنەوەکە پاش دمشق و دانانی ڕووکارو وێنە ئاشکراکان دەکێشرێ نەمە یەکو دووی تێدا نیەو بە پەلەش ڕادەگەیەنرێ ، چونکە وەزعی تری ئەوها ، وەزعی بوونی دوژمنی هەاوبەش ، نیە . ئەو دوژمنی دەسەڵاتداری و سەربەرزی و پێکهاتنی شارستانی و یەکێتی و نیستاو دوارۆژە . دوژمنێکی درندەو پێداگرو ئامادەو بەتوانایە ، ئەمەیە وەسفی دوژمن ، دوژمنێکی سیاسی نیە ، دوژمنی دەسەڵاتداری بەسەر بەشێك لە خاکدا نیە ، بەڵکو دوژمنی نەتەوەیەکە لە هەمو پێکهاتنێکیدا ، واتە بەو جۆرەی کە دەیەوێ بژێ ، دوژمنی ئاسایشی ناوخۆیەتی و دوژمنی سەربەرزی و دەسەڵاتداری و شارستانیەتی یەتی کە خەریکە تۆوی چەکەرە دەردەکات و گەلا دەگرێ .

ئاوەڵێکتان لێم دەپرسێ ئایا بەیوەندی نێوان عراق و سوریا خێرا لە وەزعی شەڕو لێك بوونەوە گوێزرایەوە بۆ وەزعێکی نوێ ؟ واتە ئەمە لە باری جۆرەکیەوە نوێیە ، بەرەو پێشە ، واتە بەرەو پێش .

ئەمە چۆن ڕوودەدا ، لە هەمو حالەتەکاندا هی وەکو ئەمە ڕووی نەداوەو لەم چوارچێوەیەدا قسەمان دەکرد وەلام دایەوەو وتم ئەمە ڕوودەدا چونکە حاڵێکی وەکو ئەمە نیە تا بڵێین ئەمە وەزعێکی ترە ... وەلام ، ئەم حالەتە لێمە نەبێ نیە ، کە دوژمنێك دژی سیاسەت نەبێ ، دوژمنێکی وەختەکی نەبێ ، دوژمنی بەشێك لە خاك نەبێ . بەشێك لە خاکی سوریا ، یان بەشێك لە خاکی فەلەستین یان هەموو فەلەستین ، بەڵکو دوژمنی نەتەوەی عەرەبە ، نایهێڵێ ببێتە نەتەوەیەکی خاوەن پەیامێکی ئینسانی . نابهێڵێ گەشە بکات ، دەسەڵاتداری و سەربەرزی پێشێل دەکاو بەم جۆرە بە توانایەکە زیانی پێ ببەخشێ ، کاتێ کە یەك نەبێ ، لە هەمان کاتدا حزبیش دابەشکراو بوو ئامانجی دیاری کراوی ئاشکرا ورون هەبوو کە لە پێشیانەوەبێ ، کە بریتییە لە یەکێتی عەرەب کە لە باری مەعنەویەوە لەوانی تر لەپێشترە ئەگەرچی پەیوەندیەکی جەدەلی لە نێوان هەر سێ ئامانجەکەدا هەیە .

یەکێتی عەرەب لە پێناوی دروستکردنی نەتەوەیەکە کە زیاتر توانای کارتێکردنی هەبێ لە پەیوەندیە ئینسانیەکاندا ، توانای هەبێ شارستانیەتیەك دروست بکا کە گەشەکار بێت ... توانای هەبێ سەربەرزی و دەسەڵاتی بپارێزی و هەریەکی لە ئێمە ... هەر عیراقیەك ، هەر سوریەك ، چ لە سەرکردایەتیدا چ لە ناو هاووڵاتیاندا ، کە بینیمان ئەو مەترسیەی لە پێشە ، تەنانەت لەبێداگرتن لە سەر دەست بە سەردا گرتنی خاکی زەوتکراو لە عەرەبدا خۆی نانوێنێ بەڵکو لە زیاتر دەستەمۆکردنی نەتەوەی عەرەبدا وەکو گەلێك نەك وەکو کۆمەڵە ڕژێمێك ماڵی پێوە دەنێ .

ئەمە بە ناشکرا لە سەردانەکەی سادات لە قدس و ڕیککەوتننامەکانی کامپ دیڤید دەرکەوت ، هەریەکەمان دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە ڕێگە چی یە بۆ بەدی هێنانی ئەو دەستەبەریەی کە یەنجەمان بۆ کێشا . . . باراستنی کەلەپووری و سەربەرزی و دەسەڵاتداری وهێزیە بنەڕەتیەکانی شارستانیەتی نەتەوە .. بەربەرچدانەوەی ئەمە چۆنەو چی بکەین ... بێ گومان وەڵامێکی ڕوونی لەبەردەمدا بەدی کرد کە لە توانا قوتریەکاندا ، لەگەڵ مانەوەی وەزعی لێك دووری نێوان عیراق و سوریاو بەربەرچدانەوەیەکی جیدی نایەتە دی کە ببێتە مایەی گۆڕانێکی جۆرەکی بۆ نەتەوە لە تەرازووی هێزەکاندا بەرەو ئەو ئامانجانەی کە یەنجەمان بۆ کێشتان ، هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە ، بێك گەیشتنەکە هاتەدی ، ناشێ سەربشك بین لە نێوان دوو حالدا وەکو ئەوەی کە لەپەیوەندی نێوان سوریاو عراقدا هەیە کە وەزعی دوژمنایەتی ولێك دوورکەوتنەوە ببێتە وەزعی دراوسێیەتی خۆش بە هیچ جۆرێك . مەبەستم ئەوەیە بان لێك تاکانەوەو دوورکەوتنەوە یان یەکێتی و لە ناو ئەم دوو شێوەیەدا شێوەیەکی تر نیە ... ئەوەبوو ڕێگای یەکێتی هەلبژێررا .

هاووڵاتی عەرەب مافی خۆیەتی هەوڵدا ئاکامێکی خێرا لەسەر ڕێبازی خێر وەدەست بێنێ ، کە ئەویش یەکێتییە کە خەونێکی گەورەیە ، هەورەکو خەونی بەردی بناغەی داڕشتنی شارستانی نوێی عەرەبە بۆ پارێزگاری کردنی سەربەرزی و بەهاو گەلەپورەکانیان ... کە توانای پارێزگاری کردنی لەپاشەڕۆژیان هەبێ ، بەڵام هاووڵاتی عەرەب کاتێك داوای خێرایی دەکات ، چونکە ئەو هەوڵانەی دران ، بە کێتی ساڵی ٩٥٨ یان لێدەرچێ ، هیچیان نەگەیشتنە شێوەی کاریگەری خۆیان کە ئاواتی هەموو عەرەبێکە .

لەبەر ئەمە ، هاووڵاتی عەرەب لەدوو مەسەلەی بنەڕەتیەوە پێ هەڵدەنوێ ، یەکەم چونکە لەو وباوەڕەدایە داواکردنی خێرایی ڕێوشوێنێك نیە لەسەر حیسابی وردەکاری ، بەڵکو ڕێوشوێنێکی ڕەوایە بۆ بەیوەندیەکی یەکێتی خوازانەی وەکو پەیوەندی نێوان عراق و سوریاو چونکە دەزانێ پێویستیەکانی ڕاپەڕین هەیەو ئەم یەکێتییە ئەگەر بکرێ ئیتر هەڵوەشانی بۆ نیەو بۆیە هاووڵاتی عەرەبی بە هۆشیاریەوە داوای بەستنی زووبەزوویی دەکا ، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا نیە کە ئەو پەلەی کردوەو داواکردنی پەلەکاری لەسەر حیسابی وردکاری تەواو دەبێ..

شێوەی دوەم ئەوەیە ، هاووڵاتی عەرەب لە یەکێتی ٩٥٨دا نەبێ ، دارشتنی تاقی نەکردۆتەوە کارتێك کردنەکانی پاش ئەوە بەرەو کاری خێر چۆن ڕوودەدەن ، مەبەستم ئەوەیە ئەو حاڵی نیوە نیەتی چاکەی تاقی کردۆتەوە ... نیوە یەکێتی کە بەوشێوانە لە ڕابردوودا زانراون خۆیان دەرخستوە . . . دلی لەگەڵ یەکێتی دابە بۆیە داوای پەلە دەکا بەڵام ئێمە هاووڵاتی عەرەب دڵنیا دەکەین کە هەموو دوژمنانی نەتەوە ناتوانن کرداری یەکێتی بوەستێنن ، چونکە کرداری یەکێتی شتێکی لە ناکاودا پەیدابوو نیە لە حیساباتی سایشتی ئیستەییدا ، بەڵکو کردارێکی مێژوویی تەواوە ، وەکو شتێکی گەورە بۆ ئیستە دێنێتە دی ... شتێکی گەورە بۆ ڕابردوو دێنێتە دی و شتێکی گەورەو بنەڕەتی بۆ دوارۆژ .

لەسەر ئەم ئەساسە ، هاووڵاتی عەرەب دڵنیا دەکەین کە بڕیارەکەمان گەڕانەوەی بۆ نیە ، ئەویش توانای هەیە ، چونکە بڕیاردانەکەمان پشت بەخوا هی لایەنێکی بێ توانا نیە بەڵکو هی لایەنێکە کە توانای کارکردنی هەیە .

گفتوگۆکانمان و چاوپێکەوتنەکانمان ، هەموو ئاواتو ئارەزووی هەموو عەرەبیان دووپات کردەوە ، ئەو ڕووکارانەیان دووپات کردەوە کە بزیتین لە زیندوکردنەوەی بەهاکانی باوبابیران و وەفاداریدا بۆ قسەو کردار .

هەرچی چۆنێك بێت ، بە ڕوونی دەڵێم کە پێویستە لەسە هەردو سەرکردایەتیەکە .. هەردو گەلەکە ودەزگاکان لە هەردو وڵاتەکەدا ، هەروەکو ئۆبالی ئەستۆی نەتەوەشە ، لە نزیك و لە دووردا ، بۆ هەموو وڵاتەکانی تر ، نابێ ئەم هەلە مێژوییە لە دەستدەین کە وای لێکردووین هەموو ، ڕابردوو بە ئازایی و باوەڕو مەبدەئیەتەوە بەجێ بهێڵین ، تا هەموو بەخشەکانی بەکار بهێنین تا بازێکی جۆرەکی تازەمان بەرەو پێشەوە پێبدا بەرەو یەکێتی عەرەب کە ناوەکەی یەکێتی عراق و سوریایە لە هەمان کاتدا ، پێویستە لەسەرمان هەموو ئەو نالەبارانە نەخەینە پشت گوێ کە تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو فیربان کردوین ، پێویستە دودل نەبین بەڵکو بە هوشیاری و بەوریایی زۆرتر بەرەو پێشەوە بڕۆین تا یەکێتی عراق و سوریا ببێتە یەکێتی ئیستاو هەتا هەتا انشاء اللە .

پڕۆگرامی وەرزی ڕۆشنبیری بە ڕێوەبەرێتی ی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی

لیژنەی ڕۆشنبیری سەربە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی بۆ کۆتینەوە لە بارەی نەخشەی شەش مانگی داهاتووی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیە کە کردوبەتیکرایی ئەم بڕیارانەی خوارەوەیدا :-

أ - بێك هێنانی میهرەجانێکی گەورە بۆ ساڵی جیهانی ی منداڵ ، لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٣-٢-١٩٧٩دا .

ب - بێك هێنانی میهرەجانێکی ڕۆشنبیری و هونەری لەشەش قەزای پارێزگاکە کە بریتین لە هەلەبجەو پێنجوێن و دەربەندیخان و دوکان و قەڵادزێ و چەمچەماڵ و لەم میهرەجانەدا کۆڕی هونەری و ئەدەبی و سیاسی بگیرێ و شانۆگەری و گۆرانی و مۆسیقا و فیلمی سینەمایی لە ئامانجدا نیشان بدرێ .

ج - پێك هێنانی میهرەجانێك بەبۆنەی ڕۆژی شانۆگەری جیهانی بە هاوکاری لەگەڵ لیقای هونەرمەندان لە پارێزگاکە .

د - گرتنی حەوت کۆڕی جەماوەری لەپارێزگاکەدا کە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە تەرخان بکرێ : -

١ - دووکۆڕ بۆ هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری .

٢-کۆڕێك بۆ کاروباری ئەدەبی

٣ - کۆڕێك بەبۆنەی (١)ی حوزەیران ، ڕۆژی خۆماڵی کردنی نەوتەوە .

٤ - دوو کۆڕ بۆ کاروباری هونەری .

٥ - یەك کۆڕ بۆ بەروەردەکردنی منداڵ .

هـ - تۆمارکردنی شانۆگەریەك بەکوردی لە تەلەفزیۆنی تامیم لە بارەی لە ناوبردنی نەخوێندەواریەوە ، لەلایەن تیپی هونەری سەربە بەڕێوەبەرایەتیەکەوە .

و - بەشداری کردن لە دوو کۆڕی تەلەفزیۆنیدا لەبارەی دەوری ڕاگەیاندن لە لەناوبردنی نەخوێندەواری داو لە بارەی بزوتنەوەی شانۆگەریەوە کە لە مەلبەندی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا دەگیرێن .

ز - تۆمارکردنی دوو کۆڕی تەلەفزیۆنی لە تەلەفزیۆنی تامیم یەکێکیان لەبارەی جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی و ئەوی تریان لەبارەی هەرەوەزی نیشتیمانی سەرتاپاگیر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریەوە .

ح - پێکهێنانی چوار پێشانگای هونەری تەشکیلی کە بەکێکیان بۆ منداڵان تەرخان بکرێ .

ط - بەشداری کردن لە یادکردنەوەی بیرەوەری (٨)ی شوبات بە پێکهێنانی کۆڕێکی جەماوەری بۆ ئەم مەبەستەو دەرکردنی پۆستەرێك و پێکهێنانی پێشانگایەکی تەشکیلی بەم بۆنەیەوە .

ی - بەستنی کۆڕێکی جەماوەری بەرین لە ڕۆژی ئەدیبی کورددا و پێك هێنانی ئاهەنگێك بۆ بیرەوەری شاعیر موفتی پێنجوێنی لە ١٠-٢-١٩٧٢دا .

ك - ئامادە کردنی دوو شانۆگەری بەکێکیان لە سلێمانی نیشان بدرێ و ئەوی تریان لەتەفزیۆنی تامیم - تۆماربکرێ .

ل - تۆمار کردنی دوو گۆرانی لەتەفزیۆن بەبۆنەی هەرەوەزی نەهێشتنی نەخوێندەواریەوە .

ح - دەرکردنی پەخشنامەیەك بەناوی « العطاء الثقافی » یەوە لەبارەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەوە لەساڵی ڕابردوودا و زانیاری پێویست لەبارەیەوە .

ن - پێشکەش کردنی (١٢٠) فیلمی سینەما لە ناوەوەو دەرەوەی پارێزگاکەدا .

٣ - بەشداری کردن لە هەموو بۆنەو جەژنە نیشتیمانی و نەتەوەیی یەکاندا .

حمە سعید حمە کریم
پ. هاوکاری لەسلێمانی

• دەرەنجێك •

هێندەی ئەمیندارێتی پایتەخت هەوڵو تەقەلا دەدات بۆ خاوێن کردنی شەقامو کۆڵانەکانی پایتەختو بەو مەسەلەیەوە خۆی ماندوو دەکات ، ئەوەندەش بەوریایی یەوە بەشێکی زۆر لەهاووڵاتیان پشتگیریی ئەو کارە دەکەن و هیوادارن لە دوارۆژێکی نزیکدا پایتەختەکەیان بە جۆرێکی ڕازاوەو خاوێنی ئەوتۆ ببینن .. کە باسی پایتەختو شارێکی پێشکەوتوو هاتە پێش ئەمان دڵیان لەخۆیان دانەمێنێت . . هەموو کەس لەگەڵ پاکنەو تەمیزی یە گشتمان حەزبەخاوێنی دەکەین ، هاوکاری لەو مەبدانەدا ئەرکێکی پڕ لە دلسۆزی یە .. کەچی هەندێك لەبری ئەوەی کە هاوبەشی خاوێن .. کردنەوەی پایتەخت بکەن دەبنەمایەی کارێکی پێچەوانە بەو مەبەستە .. بۆ نموونە خاوەنی ئەو کۆشکانەی لەسەر شەقامە گەورەکانی پایتەخت بناغەی کۆشکەکانیان هەڵداوەتەوە ، بەشی زۆری گڵو خولەکەیان کردۆتە سەر شەقامەکە ، ئەویش بەهۆی ئاوی باراناوەوە دەبێتە قوڕو چڵباوو ئوتۆمبیلە خیراکان بەبێ گوێدان ئەو لیتاوە بەخەڵکیدا هەڵدەبڕژێنن و ئەوکارە دەبێتە مایەی سەغڵەت کردنی ئەو خەڵکانەی بەو ناوەدا تێپەڕ دەبن .

کەچی ئەمیندارێتی پایتەختو وەك ئاگادار نەبێت بەربەستی ئەو کارە ناکات و خاوەن کۆشکەکان ناچارناکا کە بەزوویی گڵو خۆڵەکانیان لەو ناوچەیەدا بگوێزنەوە وەیا خود شورەیەك بۆ بناغەی ئەو ئەپارتمانانە بکەن بۆ ئەوەی گڵو خۆڵی بناغەکەیان نەچێتە سەر شەقامەکان و بەو جۆرە ناشیرینە پیسی ئەکات و خەڵکەکەش ئاوا سەغڵەت نەکات ..

بریا خاوەن ئوتۆمبیلە کانیش لەو جێگایانەدا کەمێك لەسەرخۆ ئوتۆمبیلە کانیان دەناژۆت .

- نون -

١٨ ملیۆن و ٦٦٥ هەزارو ٢٩٦ دینار بۆ پڕۆژەکانی ساڵی پاری پارێزگای سلێمانی خەرج کراوە

ڕاپۆرتی ناوخۆ

● لەدوانێکی ڕۆژنامەنوسیدا بۆ پەیامنێری هاوکاری لە پارێزگای سلێمانی بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی باسی پرۆژەکانی پلانی پەرەسەندنی نەتەوایەتی ساڵی پاری کرد لە پارێزگاکەدا ووتی : -

× سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بەسەرکردایەتی باوکی تێکۆشەر احمد حسن البکر گرنگی و بایەخێکی یەکجار زۆری داوە بەخزمەت کردنی پارێزگاکەمان ، لەهەموو ڕوویەکی ئاوەدانی و خزمەت گوزاری و لەباری ڕاپەڕاندی پەرەسەندن و پێشکەوتن و گەشەکردنی ژیانەوە .

هەر لەپلانی ساڵی ڕابوردوودا گەلێ پرۆژەی گرنگ و بایەخدار لە هەموو مەیدانەکانداو لەپەرەوشیایی ی ڕاپورتی سیاسی گونگرەی هەشتەمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە پارێزگاکەماندا دەستیان پێ کراو زۆریان تەواو بوون و هەندێکی تریشیان لەتەواو بوندان و بەکورتی ئەتوانم بڵێم گرنگترینی ئەو پرۆژانەی کە سەر بە ئیدارەی تاوخۆیی پارێزگاکەمان بوون ئەمانە بوون :-

بایی نزیکەی ١٤ ملیون و ٩٠٨ هەزار دینار قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی و بەشی ناوخۆیی و باخچەی ساوایان و مەخزەنێکی سارد کردنەوەو خانوی جوتیاران و فەرمانبەران لەقەزاو ناحیەکاندا کراوە ئەمانە لەگەڵ قیرتاوکردنی هەندێ ڕێگاو شەقامی ناوشارەکان و کرینی پاسی گواستنەوەو بۆ ناوشاری سلێمانی و باخچەکانی ساوایان و هەروەها کردنەوەی گەلێ مەلبەندی سەرەکی تەندروستی لەهەموو ناوچەکاندا .

گەلێ پرۆژەی ساڵی ١٩٧٧ لە پارێزگاکەدا مابونەوە ، ئێمە دەستمان پێ کردن و ئیستا گەیشتونەتە ڕادەیەکی باشی تەواوبو ون و وا بە تەمایین بەم زوانە تەواو ببن و ئەمانەش بابی ٢ ملیون و ٦٣٦ هەزار دینار بودن .

هەروەها لە پارێزگاکەدا گەلێ پرۆژەی ڕێکخراوە میللی و پیشەیی یەکانمان هەبوو ئەمانیش هەر لەپلانی ساڵی ١٩٧٨دا بوون و بەشی زۆریان تەواوبوون و بایی (١) ملیون و ١٢١ هەزارو ٣٩٦ دینار بوون . بەم جۆرە خەرجی هەموو ئەو پرۆژانەی باسمان کردن و سەر بەپلانی ئیدارەی ناوخۆی

بڕوانە : ل : ٧

هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك

● **کاك سامی جمال محمد قرەداغی** - کەرەکی ئاشتی - سلێمانی لە نامەکەیدا دەڵێ ئاشکرایە کەوا سلێمانی لە ئەنجامی دانیشتواندا زیادبوونێکی زۆری بە خۆیەوە دیوە ، بەڵام تائێستا مەسەلەی نانەواو فڕنەکان چارە نەکراوە ... بۆیە زۆر بە گرانی نان و سەمونان دەستدەکەوێت و داوا دەکات نانەواخانەو فڕن زیادبکرێن تا خەڵکەکەبەباشی نان و سەمونیان دەستبکەوێت .

هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك: ئێمە وا ئەمەسەلە گرنگە کە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی شاری سلێمانیەوە هەیە دەخەینە بەرچاوی بەڕێز پارێزگارو بەڕێوەبەرایەتی ئیماشەی سلێمانی و چاووڕوانی وەلامیانین

● **کاك عزیز محمد عزیز ناکۆ لە ئاوایی عەسری گۆمیتانەوە نامەیەکی بۆ نوسیوین تێدا دەڵێ : ئاواییەکەمان نزیکەی (٣٥٠) ماڵەو ئەمگیروگرفتانەی خوارەوەمان هەیە کە زۆر بە دەستیانەوە وەزعمان نالەبارە :**

١ - نەبوونی پرۆژەی ئاو . لەبەر ئەمە ئافرەتەکانمان ناچارن بچن لە نزیکەی دوو کیلۆمەترەوە بە کۆڵو شان ئاو بهێنن .

٢- کارەبامان نیە .

٣- ڕێگای هاتوچۆمان لە ڕۆژانی باراندا دەبڕێت .

٤- گیروگرفتمان لە بارەی بردنی شتومەکەوە بۆ ناو ئاوایەکە دێتە پێش .

٥- ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی گوندەکەمان (٤٠٠) قوتابیە ، کەچی هەر (٤) مامۆستامان هەیەو بیناکەمە چواو ژووری تێدایە کە کراون بە پۆل ، ئەم ژوورانەش هەر کە باران باری پڕدەبن لە ئاو . هەر ئەم ژوورانە بۆ دەرس وتنەوەی هەرەوەزی لە ناوبردنی نەخوێندەواری بەکار دەهێنرێن ، ئەمە جگە لەوەی ئافرەتەکانمان بێبەشن لەمشتە پیرۆزە ، چونکە مامۆستای ئافرەتمان نیە .

٦ - نە مزگەوت نە نەخۆشخانە ، هیچیانمان نیە .

● **کاك جبار عمر مێوژە** دانیشتووی گەرەکی ڕزگاری سلێمانی پێشنیار دەکا ئەو شیوەی کە دەکەوێتە لای ماڵی پارێزگارەوە لەسەر شەقامی نێوان سلیمانی و کەرکوك بە شتێك پڕبکرێتەوە کە خۆی لەبەر باران و لافاو ڕاگرێ چونکە دیمەنێکی ناشیرینی هەیەو ڕێگای هاتوچۆکردنی خەڵکی بەسەرەوەیە . وێنە : بۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ ئاگاداری و تکایە باری سرنجی خۆتانمان لەم بارەیەوە بۆ بنووسن .

● **کاك ڕەسول حمد ڕسول گوندی بەستەسێنی خوارووی** سەر بە ناحیەی ناودەشت قەزای پشدەر لە نامەکەیدا دەڵێ تائێستا هەوڵێکی یەکجار زۆرمان داوە بۆ هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی بۆ گوندەکەمان تا بتوانین ئاوی پاك و بخۆینەوەو بۆ کێشانی کارەباو دروستکردنی نەخۆشخانەیەك بۆ ئاوایەکەمان بەڵام ئەمەهەموو هەوڵەمان هەتا ئێستا هەر بە فیڕۆ ڕۆیوەو داوا لە « هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك دەکا داواکارەکانیان بخاتە بەرچاوی کاربەدەستان بەڵکو جێبەجێ بکرێن .

ئێمەش وا داواکاریەکان دەخەینە بەردەمی قایمقامیەتی پشدەرو چاوەڕێی وڵامین .

بۆ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی (١٧)ی گەلاوێژ بەشی کارەبا- سلیمانی :

بڕوانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

وەرام بۆرەخنەکەی کاك عمر عارف بە رزنجی

حسین عارف

ـ بەشی سێهەم ـ

بێگومان من لێرەدا باسم لە مەسەلە ئەسڵی یەکە نییە کە هەڵسەنگاندن و حوکمدانە بە سەر چیرۆکەکەدا ، چونکە من لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە پێشکەشی (کۆڕی یەکەمی چیرۆکی عێراقی)م کەرد بۆچوونێکی تری جیاواز لەوەکەی ناو کتێبەکەمم بۆی هەیە کە پیش دەرچوونی نامێلکەکەی رەخنەگر نوسراوەو گەر بە تەواوی بڵاوکرایەوە ئەو بۆچوونە نوێیەم دەردەکەوێ و ئەمەش چ عەیبەیەکی تێیدا نییە . بەڵێ .. من لێرەدا تەنیا ئەوەم مەبەستە کە رەخنەگر نەدەبوو ئەو عیبارەتانە حەشاربدا .

١٠ ـ رەخنەگر لە ل(١٧)دا بۆ ئەو رایەی دەربارەی وەرگێرانی چیرۆکی (حیکایەتیکی خۆش) دەرم بڕیوە دەڵێ :

(چگە لەمەیش وای دەرخستووە کە (فایەق زیومر) بە دەسکاری یەوە ومری گێراوە . ئەم مەبەستەیشـ گەرامەوە سەر هەمان ژمارەو بە هیچ جۆرێك ئیشارەتی دەسکاری کردنی پێوە نییە] .

بەڵام من دەڵێم : ئەگەر مەسەلە ئیشارەتی دەسکاری کردن بێ، ئەوا ئیشارەتی تێدا هەبەو هەر ئەوەش پاڵی پێوەنام ئەم رایەی لە سەر دەربڕم کە دەگونجێ من لەمەباندا بە هەڵەچووبم نەك لەوەدا کە (بە هیچ جۆرێك ئیشارەتی پێوە نییە) . ئیشارەتەکەش ئەوەیە کە فائق زیوەر وتویە (وا بە کوردی) نووسیمەوە)و کە سەرنجیش دەدەیتە ناوی کەسانی چیرۆکەکە دەبینیت ناوی کوردین وەك (جەمشیدو ئەختەرو دارا) . واتە ئیشارەت هەیە . بەڵام لێرەدا من خۆم دەس پێشکەری دەکەمو سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشم کە دەگونجێ چیرۆکەکە فارسی بووبێ ، چونکە ئەو ناوانە لە ناو فارسیشدا هەن .

هەر بەم بۆنەیەوە بە جاکی دەزانم ئیشارەتێك بەو رایەی خۆی بدەم کە لە ل (١٨) دا دەڵێ گوایە رفیق حلمی [داستانی (رۆستەم) ی لە تورکی یەوە کردووە بە کوردی] و دەپرسم :

ئەی باشە کاکی برا ، تۆ چۆنت زانی کە لە تورکی یەوە کردوێتی بە کوردی ، لە کاتێکدا هیچ ئیشارەتێکی پێوە نییە ؟! .

١١ ـ دواجار رەخنەگر لە ل (٢١ تا ٢٤)و ل (٤١)دا ، سەبارەت بە دوو چیرۆك نووسمان و هەڵوێستو بیروڕاو بۆچوونی من دەربارەیان گەلێ شتی وتوەو زۆری قسە کردوە . بەڵام من لەم بارەیەوە هیچ نالێم و تەنیا دەیدەمە دەس ویژدان و ئەخلاق و حەقیقەتو ئەو نووسینانەشمیان لە سەر دەکەم بە شایەت کە لەوەبەر دەربارەیان بڵاوم کردوونەتەوە .

دووەم : مەلا خۆشی غەڵەتی کردوە ! .

برای رەخنەگر لە هەر شوێنێکدا کە هەڵەیەکی منی دۆزیبێتەوە (دەڵێم دۆزیبێتەوە ، چونکە بە ئاشکرا دیارە کە بە زەڕەبینەوە بۆیان گەڕاوە) ، بە گیانێکی تەواو لە خۆبایی بوونو زۆر جار بە دەم گاڵتەو قەشمەری پێ کردنیشەوە باسی کردوون کە ئەمە دیارە ئەنجامی باوەڕکردنێکی (مطلق)ە بە خۆی کە لە هەڵەکردن مەعسوومەو چ قوورەتە یەکێك بتوانێ هەڵەیەکی لێ بدۆزێتەوە ! . بەڵام بڕوانن (مەلا خۆیشی) لە نامێلکەیەکی (٥٢) لاپەڕەیی قەوارە بچووکدا (هێندەی من هەستم پێ کرد بێ) چەند هەڵەی لە دەس قەوماوە :

١ ـ لە ل (١٨)دا بو بەرپەچدانەوەی ئەو رایەی من کە چیرۆکی (کەمانچە ژەن)م بە یەکەم چیرۆکی وەرگێڕدراو داناوەو بۆ سەلماندنی چەوتی ئەم قسەیەم ، ئیشارەتی بە سێ چیرۆکی تر داوە کە گوایە پێش کەمانچەژەن کراون بە کوردی . سا با بەکە یەکە باسیان بکەین .

بەکەمیان : داستانی (رۆستەم)ە کە رەخنەگر دەڵێ رفیق حلمی لە تورکی یەوە کردوێتی بە کوردی و **[بە زنجیرە لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٤٤٩)ی رۆژی (٢٠)ی تەمووزنی (١٩٣٥) بەدواوە بڵاوی کردووەتەوە] .**

بەڵام کە گەڕامەوە سەر ئەو ژمارەیەو بە دوایدا تا ژمارە (٥٠٢)ی رۆژنامەکەم پشکنی ، لە تەنیا ئەو بەشی یەکەمەم زیاتر لێ نەدی کە لە ستونی یەکەمو دووەمی لاپەڕە (٤)ی ژمارەکەدایە . **لە کاتێکدا رەخنەگر نووسیویە کە بە زنجیرە لەو ژمارەیە بەدواوە بڵاوکراوەتەوە .**

دووەمیان : رۆمانی (حاجی بابای ئەسفەهانی)ی جیمس مۆلەرە کە دەڵێ محمد عبدالرحمن **[لە ژمارە (٦٦)ی رۆژی (١٢)ی شوبانی (١٩٣٩)ی رۆژنامەی (ژیان)دا بە چاپ زنی ئەیەکی درێژ بڵاوی کردووەتەوە] .**

بۆ ئەمیشیان کە گەڕامەوە سەر ئەو ژمارانەی رۆژنامەکە، سەیرم کرد تەنیا چوار بەشی لە ژمارەکانی (٦٦ تا ٦٩)دا لێ بڵاوکراوەتەوەو ئیتر وازی لێ هێنراوە .

ناشکراشە ئەم چوار بەشە شتێکی هیچکار کەم لە رۆمانەکە پێك دەهێنێ .

سێهەمیان : رەخنەگر دەربارەی دەڵێ : **[(حاجی مەلا سەعیدزادە عبدالرحمن) چیرۆکێکی درێژی بە ناونیشانی (ئەمەو ئەوە) کردووە بە کوردیو لە ژمارە (٤٧٣)ی رۆژی (٢٨)ی مارتی (١٩٣٦)ی رۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە] .**

کەچی کە گەڕامەوە سەر ئەو ژمارەیەی رۆژنامەکە ، بینیم نەك هەر چیرۆکێکی درێژنییە ، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە چیرۆك نییەو ئەمە بە راستی جێگەی سەر سوڕمانە کە چۆن بە چیرۆکی داناوە ، چونکە بریتییە لە وتارێکی رووتو لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەڵێ ئێمە وەهاو ئێوە وەها .. وەك :

ـ ئێمە ئەوەی گریانو ئێوە ئەوەی خۆشی .....

ـ ئێوە نامانناسن بەڵام ئێمە ئەتانناسین ....

ـ ئێوە ئەهرامتان لە خشتی گلی مردووان دروستکرد .... ئێمە باستیلمان تێکدا ....

ـ ئێوە شوێن هەوەس کەوتوون ....

ـ ئێوە ئەچنە باخەڵی شەهوەتەوە ....

ـ ئێمە .....

ـ ئێوە .... هتد .

ئینجا لەم مەسەلەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە حاڵ دەبێ لە دوو فەقەرە بەدەر نەبێ : یا ئەوەتا کاکی رەخنەگری بوغرای مەعسوومی یەت لە هەڵە ، دەبێ وەك ئەو هەموو عالەمی خوایە کە لە بەر ئەوەی دەبزوونو کار دەکەن و بە ناچاری هەڵە دەکەن ، ئەویش هەڵەی کردبێ ،وەیا ئەوەتا مەسەلە هەڵەکردن نییەو دەبێ باش لە حەقیقەتی هەردوو چیرۆکو وتارەکە ناکادار بووبێو بەڵام بە ئەنقەستو بۆ چاوەشەکردن وەهای کردبێو ئیتر لەمەدا من خۆی دەکەم بە سەرپشك .

٢ ـ لە ل (٢٥)دا لە سەر ژمارەی چیرۆك نووسە رێبوارەکان دەڵێ : **(لەمەیشدا نەی پێکاوەو بەرەو هەڵدێری چەواشەبوون داخزاوە) .** ئینجا دوای ئەوەی بە زۆر زیاتریان دادەنێ دەڵێ : (ئەوا بە پێویستی ئەزانم کە ناوی ئەوانە تۆما (بکەم کە نەی بینیون) . ئاشکرایە ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ئیتر کەس ناهێڵێتەوەو ناوی هەموان تۆمار دەکا . چاکە .. بەڵام ئەی ئەگەر ناوی تریش هەبوونو رەخنەگر خۆیشی ئەی دیبوون ؟! ... ئەوسا رای بەرامبەر وتەکانی خۆی (ئەی پێکاوە)و (هەڵدێر)و (چەواشەبوون)و (داخزان) چی دەبێ ؟! .

بەڵێ راستە .. برای رەخنەگر ناوی چوار چیرۆکی ترو نووسەرەکانیانی بردوە من سەرنجم بۆیان ئەچوو بوو . بەڵام خۆ خۆیشی ئەم چیرۆکەی ئەدیوە :

(چیرۆکی ـ هەرزەکاری ـ نووسینی ـ خاوەن وتار ـ گەلاوێژ ـ ژمارە ـ ٣ ـ ساڵی ـ ٧ ـ مارتی ١٩٤٩) . ئەمە جگە لەوەی ئەو لە کاتێکدا بۆ (محمد علی کوردی) ئیشارەت بەوە دەدا کە (چەند بەرهەمێکی تریشی هەیە کە لە ساڵانی پەنجادا بڵاوی کردوونەوە ـ ل ـ ١٩)و لەم رووەوە ئیشارەت بە چیرۆکیکیشی دەدا کە لە (هەتاو)دا بڵاوکراوەتەوە . .. کەچی لە ناستی چوار چیرۆکی تری (پیرەمێردو آ . ب. هەوری محمد رسولی هاواردا بێدەنگە کە هەر لە (گەلاویژ)دا بڵاوکراونەتەوەو من لە کتێبەکەمدا باسم لێوە نەکردوون . ئەوانیش ئەمانەن :

١ ـ ئەنجامی پیاوێکی بەنگکێش ـ پیرەمێرد ـ ژمارە (٩ ـ تا ١٢)ی مانگی (ئەیلوول تا کانوونی یەکەمی ١٩٤١ ـ لە یەك بەرگدا) .

٢ ـ زۆرەملێ ملشکانی لە دوایە ـ پیرەمێرد ـ ژمارە (٣ ، ٤)ی مانگی (مارتو نیسانی ١٩٤٢) .

٣ ـ کەنیشکە کوردێك ـ ا . ب . هەوری ـ ژمارە (١) ساڵی ١٩٤٨ .

٤ ـ دوو دل ـ م. رسول (محمد رسول هاوار) ـ ژمارە (٥) ساڵی ١٩٤٩ .

٣ ـ رەخنەگر لە ل (٩)دا بۆ ئەو هەڵەیەی لە گۆڕینی ناوی چیرۆکی (منیش هەژار بووم)دا رووبداوە بە تەوسەوە پێمدەڵێ :

وەك (تەنانەت ئەو دەسەڵاتەیشی بێ کە ناوی چیرۆکی کەسانی تر بگۆڕێت) . کەچی خۆی لە ل (٢٦)دا نووسیویە : **[بۆ وێنە چیرۆکی (ئەرخەوان)ی فایەق کاك ئەمین ... هتد] .**

بەڵام کە گەڕامەوە سەر ژمارەکە (گەلاویژ ـ ژمارە ـ ٥ ـ و ژمارە ـ ٦ـی مایسو حوزەیرانی ١٩٤٣ ـ لە دوو بەرگدا) ، بینیم تەنیا نوسراوە (چیرۆکی ئەم مانگە) و ئینجا لە ژێریدا ئەم دێڕەو هەر بە چاپو لە ناو دوو جووت کەوانەی وردداو نوسراوە : « ئەرخەوانی گردی سەبوان ، ئەبدبەندی ئسانانان »و بە دوایدا ناوی نووسەرەکەش دانراوە . هەروەها بۆ بەشی دووەمیشی (ژمارە ـ٦ـ حوزەیران ـ١٩٤٣) تەنیا نوسراوە (چیرۆکی ئەم مانگە)و بە دوایدا ژمارە ـ٢ـو هیچیتر . ئیتر نازانم رەخنەگر ئەو ناوی (ئەرخەوان)ەی چۆن لە چیرۆکەکە نا ؟!! .

٤ ـ لە ل (٢٨)دا دەربارەی چیرۆکی (نە مەنە نە هۆقە، یا مەنە یا هۆقە)ی سەلامی شاعیرو (مام پیاو)ی حسین حوزنی دەڵێ :[هەردووبابەتەکە لە یەك ژمارەی (گەلاویژ) دا بڵاو کراوەتەوە ، جارێکی تریش چیرۆکەکەی حوزنی لە (دەنگی گیتی تازە) دا بڵاوکراوەتەوە] . بەڵام ئەمە هەڵەیەو راستییەکەی بە پێچەوانەوەیەو هەر ئەوەو راستە کە من لە کتێبەکەمدا نووسیومە. واتە هەردوو چیرۆکەکە یەکەمجار لە ژمارە (٣)ی بەرگی (٢)ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ی (دەنگی گیتی تازە) دا بڵاوکراونەتەوە . ئینجا چیرۆکەکەی سەلام هەر دوای مانگێك جارێکیتر لە ژمارە (٥)ی مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٤٤)ی (گەلاویژ) دا بڵاوکراوەتەوە .

وەکی نر ئەو هاتوەو لە سەر ئاغەی ئەم هەڵەیەی خۆی ئەو بۆچوونەی من رەتدەکاتەوە کە وتوومە حوزنی [لە (مام پیاو) دا بەرەوی شێوەی (نە مەنە نە هۆقە ، یا مەنە یا هۆقە) کەی سەلام دەکاو بەڵام بە ئاستێکی جیاواز ـل ـ ٧٨ـی کتێبەکە] . لە کاتێکدا مەبەستەکەی من ئاشکرابە .. حوزنی مدیری ادارەو رئیسی تحریری) دەنگی گیتی تازە ووەو دیارە چیرۆکەکەی سەلام پێش بڵاوکردنەوەی بە دەست ئەو گەیشتوە . بامەکەی کاری تێ کردوەو ئەویش لە لالای خۆیەوە (مام پیاو)ی نووسیوە . ئینجا هەردووکیشیانی لەو ژمارەیەدا پێکەوە بڵاوکردۆتەوە . ئەمە تەنیا (اجتهاد)ێکەو ئەگەر هەڵەش بێ، بەڵام لەنووسینەکەمدا ئاشکرابە . مەسەلەی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی سەلامیش بۆ جاری دووەمو هەر لەو تریکانەدا **زۆر ئاڵۆز** نییە . یا ئەوەتا سەلام لە یەك کاتدا بۆ هەردوو لایانی ناردوەو بەردوودوا هەردوو لا بێ ئەوەی بەیەکتر بزانن بڵاویان کردۆتەوە . وەیا یەکەمجار بۆ گەلاویژی ناردوەو بڵاوکردنەوەی دواکەوتوەو ئینجا بۆ (دەنگی گیتی) ناردوە .بە هەرحال وەك وتم بەبنیان تەنیا مانگێکەو رەنگە وەختێك لەوباندا بڵاوکرابێتەوە لەمیانیشدا لە ژێر چاپدا بووبێ .

٥ ـ ئینجا ئێستا با بێینە سەر هەڵەی بیبلۆگرافیایی روت کە رەخنەگر بەوەو بە ناوبانگە کە لەم بوارەدا (مەوسووعە)یەو خۆیشی بە شێوەی دەمودووبدا لە نامێلکەکەدا زۆر لەوە دەچێ لەم رووەوە خۆی بە زیاتریش بزانێ ! . هەروەکوو ئەوەش زۆر ئاشکرایە کە بە زەڕەبین بە ناوچە دێڕبەدێڕی کتێبەکەمدا بۆ دۆزینەوەی هەڵەی درشتو وردو بایەخدارو بێبایەخ گەڕاوە . بەڵام بڕوانن لە نامێلکە (٥٢) لاپەڕەیی یەقەوارە بچووکەکەیدا چەند هەڵەی کردوە :

١ـ چیرۆکی (شیرەژن ـ گەلاویژ ـ ژمارە ـ٢ـ کانوونی دووەم ـ١٩٤٠) ، بە ناوی (س. امین زکی) یەوە بڵاوکراوەتەوە نەك (امین زکی) وەك رەخنەگر دەڵێ (ل ـ٢٦ـ نامێلکەکە) .

٢ـ دەربارەی چیرۆکی (جەرگی دڵداری) جلال محمود علی نووسیویە : [لە ژمارە ـ٢٢ ی رۆژی ـ٢٠ـی شوباتی ١٩٥٥ بەسەرێ زنجیرە ...] بڵاوکراوەتەوە (ل ـ٤١). کوا ناوی ئەو چاپکراوەی تیا بڵاوکراوەتەوە کە گوفاری (هەتاو) ە ؟! .

٣ ـ لە ل ـ٢٦ـدا دەڵێ : [بۆ وێنە چیرۆکی (ئەرخەوان) ی فایەق کاك ئەمین ... هتد]. کوا ژمارەومانگەو ساڵی گوفارەکە ؟! .

٤ ـ لە ل ـ٨ـو لە پەراویزی ژمارە ـ٢ـی لە ـ٤٧ـ داباسی گۆڕەوەکەی ساڵی ـ١٩٢٠ـی رۆژنامەی (پێشکەوتن) دەکا .

بەڵام کام ژمارەی رۆژنامەکەیو هی کام رۆژ؟!.

٥ـ لە ل (٤٨)دا لە پاڵ پەراویزی ژمارە (٥)دا نووسیویە : (چیرۆکی هونەری کوردی ـ لاپەڕە ـ٧) . کەچی کە دەگەڕێیتەوە سەر لاپەڕە (٧)ی کتێبەکە دەبینیت تەرخانە بۆ سەرباسی (بەشی یەکەم ـ سەرەتاوسەرهەڵدان ـ ١٩٢٥ / ١٩٣٩)و ئەمە ئەوە نییە کە مەبەستێتی .

بڕوانە : ل ٦

ئەدەبی مندالان لە دەوڵەتە سۆشیالیستەکاندا

وڵاتە سوشیالیستەکان بایەختێکی تەواویان داوە بەرەشەپیرێتی مندال .

بۆیە خاوەنی ئەدەبێکی مندالانی جیاوازن لە وڵاتانیتر . ئەویش ئەدەبێکە کە گیانی کۆمەڵگای سوشیالیستیو واقعەکەی تێیدا رەنگ دەداتەوەو ، لە هەمان کاتیشدا ئامانجی رەخنە گرتنێکی توندوتیژە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریو دەرەبەگایەتیو ، چاندنی تۆوی خۆشەویستیو هۆگریو هاریکاری نێو کۆمەڵە .

ئەو وڵاتانە زۆر دەمنکەبیریان لە گرنگی مەسەلەی مندالو پەروەردە کردنی کردۆتەوە .

(مەکسیم گورکی) مندال بەهێزێکی گەورە دادەنێت . وەداوای بنچینەیەکی بنەرەتی ئەدەبی مندالانی کردووە ، بە هەموو قۆناغەکانیەوە ، لەگەڵ قۆناغی پێشچوونە قوتابخانەی مندالیشدا .

وەدوای دامەزراندنی دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبی مندالان ساڵی ١٩٣٣ نووسیویەتی : ـ

(لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کتشەیەك لەمل ملانێ دایە . کە ئامانجی ئازادکردنی هێزی بازووە بۆ هێزی بیرو ، دەست گرتن بەسەر سروشتداو ، چاککردنی باری تەندروستیو ، زیادکردنی تەمەنی هەموو ئیشکەرانی سەرزەویو ، وەدیهێنانی یەکێتی یان لەسەر ئاستێکی جیهانیو ، لەبنناوی گەشەکردنێکی سەربەستو جۆربەجۆرو بێسنووری توانا و بەهرەیان .

ئەم بنچینانە پێویستە بنەمایەکبن بۆ هەموو ئەدەبێکی مندالانو ، هەموو کتێبێکیش کە ئاراستەیان دەکرێت .

بایەخ دانی گورکی بۆ ئەدەبی مندالان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٧ ئەو رۆژەی کە نامەی ئاراستەی نووسەرەکانی جیهان کردو ، تێیدا پێیانی وت : ـئەم ئامانجێکی هەیە . بە هاوبەشی نووسەرە ناودارەکانی ئەم چەرخە . بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەکی تەواو لە کتێبی مندالان ، کە تایبەتی بێت بەژیانی بلیمەتەکانی مرۆڤایەتی .

لەنامەیەکدا بۆ (لوئیلز)ی وانووسیوە : ـ لوئیلزی خۆشەویست تکات لێدەکەم کە کتێبێك دەربارەی (ادیسۆن) بۆ مندالان دابنێیت . دەربارەی ژیانو کردەوەکانی . تۆ ئەزانی ئێمە ئێستە چەند بێویستیمان بەو کتێبانەیە کە مندال هان بدات بۆ خۆش ویستنی کاروزانست .

نیازیشم وایە نامەیەك بنووسم بۆ (رۆمان رۆلان)کە کتێبێکیان دەربارەی (بتهۆڤن) بۆ بنووسێت . خۆشم کتێبێك دەربارەی (غاریبالدی) دەنووسم .

هەروەها گۆرکی ساڵی ١٩٣٠. نووسیویەو دەڵێ : ـ

(ئەو تەنگو چەڵەمەیەی لەبەرمانە تەنگو چەڵەمەی پەروەردەکردنی سوشیالیستانەی منداڵە . لە دەولەتێکی وادا کە هەنگاوی سەرکەوتوانە دەنێت . بۆ بنیات نانو ریکخستنی خۆی بەرێگەی سوشیالیستانە .

هەر چەندە تا ئێستە نەگەیشتۆتە ئەم ئامانجە . چونکە ئەم ریکخستنەی ئەمڕۆ هەر لەدەمەو دەستی منداڵانی ئەمڕۆدا وەدی دێت. ئەو منداڵانەی کە هەموو ژیانیان دەسوورێتەوە لەچوا ـ چێوەی تێکۆشانی رۆژانەوەهەموو ناکۆکۆکی یەك لە سوشیالیستی لەدایك بوو تاك رەوی زەبەللاحدا کە چەندان ملیون ساڵە بالی کێشاوە .

پێویستە لەرێگەی گاڵتە جاریەوە تاوانەکانی سەرمایەداری وەکو (گروب) بۆ منداڵان بگێڕینەوە .

بۆوەی لە دەروونیاندا سۆزی بێزاریو قێزلێ بوونەوە رەگ داکوتێ ، تەك سۆزی ترسیو لەز بیان گرێ .

لەکۆنگرەی نووسەرانی سۆڤیەتدا کە لە مۆسکۆ لەرۆژانی ١٥ـ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٤ دابەسترا (لیف کاسیل) نووسەری منداڵان ، لە راپۆرتەکەیدا رەخنەی لەونووسەرانەگرت ، کە پاڵەوانە مناڵەکانی ناو چیرۆکەکانیان لە سەرو ناستی واقعەوەنو ، لە هەموو رووبەکەوە تەواونو ، هیچ کەم کورتی یەکیان تێدانیە . ئەمەش لەگەڵ واقعدا ناگونجێت . لەهەمان کاتیشدا بۆ منداڵ ناشێت .

چونکە لەکاتی منداڵیاندا هزکری ئەم جۆرە پاڵەوانانە دەبن . بەڵام کاتێك قۆناغی منداڵی چی دەهێڵن ، لە واقعدا نموونەی تر دەبینن ، کەلەو نموونانەی ناوچیرۆکەکان ناچن . لەمەشەوە دووچاری خەمو ، بۆ چوونی ناتەواوو تبك تەمرۆ هەر لەدەمەو دەستی منداڵانی ئەمڕۆدا وەدی دێت. ئەو منداڵانەی کە هەموو ئەوە پێویستە هەر لەمنداڵی یەوە کەمو کورتیو تا تەواوی بەکانی منداڵانیان بخرێتە بەردەم .

دیسان (کاسیل) بەلایەوەوابە ، هەڵەبە چیرۆکی درێژی منداڵان لە سەربەك پاڵەوانی ناوەندی بسووڕێتەوە پێویستە ئەو چیرۆکانە چەند پاڵەوانێکی منداڵان دەوری تێدابینن ، گرنگترین شت لەراپۆرتەکەی (کاسیل)دا ئەوەیە ، کە زۆربەی چیرۆك نووسی منداڵان بایەخبەوە دەدەن ، کە پاڵەوانی چیرۆکەکانیان لەنموونەی فرۆکە وانی رووسی (تیتشکالوف) بێت. بایەخ نادەن بەوەی کە پاڵەوانەکانیان شاعیرێکی وەك (مایاکوفسکی) بێت . باشەوانەی پایەیەکی ئەدەبیو زانستیان هەیە .

بۆ هەر دەبێ تەنها گەورە مایاکوفسکی بناسێت . . ئەی بۆ منداڵان نەیناسن ؟ .

شاعیری گاڵتە جاری سۆڤیتی (سیرجی میخالکوف) دەربارەی بروابوونی منداڵ بەواقعیەتی نووسەرانو ، راستگۆبیان وتی ـ منداڵێك لە شانۆگەریەکدا نامادەبوو . وا رێکەوت منداڵێك لەوانەی کە پاڵەوانی شانۆگەریەکەبوو ، پێویستی بە (٣) رۆڵبووە . دوای کۆتایی هاتنی ئەو پەردەیە کاتێك بینەران بۆ پشوودان چوونە دەرەوە . ئەو منداڵە هاتە بەرێوەبەرایەتی ، تکای کرد کە ئەوسێ رۆڵەی لێوەگرن بۆ یارمەتی دانی ئەو منداڵەی ناو شانۆگەریەکە .

هەروەها میخالکۆف . لەو گونگرەیەدا گێرایەوەو وتی :ـ منداڵێکی تر لە شانۆگەریەکدا ئەکتەرێکی بینی کە دەوری پاڵەوانێکی بۆرجوازی وەرگرتبوو . دوای تەواوبوونی شانۆگەریەکە . منداڵەکە دەستی کرد بە (چەو) گرتنە ئەو ئەکتەرەو ، لە گەلیشیا دەیوت : ـ

من قینم لە بۆرجوازیەتەو ئەو کەسانەشە کە دەوری دەبینن . ئەدەبی منداڵان لە رژێمی سوشیالیستیدا نرخو بایەیەکی پێشکەوتن خوازانەی هەیە .

ئامانجی بڕوابوونە بەرژێمی سوشیالیستیو ، چاندنی تۆوی گیانی شۆرشگێرانەیەکی بەردەوام لە دەروو نیاندا .

لەبەر ئەوەی دوارۆژێ رژێمی نوێ سبەینێ منداڵانی ئیمرۆ تەواوی دەکەن .

هەرچەندە ئەدەبی منداڵی سوشیالیستی بڕوای بەشێوەی کۆنو رزیونیە لەپەیوەندی تاکو کۆمەڵدا . بەڵام پشت ناکاتە شێوەی ئەدەبی « گەلی » . بۆیە لەو ئەدەبەدا دەبان چیرۆکی جۆر بەجۆر بەرچاو دەکەون ، کە رووداوکانیان لەسایەی رژێمی دەرەبەگی و ، بۆر جوازیدا دەسووڕێتەوە ، ئامانجیش لەمە ئەوەیە کە خراپەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بەمنداڵ بناسرێت .

لەگەڵ هەوڵدانیشدا بۆ بنیات نانی گیانی دوور کەوتنەوەو ، نارەزایی لەو جۆرە رژێمانە .

لەبەکێتی سوفیەتو ، ئەڵەمانیای دیموکراتی ،ـ هەوڵو کۆششی ئەو کەسانەی کە بە ئەدەبی منداڵانەوە خەریکن لەوەدا وەدەرـ

کە چیرۆك حکایاتی کۆن دەربارەی سەردەمی **رابوردوو** دەخەنە پێش چاوی منداڵ. بەڵام ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانە دەربارەی گیانی تێکۆشانی گەلە لەو سەردەمانەدا . هەروەها چیرۆك و حکایەتی سەردەمی دەرەبەگی دەبینین . کە تێکۆشانی جوتیاران لەپێناوی ژیانێکی باشترا دەردەخەن .

ئەم نووسینە بەدەستکاری یەوە لەکتێبی (ادب الاطفال) دانانی (هادی نعمان الهیتی) وەرگیراوە

گۆڕینی :ـ محمد رشید فتاح

Institut kurde de Paris

بزووتنەوەی شانۆی کوردی و باری سەرنجی هونەرمەندان

ـ بەشی لیکۆلینەوە ـ

لە چوارچێوەی بایەخدانماندا بەبزوتنەوەو چالاکیە هونەریەکانی ناوچەی کوردستان ، دەمانەوێ باری سەرنجی هونەرمەندەکان خۆیان لەرووی ئەو بزوتنەوەو چالاکیانەوە بەرچاوی خوێنەرا بخەین و لە شانۆوە دەستپێدەکەین دوو پرسیارمان ئاراستەی چەند هونەرمەندێك کرد کە لەم لایەنەی هونەرەردا هەڵدەسوڕێن . پرسیارەکان :

یەکەم : باری چالاکی شانۆیی کوردی چۆنە هەڵئەسەنگێنن ؟

دووەم : کێشەی شانۆی کوردی دەکەوێتە ئەستۆی کێ ، نووسەری شانۆیی یان کادیری شانۆ ؟!

وا لەم ژمارەیەوە ، دەستدەکەین بە بڵاوکردنەوەی وەڵامەکانو یەکەمجار وەڵامەکانی هونەرمەند [خلیل یابە] پێشکەشدەکەین کە یەکێکە لە ئەکتەرە ناسراوەکانی شانۆی کوردیو گەلێ بەرهەمی سەرکەوتوی پێشکەش کردوەو لە تیپی شانۆی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر کاردەکا :

● بەڕای من هەرچەندە مێژووی شانۆی کوردی ئەوەندە تەمەنی دوورو درێژ نییە وەك لای میللەتانی ترو دەتوانین بڵێین لە کۆتایی شەستەکانەوە جموجۆڵێکی تەواو پەیدابوو کە چەند تیپێکی شانۆیی لە کوردستاندا پەیدابوونو پێشتر تەنیا جموجۆڵی شانۆیی لە قوتابخانەکاندا بەدی دەکرا بەڵام بە شێوەیەکی ساکارو زوربەی دەقەکان نۆپەرێت بوون ، لەگەڵ ئەم تەمەنە کورتە چالاکیەکی تەواو هەیە؛ هەر چەندە ئەم چالاکیەش لەدوو شوێنی سەرەکی هەیە کە شاری هەولێرو سلێمانیە. دەتوانین بڵێین چالاکی وا لە شارەکانیتر بەدی ناکرێ کە باس بکرێ ..

بەڕای من زۆرو بۆر مەبەست نییە .. مەبەست ئەوەیە چ جۆرە شانۆگەرییەك پێشکەش بکرێ ؟! لەم دواییەدا چەند شانۆگەرییەك لەسلێمانیو هەولێریش پێشکەشکران کە بەتەواوی گۆرانێکی تێدا دەبینرا چ لە تەکنیکو چ لە رووی دەرهێنانەوە .. ئاشکرایە شانۆ بەشێکە لە جوولانەوەی رۆشنبیری بەگشتیو لێی جیاناکرێتەوە لاشمو ایە باری رۆشنبیری رۆژ بە رۆژ بەرەو باشتر دەچێو جەماوەرێکی شانۆیی تەواو پەیدا بووەو بەڵگەشی ئەوەیە هەرکارێکی شانۆیی پێشکەش بکرێ هەموو رۆژ هۆڵەکە پردەبێ بەبێ ئەوەی بلیت بەزۆر ساغکەیەوەو لە سەر خەڵكو لە قوتابخانەکاندا وەك پێشان بسەپێنن .

● دەربارەی پرسیاری دووەم ! کاری شانۆیی کارێکی تەنیانییە .. بەڵکو چەند توخم هاوکاری تێدادەکەنو لەیەك جیاناکرێنەوە .. دەرهێنان .. دەق .. ئەکتەر .. رووناکی .. دیکۆر. مۆسیقا .. ئارایشت .. جلوبەرگ .. هتد .

هەر شانۆگەریەك یەکێ لەم توخمانەی ناتەواوبێ بەکارێکی هونەری سەرکەوتوو لەقەڵەم نادرێ . . . شانۆگەری کادیری سەرکەوتوو بە دەقی بێهێزو بێناوەڕۆك سەرکەوتن وەدەستناهێنێ.. هەروا دەقی سەرکەوتوو بێکادیری هونەری بەچی ناچێ . کەواتە کادیری هونەری نووسەری شانۆیی = کارێکی هونەری سەرکەوتوو . ئەگەر لەلایەکی ترەوە بۆ ئەم مەسەلەیە بچینو بڵێین ئایا دەقی خۆمالێمان لەرادەبەکی باشدایە ؟ ! دەڵێین نەخێر دەقی چاکو سەرکەوتوو زۆر کەمە .

داستانی ژیانم

ئەمین شوان لە ئینگلیزیەوە
کردوویە بەکوردی

دڵم بواری ئەدا یەکسەر بچمەوە ماڵ . بۆیە تا ئێوارەیەکی درەنگ خۆم لەو دەوروبەرە خافڵاند ، کە گەڕامەوە ؛ ژوورەکە لەوە دەچوو سەد ساڵ بوو بێ کەس بێی تێ نەنابێ . جێگەی دایکم بەتەواوی دیاربوو . دیاربوو بەیانی ئەورۆژە ویستبووی جلەکانم بۆ بشوا ، چونکە تەشتێك جلی خوساوی لەسەر کورسیەك دانابوو بێئەوەی دەستی لێبدا . دەستێکم بە دولابەکەدا گێڕاو جگە لە نەختێ جابی هەجی ترم بەر لەپ نەکەوت . کیسەیەکی پەڕۆینی بچوکی هەبوو کە ئەگەر پارەی بیوایە تێی دەخست ، لەسەر ناگردانەکە دانرابوو . کیسەکەم سەح کردەوە ، سەیر دەکەم سێ نیو یەنسی تێدایە لەگەڵ هەندێ کلیلو تیکتی رەهن کردنی شتومەك . دوو شەکرە سوورەکەی کە ئێوارە بەستایە ناو دەستمەوە ، هێشتا هەر لە سوچێکی مێزەکەدا مابوونەوە . هەستم بە خەمبارییەکی یەکجار زۆر کرد . دڵم کولی سەند ، فرمێسك بە زوومەتمدا شریتەکەیان کردو تێر گریام ... هەر بە دەم گریانو خەمەوە ؛ بەلاداهاتمو تا بەیانی خەبەرم نەبووەوە .

کە بەیانی لەخەو هەڵسامو جاوم بەدەوری خۆمدا گێڕ لەبێدەنگیەکی یەکجار قووڵ بەوەلاوە هیچی تر نەبوو . بەڵام ؛ هەموو ژوورەکە ، بست بە بست . هەر وێنەی دایکمبوو . پاش نەختێك بیرەژنەکە هاتە سەرەودو بە میهربانیەوە وتی رۆڵە تا ژوورەکە بەکرێ دەچێ دەتوانی بمێنیتەوەو ئەگەر برسیت بوو خێرا ئاگادارم بکە . سوپاسم کرد وپێم وت کە سیدنی بەم زوانە دێتەوەوهەرکرێیەك لەسەرمان بێ دەیدا ، بەڵام هەرچەندم کرد لە رووم نەهات داوای خواردن بکەم .

دڵم بڕوای ئەدا بچم بۆ لای دایکیشمو هەرچەند ئارەزووی دیدەنیمم دەکرد ، پێم زێی دانەگرت ؛ بەڵام لە بیرەژنی خاوەنی ماڵەکەم بیست کە ئەو دوکتورەکەی بینیوەو لەوەوە زانیویە کەوا نێرراوە بۆ ئەخۆشخانەی (کێزهیل) کەبەتایبەتی بۆ تیمارکردنی ئەو ئەخوشانە تەرخان کراوە کە ئەخۆشی ئەعسابیان هەیە . ئەمە ئەختێ سەیووزی بە دڵم بەخشی ؛ چونکە ئەم ئەخوشخانەیە بیست میل دووربوو ، بە ئاسانی ئەمدەتوانی بۆی بچم ؛ جگە لەوەی کەسیدنی لە خانەوەدابوو ، لەگەڵ ئەودا دەمتوانی ئەختێ تین بۆ خۆم بهێنم توانای بینینی دایکم بەو شێوەیە هەبێ .

ئێتر بەیانیان زوو بێ خشبە لەماڵ دەردەچووم و تا درەنگانێك ئەددهاتمەوە . خواردنیشم هەر جۆنێك بێ هەربەیدا دەکردو ئەگەر ژەمێکیش ئەبوایە ، زۆر بە هەندم ئەدەکرت . بەرەبەیانێك لەکاتی دەرچوونمدا بیرەژنەکە گرتمی ولێی پرسیم نانت خواردوە . سەرم راوەشاند . وتی ئەی بۆ دەنگ ناکەی ؟ ئینجا دامیە پێش خۆی ... مەبەلەی بەسەرهاتەکەی دایکم بە ماڵی مەك کارشیش ئەوت رۆژ بە وریایی بەوە خۆم لە هەموو خەڵك بەدوور گرت .

●

وا لەو رۆژەوە کە دایکمی تێدا ئەخۆش کەوت ، هەفتەیەك زادەبووری . خۆم لەگەڵ جۆرە ژیانێکدا راهێناوە کە ئەخۆشمو ئەرۆژ ناخۆش . ئێستا لە هەموو شتێ زیاتر دڵم لای بیرەژنە خاوەن خانوەکەمە. چونکە ئەگەر بێتو سیدنی بەم زوانە نەیەتەوە زوو بان درەنگ . ناچارە کاربەدەستانی گەڕەکەکە لەبارەی ودرعی منەوە ئاگادار بکاتەوەو ئەوانیش دیسانەوە دەمنێرنەوە بۆ هەتیوخانەکەی (هاوێڵ) ، بۆیە هەتا بۆم دەکرێ خۆمی بێنیشان نادەمو جارجارەش هەر لە دەرەوە دەنووم .

هەندێ دارشکێن لە بشتیرێکی پشت شەقامی کینینگتندا کاریان دەکرد . خۆم لەگەڵیاندا کرد بە برادەر . کارەکەیان بریتی بوو لە بڕینەوەی دارو شەقە کردنی ئینجا کردنی بە باوەش باوەش بۆ سوتاندن. هەرباوەشەیان دەدا بە نیو پەنی . زۆر جار دەچووم لە نزیکیانەوە رادەوەستام ، یان باڵم دەدا بە لایەکیان دەرگای پشتیردەکەودو چاوم دەبڕیە کارەکەیان . جارجارەش یارمەتیانم دەداو ئەوبارچە دارانەی بۆم هەڵدەگیران ؛ دەمبردنە بەردەمیان . نانیان بەبێ من نەدەخوارد .« باشوەستا » ـ کە ئێمە ئەم ناودمان لێنابوو ـ کابرایەکی زۆر قسە خۆشی چاوتێری سەرودڵ پاك بوو . گەلێ منی خۆشدەویست . لە زیری سەردوەی دانەکانی ، تەنها یەك دان مابوو ، بۆیە کە قسەی دەکرد ، پیاو بە ئاسانی تێی نەدەگەیشتو هەر بنمەبنمی دەکردو دەتیهێنایە پێکەنین هەر کە کات دەگەیشتە دەوری نیودڕۆ ؛ رووی دەکردە منو دەیگوت ئەرێ شێرەگەورە چۆنە ئەم نیودڕۆیە هەموو پێکەوە خۆمان بدەین لە فڵانە خواردن ؟ لە باس کردنی خواردنەکاندا ، شێوەیەکی تایبەتی هەبوو کە زۆرتر لە شیعر دەچوو . ئینجا دوو پەنی دەدامێو دەیوت : دەی لە مامی خۆت کەوی ودك شێر راکەو بابی ئەم دوو پەنیە بێنە ... کە دەمهێنا ، سفرەمان لێدادەخستو پێکەوە وەکو یەك خێزان دەکەوتینە خواردن .... جگە لەمە ئەگەرچی هەرگیز چاوم لە هیچ پاداشێك نەبوو لە جیاتی یاریدەدانو بەردەستی کردنیان ، باشوەستا لە کۆتایی هەفتەدا شەش پەنسی بۆخەرجی دەوامێ ...

بڕوانە : ل : ٧



ئامادەکردنی : ناصح فاتح

ئێستا گومان لەوەدا نەماوە کە هەموو زیندەوەران بەڕووەکنو گیانەوەرەوە بەرهەمی زنجیرەیەك گۆڕانی بەردەوامن لە نزمەوە بۆ باڵاو باڵاتر . بنچینەی سەرەکی هەموو ئەم زیندەوەرانەش ژیانێکی سەرەتایی یە واتە خانەیەکی زیندووی وا کە زۆر لە بەکترياش ساکارتر بووە .

لە پشکنینی جیۆلۆجی یەوە دەرکەوتووە زیندەوەرە یەك شانەکان پێش دوو هەزار ملیۆن ساڵ هەبوون . بەڵام پاشماوەی کۆنترین زیندەوەر کە پێی دەوترێ (ئیۆبەکتریەم) لەو بەردانەدا دۆزراوەتەوە کە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ملیۆن ساڵ لەمەوبەر .

مرۆڤ لە کۆنەوە بیری لە چۆنێتی دروستبوونی ژیان کردۆتەوە ، بەرهەمی ئەم بیرکردنەوەیەش چەند بیردۆزێکە کە هەیانە بەتەواوی لەگەڵ زانستدا ناگونجێت هەروەك هی واشی تێدایە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست خۆیەتی :

یەکەم بیرجۆزی لە خۆوە دروستبوون (النشؤ الذاتی)

کۆنترین بیردۆزە ؛ دەڵێت گیانەوەرە ئالوزەکان لەمادەی نازیندووەوە دروستدەبن . بۆ نموونە ئەرەستۆ لای وابوو کێچ لە مادەی گەنیوەوە دروست دەبێت یا کرمی دانەویڵە لە ئاردەوە . زانایەکی ئیتالیایی کە ناوی (ریدی) بوو ئەم بیردۆزەی رەتکردەوە بەوەی کۆشتی لەشووشەیەکی داخراودا هەڵگرت دوای گەنین هیچ کرمێکی لەسەر دروست نەبوو .

تاقیکردنەوەکانی (باستیر) بەتەواوی ئەم بیردۆزەی بەدرۆخستەوە ، تەنانەت سەلماندی کە ئەم جۆرە دروستبوونە لە بەکترياشدا روو نادا .

دووەم : دروست کردنی تایبەتی

کورتەی ئەم بیردۆزە ئەوەیە ژیان بە هەموو جۆرەکانیەوە لەلایەن هێزێکی میتافیزیکییەوە دروست کراوە . گوایە هەر جۆرەش بەجیا دروست کراوە وانە بە پێچەوانەی بیردۆزی یەرەسەندنو هەڵگۆڕانەوە .

ئەم بیردۆزە لە دەرەوەی بواری زانستدایەو لەگەڵ یاساکانی سروشتدا ناگونجێ .

سێهەم : بیردۆزی گەردوونی

بەلای خاوەنانی ئەم بیردۆزەوە ژیان لە رێگەی (میکرۆب)ی گەردوونییەوە لە دەرەوەی زەوییەوە گەیشتۆتە سەرزەوی . ئەو بارە نالەبارانەی وەك ساردیو وشکیو تیشکە کوشندەکان کە لە دەرەوەی زەوییدا هەن رووبەرووی ئەم بیردۆزە دەوەستنەوە . سەرەڕای ئەوەش ئەم بیردۆزە حەلێکی بۆ بنچینەی ژیان دانەناوە بەڵکوو لەسەر زەوییەوە گواستویەتیەوە بۆ دەرەوەی زەوی .

چوارەم : فایرۆس و بیردۆزی سروشتی

فایرۆس بووی سەیرن لە هەندێ سیفەتدا لە زیندوو دەچن وەك توانای زۆربوونو جیبەجێکردنی میتابۆلیزم (گۆڕانی خۆراك) هەروەك لە هەندێ سیفەتدا لە مردوو دەچن وەك هەناسەدانو توانای کریستال کردنیان (بلورة)و هەڵگرتنیان بۆ هەرکاتێ بویستریت . فایرۆس لە رووی کیمیاییەوە لە ناوکە پرۆتین (پروتینات نوویة) پێکهاتووە بۆیە بە جینی سەربەست دادەنرێت .

لەبەر ئەم هۆیانە فایرۆس بە ئەلقەی بەیەك گەیاندنی زیندوو و مردوو دادەنرێت . تێبینی ئەوەکراوە فایرۆسە ناسراوەکان هەموو پێویستیان بە زیندەورێکی تر هەیە لەسەری بژین کە ئەمەش لەگەڵ ئەو قسەیەی سەرەوەدا ناگونجێ. بەڵام ئەم فایرۆسەی بە ئەلقەی بەیەك گەیاندن دادەنرێت دەبێ خۆژین بیت. ئەش گونجێ فایرۆسی واهەبێت چونکە ئێمە تا نیستا فایرۆسەکان تەنیا لە رێگەی ئەخوشییەوە دەناسین . (واتە تەنیا ئەو فایرۆسانە دەناسین لەسەر حسابی زیندەوەرانی تر دەژین) .

مادام فایرۆس هەیە کەواتە رێی تێدەچێ شتێکی وەك فایرۆسی خۆژین لە رێگەی هەڵگۆڕانی کیمیاییەوە لە ژیر ئەو بارووزروفە تایبەتیەی زەوی لە سەرەتای دروستبوونیدا هەیبووە ، دروستبووبێت . ئەم یەکە سەربەستە کە دەتوانێ خۆی زۆر بکات دەشێ بەبەك جین دابنرێت . ئینجا دەگونجێ لە رێگای بازدانەوە (طفرة : گۆڕانی کوتوپڕ) کۆمەڵێك جینی پەیوەندیدار بە یەکەوە دروستبێن . ئەم کۆمەڵە جینەش دەشێ بە کرۆمۆسۆم ناو ببرێت .

پاش ئەمەش بازدان بۆتە هۆی کۆ بوونەوەی هەندێ مادەی خۆراکی لەدەوری کرۆمۆسۆمەکان ئەنجامی ئەمەش ناوکێکی بەرەڵا دەبێت (نواه مکشوفه)

دوای ئەمە سایتۆپلازم دروستبووە بێئەوەی لە مادەی ناوك جیابێت واتە ناوك بەردەی نەبووە . ئەمەش وەك لە قەوزە سەوزە شینەکانو بەکتریادا هەیە .

سەرەنجام خانەی نموونەیی دروستبووە بە هەموو بنەماکانی ژیانەوە .

درێژەی ئەم هەڵگۆڕانە کیمیاییە بەرەو شێوە هەرە سەرەتاییەکەی ژیان لە لایەن زانا (ئۆبارین)ەوە باس کراوە.

هەڵگۆڕانی کیمیایی :

ئەو توخمانەی ئەتمۆسفیری خۆر پێکدەهێنن بریتین لە هایدرۆجین ، ئۆکسجین ، هایدرۆجین ؛ دەگونجێ ئەمانە لە زەویشدا لە سەرەتای دروست بوونیدا هەبووبن . ئەمەش دەبێ لە شێوەی ئاوێتەی کیمیاییدا بێت چونکە ئەستەمە ئەمانە لە کایەی کێشی (مجال الجاذبیة) زەویدا توانیبێتیان بەسەربەستی بمێننەوە لەو گەرما زۆرەی ئەوسای زەویدا . بۆ نموونە بڕێکی زۆر ئۆکسجینو هایدرۆجین یەکیان گرتووەو هەڵمی ئاویان پێکهێناوە کە دوایی ساردبۆتەوەو باریوەتە سەر زەویو دەریاو کۆمەکانی پێکهێناوە کە ئەمانیش بوونەتە بۆتەیەکی گەورە بۆ کارلێکردنە کیمیاییەکان.

کاتێ توخمە پێکهێنەرەکانی ئاوێتەی ئورگانی (واتە هایدرۆجین ، ئۆکسجین ، کاربۆن ؛ نایترۆجین) کارلێکدەکەن دەگونجێ ئاوێتەی ئورگانی (عضوی) دروستببێت . ئاشکرایە میشان لە ئەتموسفیری هەندێ ئەستێرەی ساردا هەیە هەروەها لە ئەیزەکەکاندا (ئەو بەردانەی دەکەونە سەر زەوی) ئاوێتەی هایدرۆکاربۆنی (پێکهاتووە لە کاربۆنو هایدرۆجین) ئالۆزتر لە میشان بینراوە . کەواتە گومانی تێدانیە ئاوێتە ئورگانییەکان بەبێ دەستی زیندەوەریش دروستدەبن .

ئەوە ئەوەی کە هایدرۆکاربۆنەکانیش هەندێ کاربایدی کاترایی (پێکهاتووە لە کاترایەك و کاربۆن) هەبووبن چونکە ئەمانە لەگەڵ ناودا هایدرۆکاربۆن دروستدەکەن .

زێگەیەکی تری بنچینەی ئاژیانی ئاوێتە ئورگانییەکان بریتییە لە کاری تیشکی سەروو وەئەوشەیی لە ترشی فۆرمیك کە لە ئەنجامدا مولیکیولی ئورگانی ئالۆز دروستدەبن کە ئەمینو ئەسیدەکانیش دەگرێتەوە . ئەمینو ئەسید بنچینەی دروستبوونی پروتینە کە ئەمیش بنچینەی ژیانە) . هەمان ئەنجام دەستدەکەوێت کاتێ تیشکی کەردوونی کار لە تێکەڵیکی ئیثین CH_2CH_2 و هایدرۆجینو ئەوشادرو هەڵمی ئاو دەکات . ئەم کارلێکردنانە هەموولە لابۆردا سەلمێنراون . مۆلەر بەتیبەڕکردنی پرۆشکێکی کارەبایی لە ئەتموسفیرێکی دەستکردا لە شووشەیەکی داخراودا تێکەڵیکی لە ئەمینو ئەسیدەکاو هەندێ ئاوێتەی ئورگانی تری دەستکەوت .

لەئەنجامی کارلێکردنی مادە پێکهاتووەکانی وەك هایدرۆکاربۆنو ئەمینۆ ئەسیدەکان ، ئاوێتەی ئورگانی ئالۆز دروستبوون وەك شەکرو چەوریو پرۆتین .

هەندێ لەم ئاوێتە ئورگانییانە مەیلی دروستکردنی گیراوەی مێی (غروی)یان هەیە لەگەڵ ئاودا . ئەگەر ئەم مولیکیولە لە مێیانە کۆمەڵەی کارەبایی یان تێدابێ ـ وەك هەموو پرۆتینەکان ـ ئەوا مولیکیولەکانی ئاو بەدەوری ئەو مولیکیولانەوە دەمێننەوە ئەگەر دوو دڵۆپ لە دوو گیراوەی مێی بارگە جیاواز تێکەل بکرێن هەردووکیان دەنیشنو تێکەڵێکی ئالۆز دروستدەکەن پێی دەوترێ کەلەکە (تجمعات) کەئاو لەسەر رووەکەیان دەمژنو جۆرێك بەرگ دروستدەکەن . ئەمە سەرەتای جیابوونەوەو تاکایەتی یە .

کە ئەم کەلەکانە تووشی کارلێکردن دەبن کەلەکەی گەورەتر دروستدەکەن یا شی دەبنەوە . زۆر پێی تێدەچێ ئەندێ لەو کەلەکانە سیفەتی ئەنزیمیان هەبێ واتە توانای زیادکردنی خێرایی کارلێکردنیان هەبێ . پاش کارلێکردنی زۆر دەگونجێ لە هەندێ ئاوێتەدا خاسیەتی دروستکردنی خۆیی بەدابێت . لێرەوە دەگونجێ بە جینی سەربەستیان ناو ببەین .

پێکهاتنی جینە سەربەستەکان لە پێکهاتنی قایرۆس دەچێ .

کاتێ ئەو جینە سەربەستانەی توانای خۆ دروستکردنیان هەبوو . لە ڤۆناغی پێکهاتن دابوون ، دەگونجێ لەرێگەی بازدان یا بەکگرتنی چەند جینێکەوە شتێك دروستبووبێت کە لە بجوو کترین بەکتریا بچێتو بشێت بۆی بوترێت زیندەوەر . گومان لەوەدانیە ئەم زیندەوەرانە خۆزدیان لە دەرەوە وەرگرتووە واتە ئەو مادانەیان بەکار هێناوە لە دەوروبەردا هەبووە ئەویش لە رێگەی مزینەوە (بە کورتی واتە ئەم خانانە رووەکی نەبوونو کلۆ زۆفیلیان تێدانەبووە) .

ئەم بیردۆزە کە زانستیترین بیردۆزە دەبینین هەموویی لەسەر (ردنگە)و (دەگونجێ) هەڵبەستراوە . چارێش نیە مادام مەسەلەکە پێش مرۆڤ رووی داوە عمر دەبێ بە تەقدیر حەل بکرێت . لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بیانوویەك نیە بۆ رەتکردنەوەی ئەم بیردۆزە لە کاتێکدا یەکێکی لەم زانستیتر نیەو هەموو هەنگاوەکانیشی لەسەر بنچینەی تاقیکردنەوەی موختەبەری دارێژراوە ..

سەرچاوەکان

١ ـ التطور عملیاته ونتائجه . ادوار دودسن .

٢ ـ General Zodog «Oystoreg and athors

Institut kurde de Paris

خوێنەری خۆشەویست :

دەزگای گشتی رستن و چنینی خوری لەشاری هەولێری مەلبەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا ، پرۆژەیەکی فراوان و گرنگە لە پرۆژەکانی دەزگای گشتی رستن و چنینی سەر بە وەزارەتی پیشەسازییە .

ئەم پرۆژەیە لە ١٩-٤-٩٧٤ وە دەستکرا بە پێی بەڵێندانی کە دەبوو لە (٣٠) مانگدا تەواو ببێ ، لایەنی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دەزگای گشتی نەخشەکیشان و دامەزراندنی پیشەسازی بوو . لایەنی خاوەن پرۆژەکەش دەزگای گشتی پیشەسازی رستن و چنین .

دەزگای گشتی رستن و چنینی خوری لە هەولێر

هەنگاوێکی پێشکەوتوو بۆچەسپاندنی پیشەسازی لە ناوچەی کوردستانی عیراقدا

لای بەریوەبەری گشتی :

لە چاوپێکەوتنێکی بەڕێز هشام مهدی داود - بەریوەبەری گشتی دەزگاکەدا پێی راگەیاندین کە پرۆژەکە (١٢) ملیون دیناری تێچووە و وزەی بەرهەم هێنانیشی ملیون و نیوێک مەترە بە درێژی لە چنراوی خوری پیاوانە و ژنانەی زستانی و هاوێنەییە و لەگەڵ (٢٥٠) تەن رستنی خوری .

پرۆژەکە لەسەر ئەرزێکە کە پانتاییەکەی ١٧٦٫٠٠ م٢ لەم پانتاییە ٢٣٫٣٠٠م٢ بۆ خانوو بەرەکانی خزمەتگوزاری

● بەشە گرنگەکانی پرۆژەکە :

گرنگترین بەشەکانی تەکنیکیەکانی پرۆژەکە ئەمانەن :

١- بەشی رستن و ئامادەکردنەکانی ، ٢- بەشی چنین و ئامادەکردنەکانی ، ٣- بەشی تەواوکردن و رەنگ کردن ، ٤- بەشی ئەندازیاری و راژەگەیاندن .

ئێستا نزیکەی ٥٠٠ کرێکاری ژن و پیاو بە یەک نۆبەت لەم پرۆژەیەدا کاردەکەن ، لە ١-٤-١٩٧٩ وە کارکردن لە دەزگای گشتی رستن و چنین خوری هەولێر دەبێتە سێ نۆبەت و ژمارەی کرێکاران دەگاتە ١٣٠٠ کرێکار دەبێ .

بێگومان بێوستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە بەخشداری کردنی ئافرەت لەگەڵ پیاوی برایدا لە بەریوەبردن و بەرهەمهێنانی ئەم پرۆژەیەدا ، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندی دەوری ئافرەتمان بۆ دەردەخا ، کە ئەمە لە خۆیدا بایەخێکی زۆری هەیە لە بەرەوپێشەوە بردنی وڵاتەکەماندا .

● نوێترین و باڵاترین جۆری مەکینە :

بە نسبەت ئەم دەزگا بەرهەمدەرەوە ، هەوڵ دراوە کە لکێکی زۆر لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای جیهانی وەربگیرێ ، بۆیە کەرەستەو مەکینەکانی ئەم دەزگایە لە جیهانی پیشەسازی رستن و چنیندا بە نوێترین و باڵاترین جۆری ماکینە دادەنرێ هەروەها ، کادیرە تەکنیکیەکانمان ، توانیویانە بە ماوەیەکی کەم و بە شێوەیەکی رێکوپێک ئەم ماکینانە بخەنە کار و بەرهەمهێنان ، بۆ زیاتر بەرەپێدانی ئەم مەسەلەیە مەلبەندی مەشق پێکردنمان کردۆتەوە لە ناو کارگەی دەزگاکەداو هەروەها پێداویستێکمان بۆ مسوگەر کردووەمەشق بە کرێکارو کادیرە تەکنیکیەکان دەکرێ .

هەروەها لەم بوارەدا ٤٠ - ئەندازیارو کیماویمان ناردۆتە دەرەوەی عیراق بە مەبەستی مەشق کردن و شارەزابوونی زیاتر ، جگە لەم دوو رێگەیە ، گرنگیکی زۆریشمان داوە بە مەشق - پێکردنی کرێکارەکانمان لە کارگەو دەزگاکانی تری رستن و چنینی وڵاتدا .

● بایەخدان بە باری ژیانی کرێکاران

بەرێز هشام مهدی داود بەریوەبەری گشتی دەزگای رستن و چنینی خوری لە هەولێر لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو وتی :

دەزگاکەمان هەوڵێکی زۆر دەدا کە وەزعێکی شیاو و بارێکی گونجاو بۆ کرێکارەکانمان بخوڵقێنێ ، وەکو چێشتخانەی هەرەوەزی کرێکاران کە بە تازەترین و پاکترین شێوە بنیاتمان ناوەو هەرژەمە خواردنێك کرێکار ٣/١ قیمەتەکەی ئەداو ٣/٢ کەی تری دەزگاکەمان دەیدات ، هەروەها تیمارگەیەکی فراوانمان کردۆتەوەو دکتورێکو دوو برین پێچی تیدایەو هەموو جۆرە دەرمانو پێویستیەکی پزیشکی تێدایە ، سەرباری ئەمانە بەردەوامین لە سەر ئامادەکردنی پێداویستو هویەکانی گواستنەوەی کرێکاران لە شوێنی خۆیانەوە بۆ دەزگاکەو بە پێچەوانەوە .

جگە لەمانە دەستمان کردوە بە دروستکردنی پرۆژەیەکی گەورەی خانوو بەرە دروستکردن بۆ کرێکارو فەرمانبەرانمان بەرامبەر کارگەی دەزگا کە لە گەرەکی رزگاری ، ئەم پرۆژەی خانوکردنە بریتییە لە (٧٠٠) خانوو قوتابخانەیەکی ئامادەیی و دوو قوتابخانەی سەرەتایی و دوو باغچەی ساوایان و دوو یانەو بنکەیەکی لاوان ، قوناغی یەکەمی کە (١٣٠) خانووی قوتابخانە کەیە دەستی پێکراوەو بە (٤٢٠) رۆژ تەواو دەبێ .

لەم دەرفەتەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە لیژنەی نەقابی لە دەزگاکەماندا بە هاوکاری کردن لەگەڵ بەریوەبەرایەتی گشتیدا دەورێکی باڵا لە چارەسەرکردنی گیروگرفتی رۆژانەی کرێکارەکانمان دەگێرێ و بەمە بارێکی گونجاو بۆ کارکردن و زیادکردنی بەرهەم سازاوە .

ئێستا پرسیاری ئەوەمان لە بەریوە بەری گشتی کرد کە ئایا بەرهەمی دەزگاکەیان بە چ رێگەیەك دەگاتە بازاڕ :

لە وڵامدا وتی : بەرهەمەکانمان لە سنووری نەخشەی سۆشیالیستیدا لە رێگەی دەزگای گشتی هێنان « استیراد » و دابەشکردنی بەرهەمەکانی رستن چنینەوە دەفرۆشرێ و دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەرهەمی پرۆژەکەمان لە رووی چونیەتیەوە بەرهەمێکی زۆر باشی دەبێ و مەجالێکی زۆر باش لە بازاری وڵاتەکەمان ئەگرێتەوە .

ئامادەکردنی سامی

خزمەتگوزاری تەندروستی لە شارەکانی وڵاتداوە لۆیستێکی نوێ و دیاردەیەکی کۆن

لە مێژەوە شتێك لە دەروونماندا دەربارەی دکتۆرو خەستەخانەکانی وڵاتەکەمان پەیدابوەو زۆر بە قایم چنگی لەناو پەنجکمان گیرکردوە ، ئەویش بە کورتی بریتییە لە بروانەبونمان بەرامبەر بە چارەسەری دکتۆرو دەرمانی خەستەخانەکان ...! خۆ ئەگەر بشڵێیت تا رادەیەکی زۆر ناهەقمان نییە ...! بەڵام ئەگەر بێو بە خۆماندا بچینەوەو بپرسین : ئایەم شتە تاکەی لە دەروونماندا بەیتتەوە ؟ ئەوا پرسیارێکی بەجێمان کردوە ..

لەم رۆژانەی پێشوەدا نەرمە کۆکەیەکم توش بوو . بەراستی بەلای خۆمەوە ئەوەی نەدەهێنا بڕۆمە عەیادەی تایبەتی دکتۆر .. بۆیە رویشتمە خەستەخانەکەی پال زانکۆ ...! لە راستیدا منیش لەگەڵ خۆمدا ئەوهیوا گەورەیەم نەبردوو کەبە تەمای ئەو هەڵویستو بەتەنگ هاتنەوەی دکتۆرەوە بیم بۆیە بە ئاسایی ووتم :

+ دکتۆر کۆکەمە !

- فەرموو دانیشە...، لە کەیەکەوە ؟

× چەند رۆژێکە !

پاش ئەوەی دکتۆر فەحسێکی سنگو قوڕگی کردم ، دوو جۆر دەرمانی بۆ نوسیم ، یەکێکیان دوانزە کەپسولی ئەمپیسلین بوو وە ویستیشی دەرزیم بۆ بنوسێت بەڵام خۆم حەزم لە چارەی نەبوو .. دواجار دکتۆر وتی ئەگەر زانیت بەو دەرمانانە چاك نەبویت ئەوا وەرە بۆ ئەوەی ئەشیعەبەکت بۆ بگرین ...

بەڵێ ، بەراستی بە یەك دوو ژەمی ئەو دەرمانانە چاك بووم ..

بۆیە لە بەر ئەو پێشەکیەی سەرەوەو ئەو هەڵویستە نوێیە .

هاتمە سەر ئەو رایە کە بڕۆمەوە بۆ لای هەمان دکتۆرو بە ناونیشان بیدۆزمەوە داوای لێبکەم کە دەربارەی ئەو خاڵانەی سەرەوە قسەمان بۆ بکا .. ئەویش کە بەڕێز دکتۆر (یوحنا خیرو عودیش)ە وتی :

ئەمە دیاردەیەکە لەساڵانی دێرینەوە بۆمان بەجێماوە ، هۆی سەرەکی ئەوەش شتێکی نەفسیە بە نەك راستی . . چونکە ئەگەر سەبارەت بە دەرمانەکان قسەبکەین دەتوانم بڵێم ئەو دەرمانەی لێرە دەدرێت بە نەخۆش ئەگەر هەمان دەرمانی ئەجزاخانەکانی دەرەو نەبن ئەوا جیاوازیەکی ئەوتۆیان لە ناوەڕۆکدا نییە ... ، خۆ ئەگەر بیشڵێیت دکتۆرەکان هەمان دکتۆرن ..

بەڵام لێرەدا شتێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژمارەی ئەو نەخۆشانەی دێنە خەستەخانە گەلێك زۆر ترن لە ژمارەی ئەوانەی دەچنە عەیادەی تایبەتی دکتۆر لەبەر ئەوەی دکتۆر فریابکەوێت ژمارەیەکی زۆربان چارەسەر بکا ناچار دەبێ بە خێرایی بەرێیان بکا .. لەبەر ئەو خاڵەی سەرەوە حەز دەکەم ئەوە بۆ جەماوەرانی شاری سلێمانی روون بکەمەوە کە لە خەستەخانەی جمهوری لە سەعات (٢ تا ٥) دەوامی دووەممان دەست پێدەکا بۆیە داوا لەو نەخۆشانە دەکەبس کە ئەگەر دەرامەتی ئەوەیان نییە بڕۆنە عەیادەی تایبەتی دکتۆر .. یان بەیانیان بۆیان ناکرێ بڕۆنە خەستەخانەی سەرەوە ، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانن سەرمان بدەن بۆ ئەوەی بە هەمومانەوە ئەو دیاردەیەی کە باسمان لێ کرد لە ناوی ببەین و هیوایەکی گەورە بخەینە دڵی ئەو نەخۆشانەوە کە سەرمان ایدەدەن .

پ. هاوکاری لەسلێمانی

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێوەبەری دەزگای دابەشکردنی چاپەمەنیدا لە سلێمانی

ئەوانەی لە کات و ساتی خۆیدا چاوەڕوانی گەیشتنی رۆژنامەو گۆڤارەکان دەکەن و زۆر جار لەو کاتە دیاری کراوەدا جنگیان ناکەوێت هەقیان هەیە بپرسن بۆچی تا ئێستا نەگەیشتوە ؟ لێرەدا ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمان بێت رۆژنامەی (هاوکاری)یە ، چونکی زۆر دەبینین لە رۆژی دەرچوونی رۆژنامەکەداچنگمان ناکەوێتو دەکەوێتەوە رۆژی دوایی ... لەم بارەیەوە بەڕێز (وطبان محمد عبدالله) بەڕێوەبەری دەزگای دابەشکردنی چاپەمەنی لە پارێزگای سلێمانی بیمانی وت :

بێگومان رۆژنامەی (هاوکاری) ئێستا رۆژانی دووشەممەوان دەردەچێتو پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ دەگاتە دەستی خوێنەران ، بەڵام ئەگەر باری ئاوو هەوا ئاڵۆزبێت بان رۆژنامەکەمان درەنگ پێبگا ئەوا بێگومان بەیانیانی سێشەممەوان دەکەوێتە بازاڕەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا سەبارەت بە رۆژنامەی (هاوکاری) دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوە رۆژنامەیەکی هەفتانەیە بۆیە ئەگەر بکەوێتە رۆژی سێشەمەوە کارێکی ئەوتو ناکاتە سەر رۆژنامەکە ، رۆژنامەکە ، چونکە دواکەوتنەکەشی کەمترە لە رۆژێك ، ئەمەش بە پێچەوانەی رۆژنامە رۆژانەکانەوە ئەگەر هاتو ئەم دواکەوتنەی بە خۆوە ببینی ئەوا کاردەکاتە سەر هەموو لایەنێکی ئەورۆژنامەیە .

پاشان کاك وطبان دەربارەی قەزاو ناحیەکان وتی

لە راستیدا ئەمەش دەبەسترێتەوە بە چەند خاڵێکەوە لەوانە دۆواری ئاوو هەوای ناوچە دورەکانی پارێزگاکە زۆرجار دەبێتە هۆی وەستاندنی هاتوچۆکردن بان ئەو ئوتۆمۆبیلە ئەهلیانەی کە دەڕۆن بۆ ئەو شوێنانە جاری وا هەیە خۆیان زۆر درەنگ دەردەچن و هەندێ جاریش لەرێگا بەکیان دەکەوێت بۆیە زۆر جار (هاوکاری) لە رۆژی دووەمدا دەگاتە ئەو ناوچانە . لەم رووەشەوە هیوامان زۆرە کە دەزگاو نەقابەکانی گواستنەوە هاریکاریەکی تەواومان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی بتوانین هەموو چاپەمەنیەکان لەکاتی خۆیدا بگەیەنینە دەستی خوێنەرانی ناوچەدورەکان . بەڵام سەبارەت بە رۆژنامەی (هاوکاری) حەزدەکەم ئەوە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بکەین کە زۆر جار رۆژنامەی (هاوکاری) بە ناتەواوی دەگاتە دەستمان وە ئەمەش بەلای ئێمەوە دەکەوێتە سەر شانی کارگێرانی چاپخانە .

هەروەها کاك وطبان دەربارەی گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)و (بەیان وتی :

دەربارەی گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) دەتوانم بڵێم بەسەر کۆسپەکانیدا زاڵبوەو بگرە وای لێهاتوە لە تەنگو چەلەمەکانی خوێنەر بگاتو راستەو خۆ بچێتە نێو دەروونیانەوە .. لەبەر ئەوە ئێستا ئێمە لەسەر رۆشنایی ئەم تێبینیانە داوای زیادکردنی ژمارەی گۆڤارەکەمان کردوە بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێك بە ئاسانی چنگی بکەوێت .

بەڵام دەربارەی گۆڤاری (بەیان) هەر ئەوە دەتوانم بڵێم کە رۆژ بە رۆژ داواکاری لەسەر زیاتر دبێت وە تا ئێستا هیچ لایەك لەم رووەوە کەم تەرخەمی نەکردوە ، وە بەم بۆنەیەوە پێم خۆشە بۆ جەماوەرانی رۆشنبیری روون بکەمەوە کە ئێمە هەمیشە گوێرایەڵین بۆ هەموو تێبینیەکانیان دەربارەی گۆڤارو رۆژنامەکان بەتایبەتی بەشە کوردیەکانیان بۆ ئەوەی ئەمانیش شان بەشانی گۆڤارو رۆژنامەکانیتر بتوانن لە زیاتر شەقڵی پێشکەوتن بە خۆیانەوە ببینن .

فریا عەبدوڵا
پ. هاوکاری لە سلێمانی

کۆڕێ چیرۆکێ لدهوکێ

ئیگەتیا تورەفانێت دهوکێ یا بویە پیتو خەتیرا تنگەهشتنێ لپارێزگەهێ . سەروکانیا بزافا تورەیە ئەم شێین بێزین وەکی پێدفی بکارێ خو رادبینت جهێ خو یی کری لناف جماهیری هەر دەرفەتەکێ ببینن وەناگەن ژ دەست بچیت .

لرۆژا ئینی کوەرك بەست لهولا یانا نوهەدرا بو سێ چیروك نفیسا وەکی هەر جارخەلکەکێ زور هاتبون پێشینێ برادەر ، عبدالرحمن مزوری هەر سێ چیروك نفیس پێش کێش کرن پاشی برادەر جعفر عبدالرحمن چیروکەك خویند بناڤێ بنەفشوك لدویڤرا برادەر رمضان درویشی چیروکا خو خاندبناڤێ یێ تە ڤیای لدویماهیکێ برادەر فارس عبداله محمد چیروکا خو پاشی برادەر انور محمد طاهر خاند بناڤێ سێوی .

رەخنە لهەرسێ چیروکا کرت ئو گوت چیروکا رمضان درویش ژ هەرسێیا چاکتربو بەلەمزمانەکێ پاك و کوردیەکا بێ دەستکرد یا نفیسی . لفرە یا فەرە ئەم بزانین باهرابێتر نفیسەڤانیت کورد وەکی دنفیسن وەکی هەکو عەرەبی دنفیسن هزردکەن لەوا دارشتنا وان یا بسەروبەر نینە رزگارکرنا رمضان ژ ڤێ ئاستەنگێ سەرکەفتنەکا مەزنە . یا سەیر ئەوە قارەمانێت هەرسێ چیروکا بدرستی وەکی پێدفی بکارێ خو نەرابون لەوا چو ژ هەرسێکا نەگەهشتنە ئارمانجا خو . یا فەربو قارەمانێ بنەفشوکێ نڤیژا خو بەطالکریا هەکو ماری بنەئشوکێت وی دخارن. بان هیچ نەبا هەکو نڤیژکری نڤیت فەرشێ نڤیژا شکاندبا ماری چویە بن کوشتبا . دیسان قارەمانێ سێوی مروفەکێ ترسنوکبو ژبەر بچویکێت گوندی هەرو درەفی دچو دەرفەی گوندی. روژەکێ لدەرفەی گوندی خو درنشرکربو دەنگێ کویچکەکێ سەی هاتە گوهێ وی . بەرێ خودایێ ، ئەو بچویکێت ئەوی دقوتن یێ کویچکی ژی دقوتن ، رابو سەر خو دەستەهافێتە دارەکی چو ، بچویکا هەمی لبەر رەڤین و کرنە دماڵێت وانڤە . بێگومان ئەفەژی وەکی ئەفسانێیە چمکی یی نەشێت خو پارێزیت لبەر خەلکێ برەڤیت دێ چاوا رابیت بەرەڤانێ ژ کویچکی کەت ئو دێ راهێلیتە وان کەسێت ئەو ژبەر درەڤیت . قارەمانێ یێ تە ئیای ژیی نەگەهشتە ئارمانجا خو چمکی یێ نەزانبو رەڤینا وی یابو چو لاییت دەست نیسان کری نەبو . لدویماهیکێ برادەرێت ئامادەبوبن هەڤ پشکی درەخنێداکر دیسان هەرسێ چیروکنفیسا ژی بەرەڤانی ژ چیروکێت خوکرن.

صدیق علی ئامندی

Institut kurde de Paris

ئاشکرایە گەلی کوردمان خاوەنی چەندەها شاعیری بایە بەرزو ناوداره کە هەر یەکە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی شەوەزەنگی کوردستان بووەو بانگێکی تایبەتیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە لە سەر دەمدا کە تێدا ژیاون ... کاتێ کە چاوی ئارامیان لێك ناوەلە گەل خۆیاندا ناوو شعرەکانیان بردۆتە چالەوە ... !! یان وەك دیاریەکی بە نرخ بۆیان بە جێ هێشتوین ئێستا خستونیا نینە ئەو پەرۆشیەوە کە بە دوای بەرهەمەکانیاندا بگەڕێن و وبلێین چیان بەسەر هاتووە ؟

وا بزانم ئەم باس و ڕازانە لە لاپەرەی روژنامەو

تۆکۆچەری و... منیش تاوڵی دەربەدەریت

● هاشم سەراج ●

ئەی ئەوکەسەی شێت و شەیدایی
هەوری و شەدەی ..
دەبینم بڵێ ؟
تۆ چۆن خەمی ئەم سەردەمەت
بەبادەدەی ..
تەمەن ئەڕواو .. گەڵاش درەختان جێدێڵێ ..
وردە وردە بریقەی چاوی تۆش دەڕوا ..
پەمەی خاوی .. ئەمزراوی
کڕلمەکانت .. سات لەدوای سات ..
لەگەل پرشنگی ڕوژگارا
ئەبێتە هەلم و بار ئەکات
بۆ ئاسمانی بێکۆتایی هات و نەهات
هۆ .. هۆ کچە کۆچەرەکە
خەمەکانت لی کە ناری چەمێکن
تادوکەلی ناورەشمالی تاریکەشەو
رەشتر ئەبن ... خەستتر ئەبن ..
هۆ .. هۆکچێ - کەم دیدەنی ..
نیگاکانت بێتە چەپکێکی رابردوو
هەلبوەرێ و بڕێتە ناو
لاپەری بەکەکەو تۆبوی مێژووی مردوو
تۆ کوچەری و منیش تاوڵی دەربەدەریت
تۆ ئاوارەی منیش ژان و دەردەسەریت
وەرە .. وەرە
لە ناو جەرگەی ئاگر گرتووی
ژانەکانی ناو دەرونم تێر بسرەوە ..
هۆ .. هۆ .. کچە کۆچەرەکە
سینگم تاوڵی نەبوونتە
لەشم دنیای وونبوونتە
ناوەرۆکی زامەکانم ئاگردانی
سەرمایی ناو دەرونتە
خەمەکانت .. بەرەللاکە
بادەم بنێنە ناو دەمی ژانەکانم
شیلەی لێوی تامەزرۆیی
دێزەمانیان تێرهەلمژن
تاقە شەمی دیوەخانم
هاوسەری تەمەن و بوونم
شەپۆلی سۆزی هە لجوونم

وەفایی و.. شیعرەکەی عەلی عاشق

نوێنەر کاکە رەش

وە لە شعرە بلاوکراوەکەدا چوار (بەیت) ی زیادەی تێدایە کەلە شعرەکەی (عەلی عاشق)دا نیە کە بریتیە لە بەیتی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و هەشتەم

بروانە : ل : ٧

کۆفارەکاندا زۆر بەرچاومان کەوتووەو ئەدەبدۆستانیش چیان لە دەست هاتووە کەمتەر خەمیان نەکردووە لە بوژاندەوەو بە دەست هێنا نەوەی ئەو بەرهەمە لە ناو چواندا .....

هەموومان ئەزانین (وەفایی) شاعرێکی ناسراوی کوردەو شوێنێکی دیاریکراوی هەیە لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەماندا ، بە تایبەتی ئەم دیوانە چاپکراوە نۆییەی کە لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی بە زیاد ڕۆشنایی خستۆتە سەر وە زۆر لایەنی شاراوەو شیعرە بلاونەکراوەکانی خستۆتەوە بەر چاو .

لە ڕوژنامە ـ هاوکاری ـ ئازیزی ژمارە ٤٥٦ ڕوژی ٨ـ١١ـ١٩٧٩دا پارچە شیعرێکی بلاونەکراوەی وەفایی هاتە بەر چاوم کە کاك محەمەد عەلی قەرەداغی ناردوویەتی .

من ئەو شیعرەم لا هەیە ـــ بە ناوی (عەلی‌عاشق)ـ وە هەر ئەم شعرەشە کە بە زۆری ناوی شاعرەکەی پێ ناساندوین و باسە دل تەزینەکەش بالەولاوە بوەستی . کەنووسراوە

((لە دەوری فەرمان ڕەوایی میرمحەمەد شای ڕەوایی ولاتی سۆرانی گرتۆتەهاتۆتە ڕەوانلز وە (محەمەد پاشایش) لە سالی ١٢٢٩ کۆچیدا فەرمان ڕەوایی ولاتی سۆرانی گرتۆتە دەست .... (عەلی عاشق) لە ڕدوانلزەوە چۆتە ناوچەی (هەریر) و (باتاس) وە دلخوازی کچێك ئەبێ و کچەکەش دلخوازی ئەو ئەبێت ... کە وەختێ باوکی کچە بەمە ئەزانی و ئەیداتێ ، یەکەم شەوی بوکو زاوایی بە یەك شادئابن و هەردوو گیان لەویدا بە ئاوەیدی سەر ئەنێنەوە .

ئەمەش نمونەیەکە لە هەڵبەستەکانی ... کە جیاوازیەکی کەم بەدی ئەکرێت لە نیوانیاندا ... من وا شعرەکەی (عەلی عاشق) وەکو خوی ئەخەمە بەرچاو

ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفاکارم
کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبوبی نازدارم
عیلاجێکم بکە دەردم گرانە قیبلەکەی دینم
بکە ڕەحمێ بە فرمێسکی دڵۆپی چاوی خەمبارم
نەوەك بمرم بەناکامی غولامێکی ئەمەکدارم
مەلاوزاهیدو سۆفی غەریقی بەحری عەشقی تۆن
بزانە من لە ئەم حالە چ ئوستادێکی هوشیارم
نەخۆشێکم بەبێ دیداری تۆ من شیفام نابێ
مەگەر عیسایی مەریەم بێ بکا دەرمانی نازارم
(عەلی) هەتاکو دەمری نەزارەی قامەتی بارە
لە نێو عەشقت قوتار نابێ هەتا خۆت بی‌بە غەمخوارم

کە خەوت لێ نەدەکەوت بۆ سەرت دەخستە سەربالم
خۆ من قۆڵم دەتەزی و نەم دەوێرا جولە بکەم
دەموت نەبا بەناگابێیت ..!!
کە خۆشت نەدەویستم بۆ بە پێی خۆت دەهاتیە پالم
خۆ من نەم دەتوانی تەماشای خوشکەکەشت بکەم
دەموت نەبا دڵم لێ پیس بکەیت ..!!
کە منت بەلاوە دلگیر نەبوو بۆ وێنەکەمت بردبوو
خۆمن نەم دەویست بیبەمەوە

دەموت نەبا وابزانی بەجێت دێڵم ..!!
کە لەباوەشما گەرمت نەدەبوەوە بۆروت دەبویت
خۆ من نەم دەوێرا دورکەومەوە
دەموت نەبا سەرمات بێت ..!!
ئێستاش کەدەتەوێ بەجێم بێلیت بۆچی نارۆیت
خۆ من دڵم نایەت بڵێم دەرۆم
نەبا باسەرما بگریت و بەشیمانم بکەیتەوە .. !!

((فریا جاف))

ئەستێرە

ـ ١ ـ

کچی چاو بەنگ ..
شەونمەکانی شەوانی تەم
بەرە بەرچەتری ئارامم .
تاسێبەری ڕووباری خۆشەویستی من
لەچاوە ڕوانی شەبۆلی لێزمە بارانێکی دلداریتا
لەبەر هەتاوێکی شێتا هەلنە ڕووکێ .
بابەس سەرەتای هۆنراوەم
بێ دالدەبێ وەکو ئەستێرەی کوژاوەم ..

● ● ●

٢ ـ چرۆی شیعر

حەزم دەکرد .. شەوێکی درێژی زستان
لە ژێر ڕەشمالی بنار چیایەکی کوێستاندا
تۆ گۆرانیم بۆ بڵێیت و
تۆوی باوەڕ لەکێڵگەی ناخما بڕوێنی
منیش باسی یەکەم کچی خۆشەویستیمت
بۆ بکەم ..
تا بزانی کامە کێڵگەی هۆنراوەی من
بێ بارانی دلداری تۆ
تەنیا گوڵێکی جوان دەگرێ
تا بزانی کامە چرۆی شیعرێکی خۆم لاشیرینە
گەر بەئاوی ووشەکانت دێراو نەبێ هەلدەوەرێ ..

عە بدولکەریم بەرەنگ

پیری هەرناوە خیاڵی خاوە

ـ کاردۆخی ـ

(یار) ، ووتی ، سەرت ، وەك (بەفرە) ، سپی
ئێتر تۆو سەیری جوانان لەچی ؟؟
ووتم هەر کاتێك چاوم کەوت بەتۆ
زوو گەنج ئەبمەوە ، تازە سەر لەنۆ
پیر ، لە لەشما نامێنێ ، ماڵی
تەمەنم ، دێتەو ، بەرمو ، بیست ساڵی
هەر ، وا ، ئەزانم ، تۆفی ، جوانی‌یە
بەهاری ، ژینی ، کامەرانی‌یە
تۆ ، ئەڵێی ، سەرت ، وەك ، بەفرە ، ئێستە
ئەگەر ، راست ، ئەکەی ، کەمێك ، راوەستە
سەیرکە ، تیشکی ، ڕووت ، چۆن ، ئەدا ، لەسەر
بەفری ، سپی ، سەر ، لائەچێ ، یەکسەر
شەوقی ، جوانیت ، کە ئەدا ، لە (موو)
لەژێر ، زێڕترە ، مووی ، سەرم ، هەموو
سەیرکە ، بۆ بالای ، داری ، باخی ، ژین
ڕاستەو ، سەر ، بەرزە ، وەك (سەرو)ی ڕەنگین
سەیرکە ، چۆن ، گۆڕا ، شێوەو ، ڕەنگەو ، بۆ
چونکە ، وەستاوم ، بەرامبەر ، بە ، تۆ
گۆی ، گرە ، بۆ ، نەبزی ، دڵی ، پەلەپەل
سەیرکە ، بۆ جوانی ، زەردی ، بەفری ، کەل
سەیرکە ، باری ، کرد ، خەفەتەو ، ماتی
هەر ، لەو ، کاتەوە ، دەرکەوتی ، هاتی
هەتا ، (کاردۆخی)، تۆی ، لە ، بەر ، چاوە
پیری ، هەر ، ناوە ، خەیاڵی ، خاوە

وەرام بۆ ڕەخنەکەی کاك عمر مارف بەرزنجی .. پاشماوە

٦ ـ هەر لە ل (٤٨) دا لە پال پەراوێزی ژمارە (٢١)دا دەربارەی چیرۆکی (بەسەرهاتی هەژارێك) نوسراوە : (ژ ٩ ، ١٠ئەیلوول کانوونی یەکەمی ١٩٤١) . **بەڵام راستی‌یەکەی ژمارە (٩ تا ١٢)ی (ئەیلوول تا کانوونی یەکەمی ١٩٤١) نوسراوە . واتە یەك بەرگەو لەبری چوار ژمارە دەرچووە .**

٧ ـ لە ل (٥٠)دا لە پال پەراوێزی ژمارە (٣١)دا کە دەربارەی چیرۆکی (زۆری ی دەمەوە ماوە) یە نووسیویە : (بلیسە ژ.١ ئابی ١٩٥٩). بەڵام راستی‌یەکەی (بلیسەی ژمارە ـ١ـی ئافنۆس (ئابی)ی ١٩٥٩) یە .

٨ ـ هەر لە ل (٥٠)دا لە پال پەراوێزی ژمارە (٣٦)دا نووسیویە :(الواقعیە فی الادب الکردی ـ ص ١٥٢) . **بەڵام وانی‌یەو ئەوەی نەو مەبەستی لە پەراوێزی ژمارە ـ١ـی لاپەڕە(١٥٣)ی ئەو کتێبەدایە .**

٩ ـ لە ل (٥١)دا لە پال پەراوێزی ژمارە (٣٨) دا نووسیویە : [ڕۆشنبیری نوێ ـ ژمارە (٦٣) ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٧٥] . **بەڵام راستی‌یەکەی ساڵی (١٩٧٧)ە نەك (١٩٧٥) .**

١٠ـ لە ل (٤٣)دا دوای ئامۆژگاری کردن کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە مەسەلەی سەرچاوەو سەرچاوەکاریدا دەبێ چۆن بێ ، دەربارەی ناوبردنی کتێبی (ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا)ی دوکتۆر عزالدین مصطفی دەڵێ : (جگە لەمەیش پەنجەی بۆ لاپەڕەکان درێژ نەکردووە). بەڵێ ئەمە ڕاستەو کەم‌وکووڕی‌یەکە لەمنەوە. بەڵام ئەی کاك عمر خۆی چ عەجەب لەم پەراوێزانەدا (١ ، ٢، ١٠، ١٣ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢١ ، ٢٢ ، ٣١ ، ٣٢، ٣٣ ، ٣٤ ، ٣٥، ٣٨ ، ئامۆژگاری و ڕەخنەکەی خۆی فەرامۆش کردوەو پەنجەی بۆ لاپەڕەکان درێژ نەکردوە؟!.

هەر بەم بۆنەیەشەوە حەز دەکەم بپرسم : ئایا ئەو (ع . ع) ٥ کێ‌یە کە لە پەراوێزی ژمارە (١٠)دا دەربارەی نووسیوتە : [لە گوفاری گەلاوێژی ژمارە ٩ـ١٠ ساڵی (٩)ی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ لە لایەن (ع.ع) ناوێکەوە کراوە بە کوردی] . خۆ تۆ چوار لاپەڕەی پێشووت هەڵداوەتەوە ، ئیتر بۆچی نایزانیت ؟!

سێهەم : مەسەلەی زمان

ڕەخنەگر لە ل (٤٦) دا نووسیویە دەڵێ : **نووسەر لە سەرجەم کتێبەکەیدا ڕێنووس و گرامەری زمانی کوردی لە گرێژەنبردووەو بە چەشنی ڕێبوارێکی نەشارەزا ملی ناوە کە من لەم بارەیەوە نادوێم ، هیوادارم کە قەلەمێکی شارەزا مافی خۆی بداتێ ..).**

لە واقیعدا چاکتر وابوو کاکی ڕەخنەگر هەر لە بنەڕەتەوە ئەم مەسەلەیەی نەهێنایەتە کایەوەو هەر هیچی دەربارە نەوتایە ، لە بەرئەوەی وەك خۆشی دەڵێ ، ئیشی ئێمە نی‌یە ئێمە تەنیا ئەومان لەسەرە تەقەلای ئەوە بدەین لە گەرمەی ئەو پاشا گەردانی‌یەی لەم ڕووەوە لە ئارادایە ، هێندەی لە توانامانداین بە زمانێکی وەها بنووسین کە کەمترین نیسبەت هەڵتەی تێدابێ . بەڵام دیارە برای ڕەخنەگر لەمەیشدا هەر لە غەڕایی و لەخۆبایی‌بوونەوە دەدوێ و بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ خۆی بکا ، بەبێ سێ‌ودوو لێکردن ئەو حوکمە بە سەر مندا دەدا . بێگومان من لێرەدا وەك ئەو ناکەمەو خۆم نادەم لە قەرەی ئەو دەیەها هەلەیەی کە هەر هیچ نەبێ بەپێی زانیاری من لە باری سەرنجی خۆمەوە ، لە نامێلکەکەیدا بەدیم کردن . بەڵکوو تەنیا هەر ئەو چەند دێڕەی خۆی دەکرم و بۆ ڕوون کردنەوەی حەقیقەتی ڕاستی و چەوتی‌ی ئەو حوکمەی دەیکەم بە بەڵگە .

واخۆی ئەو دێڕانەی بەو جۆرە نووسیوە . بەڵام من وەهایان دەنووسم ..(نووسەر لە سەرجەم (کتێبەکەیدا) ڕێنووس و (دەستووری زمانی) (کوردی‌ی) لە گرێژەنە (بردوە)و بە چەشنی ڕێبوارێکی نەشارەزا ملی ناوە کە من لەم بارەیەوە (لێ‌ی) نادوێم . هیوادارم کە قەلەمێکی شارەزا (هەقی) خۆی بداتێ] . واتەلەباری سەرنجی منەوەشەشە هەلەی تێدایە .

ئینجا یەکێکی‌تر دێت و وەهای دەنووسێ [(نوسەر)لە سەرجەم (کتێبەکەیا) (ئیملا)و (ڕێزمانی) زمانی (کوردی‌ی) لە (گرێژەنە) (بردوە) و بە چەشنی (ڕێ‌بوارێکی) نەشارەزا (ملیناوە) کە من لەم (بارەوە) (نادووم . هیوادارم (خامەیەکی) شارەزا (حەقی)خۆی بداتێ] لێرەدا هەلەکانی لە شەشەوە بوون بە سیانزەو دێڕەکانیشی لە جەوهەردا هەبچیان لێ نەگۆڕاوەو هیچ شێواندنێکیان تێ نەخراوە ، بەڵکوو تەنیا بە حساب هەلەکانیان ڕاست کراونەتەوە . ئەمە جگە لەوەی ئەگەر لە سەری بڕۆین و بیاندەینە دەس یەکێکی‌تریش ، ئەوا بە بەری‌یەوە هەیە ژمارەی هەلەکان لەوەش تێپەڕ بکەن .

جا ئایا لەو سێ شێوەیە کامیان ڕاستە ؟! . خۆ ئەگەر ڕەخنەگر وازان بکا کە بەڵگەی بۆ سەلماندنی ڕاستی‌ی ئەوەکەی خۆی زۆر بە دەستەوەیە ، ئەوا دەبێ ناگاداری ئەوە بێ کە خەڵکەکەی تریش بەڵگەی خۆیانیان بە دەستەوەیە و ئەگەرچی ئیشیشیان نەبێ ، بەڵام شتێکی هەر لێدەزانن چاج جایە ئەوانە دەگا کە ئیشیانەو زۆری لێدەزانن . هەر بۆ نمونە من کە وەك ڕەخنەگر بە ئیشی خۆشمی نازانم ، بەڵام دەڵێم : وشەی لە (کتێبەکەیدا) بە ڕێنووسەی ئەو ڕاست نی‌یەو ڕاستی‌یەکەی (لە کتێبەکەیدا) یە ، چونکە لەم ڕووەوە باوەڕم بە قاعیدەکەی مامۆستا (نوری علی امین) ٥ . یا کە دەنووسێ : (...بردووە) ، من بە هەلەی دەزانم و ڕاستی‌یەکەی (برد ـوە) یە ، لە کاتێکدا لە بەرامبەریدا (بوو ـ٥، چوو ـ٥) بە ڕاست دەزانم نەك (بو ـ٥ ، چو ٥). بە هەر حال دەبێ‌ئەوە کە ئەمە ئیشی ئێمە نی‌یەو چاکتر وابوو ڕەخنەگر لێی بێ‌دەنگ ببوایە .

چوارەم : کاشکی وابوایە

ئەو برادەرانەی بە نووسین وەرامی ڕەخنەگریان دایەوەو زۆربەی ئەو برادەرو ناسیاوانەشی کە بە دەمی باری سەرنجو تێبینی‌یانم دەربارەی نامێلکەکەی لێ‌بیستن ، لەو قەناعەتەدان کە ئەگەر چەند وتەو عیبارەتێکی ڕەق و توندو تیژی‌تێدا نەبووایە ، ئەوا جێگەی ڕەزامەندی هەموو کەس دەبوو . سەا منیش دەڵێم : کاشکی وا بووایەو بەڵام بەداخەوە وا نی‌یە .. مەسەلە تەنیا چەند عیبارەتێکی ڕەق و توندو تیژ نی‌یە . بەڵکوو مەسەلە بین‌گرتنە بە شاڵاوی تانەو تەشەرو گاڵتەو قەشمەری‌یەکی‌ی کرد نەوەو بگرە هەم بوختان بۆکردن و هەم جنێوپێدانیش کە بە درێژایی نووسینەکەی لە سەری دەڕواو هەر هێندەی بە قەدەر کونی دەرزی‌یەك هەلی لە باری بۆ ڕەخساندبێ‌درێغی لێ‌نەکردووە کە ئەمە لە عورفی ڕەخنەو ڕەخنەکاری‌ی زانستی‌یانەو مەوزووعی‌یانەدا، وێژدانی ئەدەبی‌ی جیاوەری ئەدیبان لەوە بەرپرسیار دەکا کە ئەو جۆرە ئەدیبە بخاتە بەر حوکمی شێوە سزادانێکی ئەدەبی جا من لێرەدا ئەوە بە زەحمەت دەزانم کە دەفی هەموو عیبارەتەکان وەك خۆیان بنووسمەوەو بیانخەمە پێش چاوی . بۆیە بە ناچاری تەنیا ئیشارەت بە لاپەڕەو دێڕەکانیان دەدەمو لە هەر عیبارەتەش تەنیا یەکەم و شەو دوا وشەی دەنووسمو ئیتر پشت بەوە دەبەستم کە خوێنەر خۆی تاقەتی ئەوەی هەبێ بگەڕێتەوە سەر نامێلکەکەو بیایاندا بچێتەوە .

١ ـ ل (٦ـ دێڕی ـ٤تا٩) ...(بە زوویی .. دەرنەخات) .

٢ ـ ل (٧ـدـ٧تا١٣ . لە لاپێکی ترەوە ... بەرچاو) .

٣ ـل (١٠ـ ، ١٧) ..(لاپەڕەکانی ... ئەیداتەوە) .

٤ ـ ل (١١ـدـ١٦تا١٨) .. (دوایش ... مۆمیاکراوە) .

٥ ـ ل(١٣ـدـ١٦تا١٨) ...(لە سەر پێودانی .. نەگونجاو) .

٦ ـ ل (١٤ـدـ١ تا ٨)... لێرەدا بۆ . کۆتایی‌یەکەی بکا) .

هەروەها (دـ٢٠) .. (کە ئەمەیش ... کوردی‌یەکانە) .

٧ ـ ل (١٥ـدـ١٣،١٤) ...(کە لەمەوە ... نەبینیوە) .

٨ ـ ل (١٦ـدـ١٣تا ١٩) ...(جا کە مەسەلە ... دەخوێنێتەوە) .

٩ ـ ل(٢٠ـدـ٣تا٦) .. (نووسەر بە ... نەدواوە).

١٠ ـ ل (٢١ـدـ٧تا ١٤) ...(لەم بەشەیشدا ... ناسرێتەوە) .

١١ـ ل (٢٢ـدـ٢٠تا ٢٣) ...(تۆ بڵێی ... دەگوڕێت) .

٢ ـ ل (٢٣ـدـ١٩ تا٢٢) ..(ئەمەیش تەواو ... هەڕەمەیی‌یەوە) .

١٣ ـ ل (٢٤ـدـ٨،٧)... (دیارە ئەم ...ڕاستی‌یە) .

١٤ ـ ل (٢٥ـدـ١تا١١).. (ئەوەیش مایەی .... بۆ ڕاکێشاوە) هەروەها (دـ١٥،١٦) ... (کە لەمەبشدا ... داخزاوە) .

١٥ ـ ل (٢٧ـدـ٢تاە) .. کە نووسەر .. بە شەوارە خستوە) .

١٦ ـ ل (٢٩ـدـ١تاە).. (ئەمانە لە .... بەردارپان بووە) .

١٧ـل (٣٣ـدـ٧تا ١٠) ...(لە لایێکی‌تر ووە ... خۆنیشاندانەکانە)

١٨ ـ ل (٣٤ـدـ٨تا١٨) ... (بەڵام مەن .... گرتووەتەوە)

١٩ ـ ل (٣٥ـدـ٢٢١٩) ...(یان لە سەرجە ... نەخستووەتە سەر)

٢٠ ـ ل (٣٦ـدـ٧تا ١١) ...(نووسەر ... لێ‌یان‌دواوە) .

٢١ ـ ل (٣٧ـدـ٧تا ٩) ...(لە سەرێکی‌ترەوە ... لێ‌دروست کردوون) .

٢٢ ـ ل (٤٠ـدـ٧ تا ١٩) ...(لە ل ـ١٢٨ـدا ...لە مەنە کەمتر نی‌یە) .

٢٣ ـ ل (٤٢ـدـ١٨تا ٢٠) ...(نووسەر ... دۆستایەتی داوە) .

٢٤ ـ ل (٤٥ـدـ ١٦ تا١٨) ... (بەڵام وا ئەزانم .. زانستی‌یەوە نەبێت)

لە سەرووو هەموو ئەمانەشەوە بڕوانە بەرگی نامێلکەی‌و وشەی (هەڵبزێرکاندن) !! .

● ● ●

لە کۆتاییدا ، بە بۆنەی ئەم نووسینەی کاك عمر مارف بەرزنجی‌یەوە دەمەوێ بڵێم : ئەو ئەدیبەی کە وەختێ دەس دەدانە قەلەمو دەیەوێ لێ‌بکۆڵێتەوە یا ڕەخنەبگری ، وێژدانی ئەدەبی‌ی خۆی دەخەوێنێ‌و جێنەوی قەلەمەکەی دەداتە دەس وردە هەستو نەستە زاتی‌یەکانی ناو دڵو دەروونی خۆی، قەت ڕوو ناجا نووسینەکەی لێکۆڵینەوە یا ڕەخنەیەکی باڵو بوختی زانستی‌یانەی مەوزووعی‌ی لێ‌دەرچێ ، چونکە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەگرتن ئیشی عاتیفە نی‌یە ، بەڵکوو ئیشی ئەقڵە .

کۆتایی‌هات
١٣ـ١١ـ١٩٧٨

Institut kurde de Paris

دەستانی ژیانم پاشماوە

لە سەعات حەوتی بەیانیەوە تا سەعات حەوتی ئێوارە یەك وچان کاریان دەکرد . زۆرجار لەمە درەنگتریش دەمانەوە . کە دەڕۆیشتن هەستم بە تەنیایی‌و دڵتەنگی دەکرد . سەرباری ئەمە ، مەقۆمەقۆی قوتابخانە میشکمی داگیرکردبوو ، ئەمانیش جاربەجار لەبارەی قوتابخانەوە لێیان دەپرسیم . پشتووی هاوین هاتە کۆتایی ، ئاگام لێبوو لێم کەوتنە تەقە کە بۆ ناچمەوە بۆ قوتابخانە ، تا ناچاربووم بکەومە فێڵ . تا سەعات چوارو نیوی ئێوارە کە قوتابخانە تەواو دەبوو ، لەماڵەوەلا خۆمەمات دەدا ، ئینجا هێواش هێواش دەچوم بۆ لایان ، بەڵام رابواردنی ئەو ماوە درێژە لە لە سەرجادەو لەم کۆڵان‌و ئەو کۆڵان یەکجاری پیاوی وەرس دەکرد .

نیوەشەوێکیان ، بەبێ خشپە بۆژوورەکەم خزام ، کەچی دیاربوو پیرەژنی خاوەن خانوو خۆی بۆمەڵاس دابووم . بانگی کردمو بە توڕەیی‌یەوە وتی لە ئێوارەوە چاوەڕێت دەکەم . ئینجا تەلگورافێکی دایە دەستم ، کە کردمەوە ، سەیرم کرد لە سیدنی‌یەوەیەو دەڵێ :

« سبەینێ سەعات دە دەگەمە ئێزگەی راتەرلو .... سیدنی »

شتێکی ئەوەندە پڕو پۆشتەو ڕێکوپێك نەبووم ، کە هی ئەوەبم وەکو دوو پیاوو نیو بچم بە پیری خەلکەوە . جلەکانم هەموو چڵلایین‌و شڕووڕ بوون . پێڵاوەکانم دەمیان کردبوەوە . کڵاوەکەم تەپی‌بوو . دەمو چاو شتنیشم لە بۆڕی دارشکێنەکان نەبێ لەجێی تر بۆ نەدەکرا ، چونکە زۆرتر لەبەر ئەوەی خۆم لەپیرەژنە سەرئاسنینەی خاوەن خانوو دەپاراست، کەمتر پرکێشی دەمەوچاو شتنم لە ماڵەوە دەکرد ...

سیدنی گەیشتە جێو کە بینیمی ، بێیەك‌و دوو هاواری کرد « ئەوە چی قەوماوە ، بۆ وات لێهاتوە ؟ »

نەمتوانی نەختێ دان بە خۆمدا بگرمو هەواڵەکانی نەختێ زیاتر بە تەرمی پێبڵێم ، بۆیە یەکسەر وەڵامم دایەوە « دایکم ئەقلی گۆڕاو بردمان بۆ نەخۆشخانەو ئێستا لەوێ نوستوە »

بەسزمانە ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕا ، بەڵام هەردانی بە خۆیدا گرت‌و ڕووی‌کردەوە منو وتی :

ـــ ئەی ئێستا تۆ لە کوێی ؟

ـــ لەهەمان جێگا . لە پاونەل ترێس .

سەرێکی لەڵاڵو گەڕایەوە دواوە بەدوای شتومەکەکانیدا .

بەڵام لە دەمەوچاویدا دیاربوو ، ئەم هەواڵە چ پشکۆیەك بوو چۆن چزا بە دڵیدا ، عەڕەبانەیەکی گرت‌و شتومەکەکانمان تێپەستا ، کە لە ناویاندا سندوقێك مۆزم بەدی‌کرد !

بە تاسەوە لێم‌پرسی : ئەمە هی خۆمانە ؟

هەڵوێستەیەکی کردو ئینجا وتی : هێشتا زۆر سەوزن . دەبێ یەکدوو ڕۆژێك بمێننەوە تا زەرددەبن ، ئینجا دەتوانین بیانخوێن

ـ ١٦ ـ

لەرێگای ماڵ ، سیدنی لەسەریەك لەبارەی دایکمەوە پرسیاری لێدەکردم . پاشان وتی ، «خۆم هەڵگراندبوو بە موژدەوە بێمەوە بۆ لای . بیست پاوەنی زێڕم پاشەکەوت کردوە ، دامنابوو یەکەم هەواڵی خۆشم پاش چاوپێکەوتنی ، ئەم بیست پاوەنە بێ . لەناو پاپۆڕەکەدا لەگەڵ سەربازەکاندا یانەسیبمان کردو ئەم پارەیەم بۆ دەرچوو ... .»

ئینجا باسی ئەوەی کرد کە بەتەمایە لەم کارەی ئێستەی دەست هەڵگرێ‌و هەوڵی کارکردن لە شانۆدابدا بەو حیسابەی ئەم بیست پاوەنە بیست هەفتە دەمانبات بەڕێوەو ئەو لەو ماوەیەدا کارێکی هەر چنگ دەکەوێ . ئەشێ هەموو دەروویەکمان لێبگیرێ ؟ !

سەرتان ئەیەشێنم ، بە پیرە سنەدوقە مۆزەوە ، کە هەر پیرەژنی خاوەن خانوو ، هەم دراوسێکانی وروژاندا ، گەیشتینەوە ماڵ . پیرەژن ، بێ یەك‌و دوو کردن ، مەسەلەی نەخۆشیەکەی دایکمی لەنووکەوە بۆ سیدنی گێڕایەوە .

هەر ئەو ڕۆژە سیدنی چووە بازاڕو دەستێ جلی نوێی بۆ کڕیمو پاش ئەوە پێکەوە چوین بۆ ئاهەنگێکی مۆسیقا . کە لە هۆڵەکە دانیشتین ، سیدنی سەیرێکی چوار دەوری کردو هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەبەر خۆیەوە وتی : **« داخی بەجەرگم‌چەند خۆش‌بوو ئێستا دایکیشممان لەگەڵدا بوایە ، هەر خۆم دەزانم چەند بەمە دەگەشایەوە ... »** .

دوای ئەوەی پێکەوە چووین بۆ سەردانی دایکم . پاش چاوەڕوان کردنێکی روح دەرهێن ، هێنایان بۆ لامان : ڕەنگی زەردو لێوەکانی شینەوە بووبوون‌و لەگەڵ ئەوەشدا ناسیمانیەوە ، ئەوەندە بەگەرمی‌و سۆزەوە سەردانەکەمانی وەرنەگرت . سیدنی زۆری هەوڵدا سرنجی ڕاکێشێ بۆ ئەو پارەیەی کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتەوە یان باسی خۆی و هۆی درەنگ هاتنەوەی بۆ بکا ، بەڵام هەیهوو ! ئاش لەخەیاڵێك‌و ئاشەوان لەخەیاڵێك . ئەو کەس هەر نەیدەزانێ بیری بۆ کوێ چووەو لەکوێ نیشتۆتەوە ، چاوەکانی هەر وێڵبوون‌و لە هیچ نوقتەیەکدا ئۆقرەیان نەدەگرت . وەکو گێژیان حەپەساو سەیری دەکردین‌و ورتەی لێوە نەدەهات . ئینجا بە کزیەکەوە وتی : « بێ گومان ، ئەگەر ئەو ئێوارەیە ئیستیکانێك چاتان بدامایە ، چاك دەبوومەوە ... » ئەم قسەیەی وا چزا بە جگەرمدا ، کە تاماوەیەك لە گوێمدا هەر دەزرینگایەوەو هەر کە دەهاتەوە بیرم کزەم لە جەر گەوە دەهات .

● ● ●

زۆرجار ڕۆژگار کەسێکی داوەتە بەر تیری نەبوونی‌و برسیەتی‌و بێکەسی‌و شێوەی جوارو جۆری تری کوڵۆڵی تا ئەو کەسە بەتەواوی قاڵ بۆتەوەو غاراوە ، ئینجا لە ناکاودا بەخت زەردەخەنەیەکی بۆ کردوەو دوایی بۆی تریقاوەتەوەو خستویەتە باوەشی بەهەشتی بەختەوەری‌و ئەردەوە . من ، باشترین نمونەی ئەو جۆرە کەسەم .

· ڕۆژنامە فرۆشی ، چایچیەتی ، دروستکردنی لەعابەی منداڵان ، یەدانی هەویری شووشنە ، بەردەستیکەری دوکتۆر ، هەموو ئەمانەم کردوە ، بەڵام لەهەموو ئەم کارانەدا ، هەرگیز تروسکەی خەونێك لە مێشکمدا نە کوژاوەتەوەو ، وەکو سیدنی برام ، هەرگیز هونەری شانۆو ئەکتەری‌کردن بە پیشە ، تەنانەت یەك سات فیکرو خەیاڵمی بەرنەداوە . بۆیە ، هەرکاتێ بۆم لوابێ ، خێرا پێڵاوەکانم بۆیاغ‌کردوەو جلەکانم بە فلچە تۆز پەڕکردوەو یەکسەر بەرەو ئاژانسی شانۆگەری (بلاکمۆڕ) خۆم کوتاوە . بەڵام ئەمەندەم ئەم هاتوچۆیە کرد ، تاجلەکانم شڕووڕ بوون‌و ئیتر کەلکی شوێنی ئەوهایان پێوە نەما .

کە جاری یەکەم سەرم‌کرد بەم ئاژانسەدا ، مەلبەندەکە بە ئەکتەری ڕێکوپێکی خاوێنی پۆشتە ، چ ئافرەت چ پیاو ، رازابوەوە .. هەموو ئەلقە ئەلقەیان بەستبوو ، بەفیزو لە خۆدەرچونەوە قسەیان بۆ یەك دەکرد . بە ماتمات خۆم کرد بە ناویانداو بە ترسەوە لە قوژبنێکی لای نزیکی دەرگاکەوە وەستام . هەستم بە شەرمەزاریەکی زۆر دەکردو هۆشم زۆرتر لای پینەی جلەکانمو دەمی کراوەی پێڵاوەکانم بوو کە هەوڵم‌دەدا دەرنەکەون . لە ناکاوێکدا ، کاربەدەستێکی جاهیلی دەزگاکە دەرکەوت‌و دڕی بە ئەکتەرەکاندا . ڕووی‌دەکردە یەکە یەکەیان ، بە دەگمەن نەبێ نەیانی دەبواردو یەك قسەی بۆ هەموویان دووپات‌دەکردەوە : « کاکە بەداخەوە بۆ تۆ هیچمان نیە ، بۆ تۆش نا ، برام تۆش هەر هیچ،هەروەها تۆش کاکی خۆم،ببوورن، بەداخەوە ... » . بەم جۆرە ، وەکو چۆن پاش نوێژ پەرستگە هێواش هێواش چۆڵ دەبێ ، ئەوها خەڵکەکە مەلبەندەکەیان چۆڵ‌کردو قەرەباڵغیەکە بەتەواوی ڕەوایەوە : تەنها من هێڵرامەوەو « تۆش هیچ »م پێ نەوترا ! کە کابرا گەیشتە لامو سەیری‌کرد بە تەنها ماومەتەوە ، سەیرێکی کردمو وتی « ئەی تۆچیت دەوێ ؟ » .

هەستم‌کرد بەوەی کە قوڕگم کەرخ‌بوەو تەڕایی تێدا نماوە یان شتێك گرتویەتی . بەڵام هەرچۆنێك بێ هێزم دایە بەرخۆمو وەکو تاساوێك وتم :

ـ هیچ دەوری منداڵانتان نیە ؟ .
ـ خۆت ناونووس کردوە ؟
سەرتکم لەقاند .

بە تەمابووم بگرێتە قولمو دەرم‌کاتە دەرەوە ، یان هەرنەبێ بڵێ باوکەکەم شەڕمان پێدەفرۆشی ؟ کەچی دەستی گرتمو بەرەو ژوورێك پەلکێشی کردم . لەوێ ناوو ناونیشانو ئەدرەسی لێ وەرگرتم ووتی هەرشتێك بێتە دەست کە کەلکی تۆی پێوە هەبێ ئاگادارت دەکەم . شنە بایەکی فێنك بەدڵمدا هات‌و خواحافیزیم لێ‌کردو ڕۆیشتم . لە ڕێگا هەستم بەوەدەکرد کە شتێکم کردوە بەشتێك ، دڵخۆشبیەکەشم هی ئەوەبوو کە بەسەلامەتی بۆی دەرچووم‌و توشی زەجرو گاڵتە پێ‌کردن نەهاتم .

ماوەیەك تێپەڕی . لەو ماوەیەدا ئەوەبوو سیدنی هاتەوە . پاش مانگێك دوای هاتنەوەی سیدنی ، پسوولەیەکم پێ‌گەیشت کە لە ئاژانسی بلاکمۆرۆوە هاتبوو ، تێیدا نوسرابوو : تکایە وەرە بۆ ئاژانسی بلاکمۆرۆ لە شەقامی بیدنۆرد ، سێڕاند » .

خێرا دەستە جلە نوێیەکەم کردەبەرو بە پەلە بەرەو ئەوێ کوتام . هەر کە گەیشتمە مەلبەندی ئاژانسەکە ، یەکسەر برام بۆ لای میستەر بلاکمۆرۆ خۆی . پیاوێکی ڕووخۆشی ، دەم بەپیکەنینی ، بەوێڵ بوو ، واتە بەتەواوی بەپیچەوانەی ئەو وێنەیەیەوە کە من لە مێشکی خۆمدا بۆم دروست‌کردبوو کە بریتی‌بوو لە کابرایەکی توڕەی کەمدووی فیززل کە پیاو لەبەردەمیدا سام بیگرێ‌و زمانی لاڵبێت‌و قسەی بۆ نەکری . نەخێر تابڵێی خۆش مەشرەب‌و ڕەزا سووك هاتە بەرچاوم . نامەیەکی دامێ کە بیدەم بەمیستەر هامیلتن ناوێك کە لە بەشێکی تری ئاژانسەکەدا کاری‌دەکرد .

نامەم بۆ کابرا بردو ئەویش پاش خوێندنەوەی ، سەیرێکی کردمو بە زەردەخەنەیەکەوە وتی : ئێ کاکیلە ، دەتوانی کاری شانۆگەری بکەی ؟ . بە بێ یەك‌و دوو وتم بەڵێ . درۆ چکۆلەیەکیشم لەبارەی خۆمەوە کرد : کە لێی پرسیم تەمەنت چەندە ، وتم تەمەنم چوارده ساڵە ، لەکاتێکدا تازە پێم نابوە سیانزەوە . وتی باشە دەوری تۆکەرێت لە شەرلۆك هۆلمزدا دەدەینێ کە ناوی بیلپە. تیپەکەمان گەڕۆکە ، لەبەر ئەوە دەبێ لە ئیستەوە خۆت بۆ گەشتێکی چل هەفتەیی لە سەرەتای پایزدا ئامادە بکەی . هەروەها وتی ئیستا دەوری منداڵێك هەیە لەنومایشێکدا ، کە میستەر سینتزبێری ناوێك دەیگێڕێ ... ئەم لە نومایشنامەکەی پایزدا دەوری سەرەکی دەگێڕێ . بەر لە دەستکردن بەگەشتەکە ، هەفتەی دوو پاوەن‌و دەشلنگ وەردەگری .

ئەگەرچی هەفتەی دوو پاوەن‌ودەشلنگ پارەیەك بوو کە لە خەویشدا بیرم لێنەکردبۆوە ، بەڵام چاوم داگرت‌و وتم باشە ، با پرسێکیش بە براکەم بکەم .

میستەر هامڵتن دای‌لەقاقای پێکەنین . وا دیاربوو ئەمەی زۆر پێخۆش‌بوو بۆیە هەموو ئیشکەرانی لقەکەی کۆکردەوەو وتی سەیری ئەم ئەکتەرە بچکۆلەیە بکەن! ئەمە بیلێیە، ئێوە پێتان چۆنە؟

هەموو بە میهرەبانیەوە سەیریان‌کردم‌و چەند کەسێکیان دایان بە پشتمداو رویان‌کردە میستەر هامیلتن‌و وتیان زۆرباشە ، قوسوری‌نیە . لە دڵی خۆمدا وتم خوایە ئەمە خەونە یان ڕاستی ؟! وام دەهاتە بەرچاو کە دنیا لەیەك دەقیقەدا گۆڕاوەو هەمووی بۆتە باوەشی خۆشەویستی‌و بۆمن کراوەتەوە. پاش ئەوە میستەر هامیلتن پسوولەیەکی بۆ سینتزبێری دایێم‌و جێگەکەی ئەمی بۆ تاریف‌کردم ، مێش بۆوەستان‌و بێ هاوڕدانەوە ، تێم تەقاند . بەڕاستی پێم زەوی‌ی نەدەگرت !

ماوێتی

ڕاپۆرتی ناوخۆ پاشماوە

پارێزگاکەمان‌بوون ئەگاتە نزیکەی ١٨ ملیون‌و ٦٦٥ هەزارو ٣٩٦ دینار .

لەهەموو ناوچەکانی پارێزگای سلیمانیدا گەلێ دێهاتی عەسری‌و تازەبابەتمان دروست‌کرد بۆ جوتیارانی ئەو ناو چانەکە نزیکەی ٥٥ ملیون دیناریان تێچووەو زمارەیان خۆی دەدا لە ٢٤ هەزارو ٥١١ خانو لەگەڵ هەموو جۆرە پێداویستیەکی خزمەت گوزاریدا وەکو قوتابخانەو نەخۆشخانەو مزگەوت‌و بازاڕی عەسری‌و گازینوی گەورەو گەلێ شتی تریش .

هەر بەگوێرەی پلانی پێگەیاندنی ئەتەوایەتی گەلێ ڕێگای سەرەکی لە دەرەوی پارێزگاکەدا کراون یان سەر لەنوێ قیرتاوکراونەتەوە وەکو ڕێگای سەید صادق ڕێنینجوێن‌و سلێمانی ـقەرەداغو سلێمانی ـ دوکان‌و سلێمانی ـ سەید صادق ـ هەلەبجەو گەلێکی تریش .

ئاشکرایە جێبەجێ‌کردنی پلانی پێگەیاندن بەشێوەیەکی چاك‌و لەبار کرێکارو بازوی بەهێزی کرێکارانی ئەوێ . زۆر کردن‌و ئامادە کردنی کرێکاران‌و هێزی دەست بەگوێرەی پێویست‌و شارەزاکردنیان بەگوێرەی ئیشو کارو پیشەکانیان شتێکی سەرەکی‌یە بۆ یارمەتی دانی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی پلانی یاندنی نەتەوایەی بەگوێرەی ئەوکات‌و ماوەیەی بۆیان دانراوەو هەر لەم تێروانینەوە بڕیاری دامەزراندنی ٩ هەزار کرێکارمان بۆهات کە لە دێ عەسربەکاندا بەگوێری پێویستی دائرەو پرۆژەکان دایان ئەمەزرێنین‌و هیوادارین کە لەجێبەجێ‌کردنی پلانی پێگەیاندنی ئەتەوایەتیماندا بگەینە ئەنجامێکی گەشەدارو چاك بەرەو بنیات نانی کۆمەڵگایەکی دیمکراتی پێشکەوتو . پشت بەخوا کەم نەرخەمی ناکەین‌و مەبەستمان خزمەت کردن‌و پێش‌خستنی ئەم گەلەیە کە پێویستی تەواوی هەیە بە هەوڵێ هەموان‌و داواپشمان لەهەموو لایەنەکانی جەماوەری ئەوەیە ، بەهەموو توانایانەوە یارمەتیمان بدەن بۆ جێبەجێ‌کردنی هەموو پلانەکانمان کە هەمووی لە خزمەتی خۆش گوزەرانی ئەواندیە .

سادات « پاشماوە »

قەلەستینی داگیرکراودا دەباتە سەر ، دەگاتە قاهیرە .

لەم بارەیەوە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا وتی براون لەگەڵ هەردوو لایاندا باسی دەستپێکردنەوەی وتوویژی ڕاستەوخۆ دەکا کە پشتگیریی سەربازی‌یانەی ئەمەریکای بۆ قەوارەی زایۆنی‌و ڕژێمی سادات لەگەڵدابێ .

سەرچاوەکانی ئەمەریکا ئەو ئیحتیمالەشیان نەخستە لاوە کە لەوانەیە براون لەگەشتەکەیدا چەند هەنگاوێکی زیاتریش بڕواو تییدا سەر لە وڵاتی عەرەبی سعودی‌و ئەردەنیش بدا .

لەلایەکی ترەوە مەناحیم بیگنی سەرەك وەزیرانی قەوارەی زایۆنی لە قەلەستینی داگیراکراو سەرلەنوێ خۆشبینی خۆی سەبارەت بە مۆرکردنی پەیمانێکی سەرتاپاگیر بۆ سازانە خۆبەدەستەوە دەری‌یەکە لەگەڵ انور الساداتی حاکمی میسردا تازەکردەوە .

دەقی ڕاگەیاندنی سیاسی « پاشماوە »

شێوەکانەوە دژی ئەم سیاسەتە دووپات کردەوە بەوەی کە ئالقەیەکی سەرەکی‌یە لە نەخشەکانی زایۆنیی‌و ئەمبریالیەتدا دژی ئەتەوەی عەرەب بەگشتی‌و دژی مەسەلەی فەلەستین بەتایبەتی .

٥ ـ دەستەی سیاسی بەرز دۆخ‌وباری دەولەتان‌و پەرەسەندنی خستنەروو ، بەتایبەتی ئەوەی کە کاردەکاتە سەر نیشتمانی عەرەب‌و نەتەوەی عەرەب ، لەگەڵ چۆنیەتی ڕووبەڕوو وەستانی ئەم پەرەسەندنەدا لەمەیدانی دەولەتاندا‌و ئامۆژگاری لەباری سەبارەت بەمە بە دەزگا تایبەتی‌یەکانی هەردوو وڵاتدا .

دەستەی سیاسی بەرز بۆ نەتەوەی عەرەب دووپات دەکاتەوە کە بێ‌کۆڵدان تێدەکۆشێ بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی هەردوو وڵات لە بنیاتنانی دەولەتی یەکێتیداو لە بەکخستنەوەی حزبداو لەپێکهێنانی دیوارێك کە نەتەوەی عەرەب بپارێزێ‌و خزمەتی بەرژەوەندی تێکڕای ڕۆڵەکانی بکاو هیواکانی بگرێتەوەو بیروباوەڕەکانی بەدی‌بهێنێ‌و زەمینەیەکی پتەو بۆ تێکۆشانی لە پێناو یەکێتی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستیدا پێك بهێنێ .

دیمەشق ٣٠ـ١ـ١٩٧٩

هاوکاری‌و کۆمەڵانی خەڵك

ئێمە نێستا لە چەرخێکدا دەژین کە جیلوازی نێوان ئافرەت‌و پیاو نەماوەو کاتی ئەوە بەسەرچوە کچو کوڕ بە دوو بەشەری جیاواز دابنرێن وتێکەڵاو بوونیان قەدەغە بکرێت . هیوادارین ئەمەتان لەبیر نەچێ کاتێك کە تێکەڵاو بوونی قوتابیانی قوتابخانەکە لێك دەدەنەوە .

خۆزگە :

١ ـ قوتابیانی ئامادەیی پیشەسازیەکانی کارەبا لە هەولێر کەل‌وپەلیان دەدرایە بۆ دەرسە عەملیەکان .

٢ ـ موخەسەساتی مانگانەی قوتابیەکانی ئەو قوتابخانەیە سەری هەموو مانگێك لە کاتی خۆیدا سەرف دەکرا ، نەك لە پانزەی مانگدا یان پاش ئەوە !

وێنە : بۆ دەزگای فێرکردنی پیشەیی‌و بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە .

٣ ـ دێی قرکە نەخۆشخانەیەکی بۆ دەکراو جادەیەکی قیرتاوکراوی بۆ دەکێشراو بیرێکی ئیرتیوازی هەڵدەکەنرا تا چارەسەری کەم ئاوی پایزانی پێ بکرێ‌و ژمارەی مامۆستاکانی زیاد دەکرا .

وێنە : بۆ پارێزگای سلێمانی

٥ ـ کاتێك لە ناحیەی عەربەت هێلکەی مەسەلەحە دابەش دەکرێ ، فەرمانبەرو خەڵکی‌تر بەیەك چاو سەیر بکرانایە،و تراکتۆری وەزارەتی کشتوکاڵ وزەوی سازی بۆ جوتیارەکان دابین دەکرا، تا لە دەستی گرانجانی خاوەن تراکتۆرەکان ڕزگاریان ببوایە .

وێنە : بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی عەربەت ـ تکایە وولاممان بدەنەوە .

● کاك ئازاد صدیق سلیم ـ ئامادەیی پیشەسازی کارەبایی ـ هەولێر : ئێمە هەر لە سەر قەولی خۆمانین ، بەڵام ئەو مەسەلەیە هەروا ئاسان نیە .

سەردانەکەی سەرۆك تیتۆ

ناساند ئینجا میوانی یوگۆسلافی لەگەل بەرێز سەرۆك احمد حسن البکردا چونە شوێنی سلاوکردن‌و هەردوو سلاوی نیشتمانی یوگۆسلافی‌و عێراقی لێدراو دوایی سەرۆك تیتۆ لەگەل سەرۆك البکردا چاوی بە یاساولی شەرەفدا گێڕا کە لە فڕۆکەخانە بۆ سلاوکردن لە بەرێزی ڕیزبووبوون‌و لەوکاتەدا بۆ بەخێرهاتن‌کردنی میوانی گەورەی عیراق ٢١ گوللە توپ تەقێنرا ئینجا دوو منداڵ‌لەپێشەنگەکانی بەغدا چەپکە گوڵیان پێشکەش بە سەرۆکی یوگۆسلافی جۆزیف بروز تیتۆو سەرۆکی بەرێز احمد حسن البکر کرد.

دوای ئەوە سەرۆکی میوان تەوقەی لەگەل پێشوازی کەراندا کرد کەبریتی‌بوون لە بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیرەکان‌و کاربەدەستە گەورەکانی مەدەنی‌و عەسکەری دەولەت‌و عەمیدی دەزگای دیبلۆماسی پێگانەو لە بەغداو کارگێڕان‌و باڵوێزخانەی یوگۆسلافیا لە عیراق .

کەژاوەی هەردوو سەرۆك البکرو تیتۆ بەناو کۆمەڵێکی زۆری هاونیشتمانیەکاندا تێپەڕی کە لەملاولەولای شەقامەکاندا ڕاوەستابوون‌و ئاڵای عیراق‌و یوگۆسلافیایان دەشەکاندەوەو گوڵیان هەڵتەداو هاواریان دەکرد بە ژیانی هەردوو سەرۆك احمد حسن البکرو جۆزیف بروز تیتۆو دۆستایەتی عیراق‌و یوگۆسلافیاو بزوتنەوەی بێلایەن .

هەردوو سەرۆك البکرو تیتۆ وەڵامی سلاوی ئەوەو جەماوەریان دەدایەوە کە دروشمیان هەڵگرتبو بۆ سلاوکردن لە هەڵوێستی یوگۆسلافیای پشتگیر بە مافی عەرەب‌و مەسەلەی فەلەستین‌و بزوتنەوەی بێلایەن .

بەگەیشتنی هەردوو سەرۆك البکرو تیتۆ بەکۆشکی السلام لە لایەن دوکتور عصام عبد علی وەزیری خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی‌و سمیر عبدالوهاب ئەمبنداری گشتی پایتەخت‌و محمد حمدان پارێزگاری بەغداو ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکێتی نافرەتانی عیراق پێشوازی کران .

ئەمینداری پایتەخت کلیلی زێڕینی بەغدای پێشکەش بە سەرۆك تیتۆ کردو وتی ئەم‌سەردانە هەلە لەبەردەم بەرێزتاندا کە سەرنجی ئەودەسکەوتە گەورانە بدەن شۆڕش بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەدی هاتوون .

سەرۆك تیتۆ لە وەڵامەکەیدا سوپاسی دەربڕی‌و وتی شەرەفێکی گەورەیە ئەم‌کلیلە وەربگرم کە نیشانەی دۆستایەتی نێوانی هەردوو گەلی وڵاتانی دۆستمانە .

دوای‌ئەوە بەرێز سەرۆك احمد حسن البکر کۆشکی السلامی بەجێهێشت‌و لە لایەن میوانی گەورەوە جۆزێف بروز تیتۆو بەرێزان ئەندامانی ئەووەفدەی لەگەلیایەتی بەرێ کران .

ئەمەو ئەووەفدەی کە لەگەل سەرۆك تیتۆدایە بریتی‌یە لە بەرێزان .. برانکۆ نیکۆلیچ هەڵسوڕێنەری کاروباری سەرۆکایەتی لیژنەی مەرکەزی کۆمەڵەی شیوعیەکانی یوگۆسلاف‌و دۆمر می‌نوچ بیرج سەرۆکی سەرۆکایەتی کۆماری صربی سۆشیالیست‌و جۆزێف فۆرهۆفیش وەزیری دەرەوەو برسلاف بادۆرینا سەرۆکی مەکتەبی تایبەتی سەرۆك کۆمارو بۆدۆمیر لونکارد جێگری وەزارەتی دەرەوەو ئەمیرال یەتهۆمیر ڤیلوفیچ جێگری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی یوگۆسلافیاو سەرۆکی تەشریفاتی سەرۆکایەتی کۆمارو بلازۆ ماندیچ ڕاوێژکاری ڕۆژنامەنووسی سەرۆك تیتۆو میلفۆج مەکسیچ ڕاوێژکاری کاروباری دەرەوەو مصطفی سیف‌الدین وەزیری ناوخۆی هەرێمی کۆسۆفۆو لە بەغداش بەرێز ، ئەندریا مارینز جێگری سەرۆك وەزیرانی یوگۆسلافیاو زیفیکۆ مۆجالۆف باڵوێزی کۆماری یوگۆسلاف چونەتە پال وەفدەکە .

وەفایی‌و پاشماوە

چوارەم ـ

بەهەجری چاوەکەی مەستت دڵو دینم بەغارەت چوو
میثالی (شێخی صەنعانی) خەریکی دەیرو زوننارم

پێنجەم

دوێنی زولفەکانت ناردبوو تا ڕێ لە من بگرن
دەخیلتبم وەرە لێیان گەڕێ مەشکێنە بازاڕم

شەشەم

غەریب‌و بێ‌نەواوو بێکەس‌و مەحزون و سەرگەردان
بەجێنی حەلقەیی زولفوسیاهی تۆ پەریشانم

هەشتەم

سەرو مالم بە قوربانی پیالەی چاوەکەی مەستت
وەرە خێرت دەگا بێ بمکوژە لەم عومرە بیزارم

بەڵام ئەم (بەیت) ە لە شعرەکەی عەلی عاشق‌دا هەیە لەو شعرە بڵاوکراوەدا نەنووسراوە .

نەخۆشێکم بەبێ دیداری تۆ من شیفام نابێ
مەگەر عیسایی مەریەم بێ بکا دەرمانی ئازارم

ئەم بەرچاو خستنەم بۆ زیادتر ڕوون‌کردنەوەیە هیوادارم بە ڕاستی بەدەستی بێنین ڕێزم بۆ کاك محمەد کەبەڕاستی خەریکی خۆماندوو کردنە بۆ بوژاندنەوەی بەرهەمو ژیانی شاعرە کانمان هیوادارم وبنەیان زیاد بێت .

١ـ بەداخەوە ژمارەی ڕۆژنامەکەم نەنووسیوە لە کاتی خوێندا ئەوەندە ئەزانم لە ڕۆژنامەی ژین ساڵی ١٩٥٥ دەرم هێناوە لەگەل چەند شاعیرێکی تردا .

٢ ـ نوسراوبوو .

لەعاستی ئەم دێرەدا سوابوەوە ، بەوم نەخوێنرابەوە ....

چەسپاندنی تازەکردنەوەی مولکیەتی خانوویەك بۆ ژانینی بریار

بەپێی چەسپاندنی مولکیەتی خانووی زنجیرە ٢٤٠ گەڕەکی قەڵا بۆ داواکاری تۆمارکردن‌احمد خضر احمدو بەپێی بریاری چەسپاندنی مولکیەتەکەکە لە ڕۆژی ٢٣ـ١١ـ١٩٧٨ دیاری کراو لەم دەزگایەوەدەرچووە ، وا ئەم بریارە دەرئەکەین و ئەوکەسەی بەم بریارە رازی نابێت‌و [اعتراض] ی هەیە بچێت بۆ دادگای تایبەتی داواکارەکەی سەرلەنوێ تازەبکاتەوە ، لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دووەم ڕۆژی باڵاوکردنەوەی ئەم بۆزانینەوەکاتێ ماوەکەی تەواو ئەبێت دادگاش‌هیچ ئاگاداریەك نەنێرێت بۆ داواکارەکە لەو ماوەیەی کەواباسی لێکراوە ، ئەم دەزگایە دەست ئەکات بەتۆمارکردنی بەپێی بریاری چەسپاندنی مولکیەتەکە .

قاسم عزت نادر
چاودێری دەزگای تۆمارکردنی عەقاری لە کویسنجق

Institut Kurde de Paris

سەرزەمین :

بەرەو سەردەمی بەستەڵەک یان .. گەرما و .. وشک بوونەوە

ئەو شەپۆلی سەرما و بەفر بارینەی لە سەرەتای ئەم ساڵەدا دەست پێکردنی زستاندا ئەوروپاو چەند شوێنێکی تری جیهانی گرتەوە وای کرد کە هەندێ زستانی ئەمساڵ بەتوشرو سەخت ناو بەرن . هەر لەوڵاتی خۆماندا ، بەپێی ئەو راپورتانەی ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە ، بەفر لە شارەکانی ناوچەی کوردستانی عیراقدا ، تارادەیەك باری ژیانی گەلی هاتوچۆی هەندێ شوێنی گران کرد .

خۆ لە ئەوروپاو بە تەواوی لە لەندن تۆفانو بەستەڵەکی دوای بەفر بارین ١٣٢ کەسی ڕەق کردەوە ، ئەم تۆفانەو بەدوایدا بەستەڵەکو سەرما لە سەرووی ئەوروپاوە بەرەو ناوەراستی هاتو لەسەرووی ئاسیاوە بەرەو ناوەراستی کشا .

ئەم بەفر بارینە کوتوپڕیەو لەسەرەتای وەرزی زستانداو بەدو یدا سەرماو سوڵە سەختەکەی وای کرد زانایانو شارەزایان لەرووی زانستی سرۆشت ئاوو هەواوە بکەونە لێکۆڵینەوەی ئەوەی تۆ بڵێی ئەم گۆڕانە لەناوو هەوادا بەرەو نەوە نەچێ زەمین بەرەو سەردەمی بەستەڵەک بڕوات ؟!

هەر چەند . ئەم شارەزایانە تا ئیستا نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێکی زانستی بەڵام سەرەتا ئەوەیان راگەیانەوە کە ئەم گۆڕانە کوتو پڕییە لە ناوو هەوادا هوی هەیەو بێگومان لە دوایشدا ئەنجامی دیاری دەبێ .

زیاتر .....

بەرەو بەستەڵەك !

هەرچۆنی بێ ساغبۆتەوە لەماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا گۆڕانی بەسەر زەمیندا لەرووی سروشتو ئاوو هەواوە پەیدا بوە ، جا ئایا بەرەو سەرمایە یان بەرەو گەرما ؟!

یەکێ لە شارەزاکان لەو قەناعەتەدایە زەمین چۆتە قۆناخی ئاوو هەوای ساردیەوە . چۆن ؟

ـ پلەی گەرمایی سەرزەمین لە ساڵی ١٩٥٩وە تا ئیستا تیوەی کەم بۆتەوە !

ـ پانای داپوشراو بە بەفر لەسەر زەمین لەسەدا ١٢ زیادی کردوە .

ـ کارەساتی سرۆشتی زۆر لە نەفەریقاو ئاسیا روویان داوەو بۆنەتە هوی سەرماو سۆڵەیەکی ترسێنەرو ڕۆژانی سایەقەو ساماڵی کەم کردۆتەوە .

«باکوری»ی هوندرمەندو گۆرانی و مۆسیقاوکەلەپوور

لە لێدوانێکی هونەریدا کە سەبارەت بە بزووتنەوەی مۆسیقاو گۆرانی کوردیو هەنگاوەکانی بوو مامۆستا « باکووری » وتی :

+ نەتەوەی کورد لەسەر سەرچاوەی فۆلکلۆرو بابەتی کوردەواریەوە ، ئەتوانم بڵێم خاوەنی زەخیرەیەکی دەوڵەمەند گران بەهایە کە هونەرمەندە هاوچاخەکانی ئەمڕۆ پێویستە بەم لایەنە فراوانەدا بچنەوە بە مەبەستی پەرەپێدان هونەری کوردی ، ئەگەر لە نزیکەوە گوێ لەبەرهەمی هونەریمان بگرین، بۆنی بابەتەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری لێدێ ، وەکو ڕەنگدانەوەیەك خوونەریتی کۆمەڵایەتی روون ئەبێتەوەو پیشە خۆماڵیەکانی چەشنی ساوارکوتینو دروینەو مەشکەژێنی دەرخستوە .. شتێکی زۆر سروشتییە ئەگەر ئەم ئاوازو گۆرانییە ڕەسەنانە بکرێن بە سەرچاوەی داهێنان، بەڵام بە مەرجێك ئاگیانە زیندوەکەی خۆی لەکیس نەداو بە شێوەیەکی هونەری نوێو لەسەر بناغەیەکی زانستی هەوڵی تازەکردنەوەیان بدرێ بۆ ئەوەی گوێگری ئەم سەردەمە لە چەشنەی بەرهەمە تازەکان نزیك بێتەوە .

● **سەبارەت بە هەندێ بەرهەمی هونەری ئەم دواییە دواوتی :**

+ سەرەڕای هەمو تواناو هیلاکی یەك کەلەلایەن هونەرمەندو تیپە هونەریەکانەوە پێشکەش بە کتێبخانەی گۆرانیو مۆسیقای کوردی کراوە ، هێشتا زۆر بەرهەمی کرچو کاڵ بڵاو دەکرێنەوە بۆیە زۆر جار گوێگری کورد لە زۆر بەرهەمی هونەری فارسی ئەنوێنێو هیچ چەشنەیەك لەمو بەرهەمانە وەرناگرێ .. وە بەلای منەوە بەربرسیاری لە ئەستۆی هونەرمەندەکان خۆیاندایە نەك خەڵك ، چونکە خەڵك هیچ دوژمنایەتیەکی لەگەل هونەرمەندا نیە، بەڵام ئەگەر بەرهەمەکانی لەگەل باری ئێستاو دەروونی زۆربەی کۆمەڵان نەبو ، ئەوا دەبێتە مایەی ڕەت کردنەوە

ـ شیرزاد ـ

پەراوێز

بۆچی ؟!

نیگارکێشەکانیش بیرو ئەندێشەو ووردە ڕازوهەستو نەستی خۆیان تەنگیان پێهەڵدەچنێو بەرهەمەکانیان دەبێتە تابلۆ .. نەخشە .. چەند وێنەو ڕەنگو ..... هتد . ئەو ئەرکەتۆمار دەکرێو وەنجەکەش نیشانی جەماوەر دەدرێ ، بەڵام زۆر جار هونەرمەندەکە بە نادیاری دەمێنێتەوە ..! . بۆ نموونە وێنەی بەرگی دوایی ژمارە (٥٢)ی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان تابلۆی کام هونەرمەندە ؟ ئەی وێنەی یەکەمی بەرگی ژمارە (٥٣)ی هەمان گۆڤار هی کام هونەرمەندە ؟ گۆڤاری بەیان ـیش ئەگەرچی ناوی خاوەنی ئەو تابلۆیانە تۆمار دەکات لە بەرگی دوایدا ، بەڵام ئەگەر ناوی ئەو هونەرمەندەش تۆمار بکات کە نەخشەکانی ناوەوەی گۆڤارەکەی کێشاوە ئەوە باشتر . ئەمە بۆچی؟! بەو هیوایەین ئیتر ئەم جۆرە شتانە دووبارە نەبنەوە. ئەوانیش ڕەنجیان داوە ! .

م . ع

ڕێ ڕەو

هەموو بنیاتنانێك ، گەرمەو خوێنی خەڵکی هەیە ، هەموو بنیاتنانێك ، لە پێکردنەوەو دەربڕینەوە ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە کە لە بەرهەمی ناوندیەکانیەوە دەردەکەوێ .

هاوین عەدنان سەعید

لەناوبردنی نەخوێندەواری دەوری ئافرەت لە کۆمەڵی سۆشیالیستیدا دەچەسپێنێ

هونەرمەند : عەلی جۆزە

لێرەو لەوێ

پێشانگای هونەرمەندیکی ژاپۆنی لە بەغدا

سەرەتای مانگی شوباتی داهاتو لە هۆڵی موزەخانەی نیشتمانی بۆ هونەری نوێ ، پێشانگای « کاکا هاشی » هونەرمەندی ژاپونی دەکرێتەوەو نزیکەی یەك هەفتە دەخایەنێو ٣٥ تابلۆی تیا پیشان دەدرێ کە بریتی دەبن لە دیمەنی سروشتی . ئەوەی شایانی باسە ئەمە چوارەم پیشانگای ئەم هونەرمەندەیە لە بەغدا بکرێتەوە .

نەمرێو ... ئەژێتەوە .. !

ئەکتەری کومیدی فەرەنسایی « پیتر سیلرز » فلمێکی تازەی کۆمیدی تەواوکردوتاو نیشانی فیلمەکە « نەعلەتی پلنگی پەمەلیا»یە ، سیلرز دەوری پولیسێکی گەمژە دەبینێ ، لەکارەساتێکداخۆی بە مردو دادەنێو ئەو کابرایەی لێبرسراو دەبێ لە لێکۆڵینەوەی هوی مردنەکەی، لەکۆتایی فیلمەکەدا شێت دەبێ ، چونکە بۆی دەردەکەوێ لەگەل یەکێکدا خەریکی لێکۆڵینەوەیە کە مردوەکە خۆیەتی !!

فلیمێکی سینەمایی دەربارەی ژیانی تولستوی ...

دەرهێنەری ئیتالیایی « ئیرمانو ئولمی » خەریکی ئامادەکردنی فلیمێکە دەربارەی ژیانی ڕۆمان نوسی ڕووسی لیوتولستوی ، ئولمی ئەچێ بۆ یەکێتی سوفیەتو ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە تا بە تەواوی لەو وەزعە ئاگادار بێ کە ڕۆمان نووسی مەزن تیادەژیا . بە تایبەتی ئەوگوندەی تۆلستوی ژیانی تیا بەسەر برد .

لە دەرەوەی سنوور

هەوالی هونەر :

٧ گۆرانی ڕەنگاوڕەنگی کوردی بۆ تەلەفزیون

لەم دواییەدا هونەرمەندان کەریم خەمزەیی و دارا محمد حەوت گۆرانی ڕەنگاو ڕەنگیان بۆ تەلەفزیونی تامیم تۆمارکردو گۆرانیەکانی بریتین لە ئاوازو گۆرانیە فولکلوریە کوردیەکان بەشێوەیەکی نوێو هونەری تۆمارکراون .

نوتێلیکو یەك .. ملیون ژور !!

گەورەترین ئوتێل لە جیهاندا ، بریتی دەبێ لە ٢٠٠ قاتو جێگای یەك ملیون ژوری تیا دەبێ ، ئەم ئوتێلە لەناوجەرگەی شاری توکیودا دەبێو هەموو ڕۆژی ئامادەدەبێ یەك ملیون خەڵکی تێبچێ . بەڵام سەیر لەوەدایە ، تائیستا لەوەناچی یەك ملیون کەس لە ڕۆژێکدا بچنە ئوتێلێك..! هەرچۆنی بێ بریارە لە ساڵی ١٩٨١دا ئەم ئوتێلە بکرێتەوەو ناوی « های توکیو »ی لێ دەنرێ !

چاپکراوی نوێ

ئۆتۆنۆمی

ژمارە (١)ی چوارەم ساڵی گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی) کە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان دەری دەکا ، لەم دواییەدا دەرچوو ، بێجگە لە چالاکیەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و هەردوو ئەنجومەنی ڕابەرانەو یاسادانانی ناوچەی کوردستان لەم ژمارەیەدا چەند باسێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەکەڵك بڵاوکراوەتەوە .

گۆی بەند

کۆمەڵە شیعریکی شاعیری لاو (حسین بەفرین)ە و لەم دواییەدا دەرچووەو بریتییە لە ٤٢ لاپەڕەی قەوارە بچوك و هەڵبژاردەی بەرهەمی شاعیرە لە ناوەراستی ساڵانی شەستەوە .

نامەی پیرۆزبایی

● **خوشکی بچکۆلەمانو هاوڕێی « جیهانی منداڵان » سعدیە محمود لە سلیمانی ، کارتێکی پیرۆزبایی و ئەم وشە شیرینانەی بۆنا ردوین :**

دەستەی بەڕێوەبەرانی گۆشەی منداڵان ڕۆژباش

من منداڵێکی گەلەکەتانم ، تەمەنم ٩ ساڵە لەپۆلی سێی سەرەتایم ، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم پیرۆزبایی ستا لەکەی خۆمتان لێبێ هەروەها پیرۆزبایی لە هەمو منداڵانی گەلە خۆشەویستەکەمو ولاتەکەمو هەمو منداڵانی جیهان دەکەم.

هیواکانم

ـ سەربەرزی گەلەکەم لە هەمو شوێنێکدا .

ـ ڕاست گویی .

ـ خوێندنەوەی « هاوکاری »و چیرۆکی منداڵان .

جیهانی منداڵان :

خوشکە بچکۆلە ئازیزەکەمان ، سوپاس بۆتۆو وشە ناسکو شیرینەکانت ، هیواداری بەدیهێنانی هیواکانت دەخوازین . ئێمە پیرۆزبایی ساڵی منداڵان لەتۆو هەموو جگەر گۆشەیەکی گەلەکەمان دەکەین .

جگەر گۆشە ئازیزەکان :

ڕۆژەکانی ژیانتان ڕووناك بێ ، بۆ ئەوەی شتەو کە دەست دەکەنە مل خەوی خۆش ، لەگەل فریشتەی خۆشەویستیو هیوا دەست لەمل یەك بکەنو خەونی ڕەنگاو ڕەنگی بەختیاری ببینن ... ئەم ساڵەی کە ساڵی دەربڕینی خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی سەر زەمینە بۆ ئێوەی خۆشەویست ئومید دەکەین ساڵی کارکردن بێ بۆ بەختەوەری ئێوە لە پاشەڕۆژدا کە گەورە دەبن ، سەر زەمین ، زەمینی کارو بنیات نانی زیاتر بێ ... بۆ بەختیاری هەموو مرۆڤایەتیو ئەو منداڵانەی دوای ئێوە دێن .

● وشەی ڕەنگاوڕەنگ ●

١٩٧٩ ساڵی جیهانی منداڵان

International Year of the Child 1979

شیعری بۆ منداڵان

ـ لەتیف هەلمەت ـ

باخچەی فێرگە فراوانە
پڕلە گوڵی گەش و جوانە
شەپۆلی بۆنی خۆشی گوڵ
شادی دەبەخشێ بەهەڵ
بەپوولەی باڵ ڕەنگاو ڕەنگ
هەڵدەفڕن بەبێ دەنگ
مێشەنگی شاباڵ زێڕین
ئەمژن گوڵی دەم شیرین
شیلە دەکەن بەهەنگوین
ئێمەش قوتابی زیرین
لەفێرگەدا فێر دەبین
بەسەرەو. هونەرو زانین
مامۆستا فێرمان دەکات
چۆن هەموو کات لەدوای کات
بە چالاکی تێبکۆشین
بۆبەختیاری و بۆ خۆشی ژین..
هەرچی کەسێ تێنە کۆشێ
هەرگیز خۆشی نانۆشێ...!

Institut Kurde de Paris